لە هاوێنەی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانەوە

# حیزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری بناسن!

ئابی ٢٠٢٣

له هاوێنەی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانەوە

# حیزب و
# کۆمۆنیزمی کرێکاری
# بناسن!

له هاوێنەی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانەوە

**حیزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری بناسن!**

---

له بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

تیراژ: ٥٠٠ دانه

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢٣

# ناوەڕۆک


- پێشەکییەکی کورت .................................................. ١
- کرێکاران و سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی ............. ٢
- شۆڕشی کرێکاری، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا،
سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ............................................ ١٤
- دیموکراسی و حکومەتی شورایی ................................٤٤
- نیشتمانپەروەری، ناسیۆنالیزم، مەسەلەی
نەتەوایەتی و فیدراڵیزم ........................................... ٥٢
- بیروباوەڕی ئایینی و ئیسلام .................................... ٦٦
- مافی مرۆڤ و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ......................... ٧٩
- ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی ...................................... ٨٧
- یەکسانی ژن و پیاو و فیمینیزم ................................ ٩١
- هاوسەرگیری، مافەکانی منداڵان، ژینگە،
سزای لەسێدارەدان و هێزی چەکداری پیشەیی ............ ٩٨
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:
ئامانج و سیاسەتەکانی ............................................. ١١١

# پێشەکییەکی کورت:

**خوێنەری بەڕێز:**

ئامانجی ئەم نامیلکەیە ناساندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و دیدگا و ئامانج و سیاسەتەکانیەتی، لە ڕێگای وەڵامدانەوە بە کۆمەڵێک پرسیارەوە کە لە مەیدانی جۆراوجۆر و لە بۆنەی جۆراوجۆردا ڕووبەڕووی کادران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کراونەتەوە. پرسیارەکان لەلایەن ژمارەیەک لە کادرانی حیزبەوە وەڵامدراونەتەوە. مەبەستمان بووە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت و بە زمانێکی سادە و لە چوارچێوەی سیاسەتە پەسەندکراوەکانی حیزبدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرپرسیارێتی وەڵامەکان لە ئەستۆی ئەو هاوڕێیانەدایە کە وەڵامیان داونەتەوە. ئەمە بەتایبەتیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕاستە کە بوونەتە هۆی وروژاندنی هەندێ مەسەلەی سیاسی و تیۆری کە هیچ پەسەندکراوێکی حیزبی لەبارەیانەوە نییە، نەک هەر ئەمە بگرە لە ئەدەبیاتی تائێستای حیزبدا ڕەنگە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەوترابێ. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە وەڵامدانەوەی بەشێک لە پرسیارەکان قسەوباس و مشتومڕی زیاتری فکری و تیۆری دەخوازێت، بەڵام بۆ پابەندبوون بە ئامانجی نامیلکەکەوە هەوڵدراوە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت بن. شەنوکەو و وەڵامی تێروتەسەلی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە دەرەوەی ئامانجی ئەم نامیلکەیەوە و دەبێ لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەنجام بدرێن.

بێگومان ئەم کارەمان بێ کەموکوڕی نییە. ئێمە بەگەرمی پێشوازی لە ڕەخنە و سەرنج و پێشنیارەکانی ئێوە دەکەین، کە بێشک بەسوود دەبن بۆ کارکانی ئایندەمان. ئومێدەوارین کە ئەم نامیلکەیە توانیبێتی ئامانجەکەی بپێکێ و وەڵامی ڕۆشنی بە پرسیارەکانتان دابێتەوە.

**لیژنەی ئامادەکار/ ئابی ٢٠٢٣**
**(سەعید ئەحمەد، هێور دلێر، جەمال موحسن، خەسرەو سایە)**

# کرێکاران و سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی

**١/ ئێوە حیزبەکەتان بە حیزبی چینی کرێکار لە کوردستان دەزانن، لە کاتێکدا نەیارەکانتان دەڵێن کوردستان کۆمەڵگە یەکی سەرمایەداریی پێشکەوتوو نییە و زیاتر لەوەی کە کۆمەڵگە یەکی بەرهەمهێن بێت بەکاربەرە، بەم پێیەش چینی کرێکار تیایدا چینێکی گەورە و کاریگەر نییە. ڕای ئێوە چییە لەسەر ئەم بۆچوونە؟**

**خەسرەو سایە:** سەرەتا ئەوە بڵێین ئەو بۆچوونەی کە لە پشتی ئەم پرسیارەوە ڕاوەستاوە، ڕوانگەیەکی باو دەخاتە ڕوو کە سەرمایەداری و چینی کرێکار لە گەشەی تەکنۆلۆژیا و ژمارەی کارخانە و کرێکاراندا دەبینێ، نەک وەک پەیوەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە یاساکانی بەرهەمهێنان و خەباتی چینایەتی لە نێوان کار و سەرمایە، چینی بۆرژوازی و کرێکاردا دادەنێت. تێڕوانینی ئێمە بۆ ڕۆڵ و پێگەی چینی کرێکار لە ڕووی ژمارە و پێشکەوتنی ئاستی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازییەوە نییە، بەوجۆرەی لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەورووپادا بەرچاوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جێگەوڕێگەی ئەم چینە لە کۆمەڵگە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، کە تێیدا کرێکاران هێزی کاری خۆیان بە سەرمایەداران دەفرۆشن و بەم پێیەش وەک چینێکی تاسەر شۆڕشگێڕ دەکەونە بەرامبەر سەرمایەوە. لە پەیوەندییەکی ئاوادا چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی، هێز و جوڵانەوەیەکی دژی سەرمایەدارییە و ناچارە ئەم سیستمە و دەسەڵاتەکەی لە ڕیشەوە بگۆڕێت. بە واتایەکی تر چینی کرێکار نەک هەر هێزێکی بنەڕەتییە لە دژی پەیوەندیەکانی کار و سەرمایە، بەڵکو ئەرکی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە هەرجۆرە ستەم و جیاکاری و ناعەدالەتیەک دەکەوێتە سەرشانی. واتە کرێکار بەرژەوەندی لە نەمانی

هەموو جۆرەکانی ستەم و نایەکسانیەکدایە و تا کۆمەڵگەش ڕزگار نەکات خۆی ڕزگاری نابێت.

بەدڵنیاییەوە کوردستان ئاستی پیشەسازی تێیدا زۆر پەرەی نەسەندووە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریە. ئەمەش بەو مانایەی کە شێوازی زاڵ بەسەر ئابووری کوردستاندا بەرهەمهێنانی کاڵاییە، لەوانەش هێزی کار بۆتە کاڵا و لە بازاڕدا لە لایەن خاوەنکار و سەرمایەدارانەوە دەکڕدرێ. کرێکارانیش بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن. بە چاوگێڕانێکی خێرا بە بازاڕەکانی کوردستاندا، بە ملیۆنەها کاڵای جۆراوجۆری دەرەکی و ناوخۆیی دەبینرێت کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. لەلایەکی ترەوە ئێمە شاهیدی هەڵتۆقینی زیاتر لە ٣٠ هەزار کۆمپانیای دەرەکی و ناوخۆیین کە لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت و چیمەنتۆ و گەچ و مەوادی تری ژێرزەمینی و لە بوارەکانی گەیاندن، کشتوکاڵ و بازرگانی و خزمەتگوزاریەکاندا کاردەکەن. وە لەپاڵ ئەمانەشدا هەبوونی سەدان کارگەی گەورە و بچوک و مامناوەند، کە بە هەموویان سەدان هەزار کرێکار بەکرێ کاری تێدا دەکەن، هەموو ئەمانە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە کۆمەڵگەی کوردستان سەرمایەداریە و بەپێی ئەو جێگەوڕێگەیەی کە لە بەرهەمهێناندا هەیەتی، وەزنە و سەنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

بێگومان سەرهەڵدانی سەرمایەداری و چینی کرێکار لە کوردستاندا تازەیە و تەمەنێکی زۆری نییە. ئەم جۆرە لە سەرمایەداری، کە لە ژێر کارکردەکانی سەرمایەی مۆنۆپۆلی جیهانیدا سەری هەڵداوە، لەڕووی یاسا گشتیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیەوە، بەپێی هەمان ئەو یاسایە کاردەکات کە لە وڵاتانی پێشکەوتودا هەیە. بەڵام جێگەوڕێگەی بازاڕی کوردستان لە کاردابەشکردنی بازاڕی جیهانیدا، وەک بەرهەمهێنی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەوی، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی سەرمایە و چینی کرێکار و ئاستی بەرهەمهێنان و بەکاربردن دیاریکردووە. بەڵام بەم ڕاستیەشەوە ئەگەر ڕێژەی هێزی کارکردووان کە لەبوارەکانی بەرهەمهێنان، بازرگانی، کەرتی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردن و

هەموو بووارە کۆمەڵایەتیەکانی تردا کاردەکەن بەراوردبکەین لەگەڵ ئەو ڕێژەیە لەدانیشتوان کە ئامادەن بۆ کارکردن ئەوا زۆرینەیان کرێکارن و لە ڕێگەی فرۆشتنی هێزی کاری خۆیانەوە ژیانیان دابیندەکەن. بەمەش کرێکارانی کوردستان وەک چینێکی کۆمەڵایەتی زۆرینە پێکدەهێنن و سەنگ و قورساییەکی گەورەیان هەیە هەم لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە و هەم لەڕووی پێگەی ئابووریەوە. لەپاڵ ئەمانەدا، لاوازبوونی ڕۆڵی گوندەکان و کۆچی جوتیاران بۆ شارەکان دەبینین. زیادبوونی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان و سەرهەڵدانی دانیشتوانێکی فراوان کە ئامادەی کارن ڕوون و بەرچاوە. هاوکات دەبینین کە ژمارەی بێکاری و لەشکری بێکاران، کە ئەوانیش ئامادەی کارن، ڕوو لە هەڵکشانە (وەک ئەوەی خودی حکومەتی هەرێم دانی پێداناوە کە ڕێژەی بێکاری لە١٣ بۆ ١٥٪ پێکدەهێنێت). ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە چینی کرێکار لە کوردستان تەنانەت لەڕووی ژمارەشەوە لە چاو چین و توێژەکانی تردا زۆرترە و قورساییەکی گەورەی هەیە و ئەگەر لە ڕیزێکی سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێرانەدا یەکگرتوو و ڕێکخراو بێت، ئەو توانایەی هەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بەرێت و کۆتاییش بە هەرجۆرە ستەم و نابەرابەرییەک بهێنێت.

**٢/ بۆچی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی ئەو پێگە گرنگەی لە سیستەمی بیرکردنەوەی مارکسیستەکاندا هەیە لە کاتێکدا کێشەی گەورەی دیکەش لە کۆمەڵگەدا هەن؟**

**ئیبراهیم حسێن:** خەباتی چینایەتی و چینەکان داهێنراوی مارکس نین بەڵکو بە دروست بوونی کۆمەڵگەی چینایەتی و چەوسانەوە، بە ناچاری سەرهەڵدەدات. لەو ڕۆژەوەی کە موڵکداریێتی تایبەتی دێتە بوون و مرۆڤەکان لە تەقەلای ناچاری خۆیاندا بۆ مانەوە و بەرهەمهێنانەوەی خۆیاندا دەکەونە جێگەوڕێگەی جیاوازەوە، لەو ڕۆژەوەی کەسانێک زێدە بەرهەمی کاری خەڵکانی تر دەست بەسەردا دەگرن و ئەوانی تر ناچاردەبن کار بۆ

کەمایەتیەک بکەن، ئەم جەنگ و خەباتە چینایەتیەش دەستپێدەکات. بە مانەیەکی تر لەو ڕۆژەوەی چەوسانەوە دەست پێدەکات، بەرگری لەبەرامبەر چەوسانەوە و خەبات بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەش دەستپێدەکات. ئیتر مێژووی کۆمەڵگەکان دەبێتە مێژووی ئەم خەبات و کێشمەکێشە چینایەتیە کە هەندێک جار ئاشکرا و هەندێک جار شاراوە بەڵام بێوەستان لەنێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکاندا لەئارادایە، کێشمەکێشێک کە دینامیزم و مۆتۆڕی هەر ئاڵگۆڕێکە لە مێژوودا.

بۆ مارکس مێژوو زنجیرە ڕوداوێکی هەڵکەوت نییە کە تەنیا لەویست و ئیرادەی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵکو مێژوو قانومەندیەکی بنەڕەتی هەیە کە پەیڕەوی لێدەکات ئەویش ئەوەیە مرۆڤەکان لە هەوڵی ناچاری خۆیاندا بۆ مانەوە کۆمەڵە پەیوەندیەک لەنێو خۆیاندا درووست دەکەن کە ئەوان دەخاتە جێگە و پێگەی جیاوازەوە لە بەرهەمهێناندا. یەکێک دەگۆڕێت بە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەوانی تر لە موڵکایەتی دادەماڵێت و دەیانکات بە دوو چینی جیاواز. ئەم جێگەوڕێگە چینایەتیە جیاوازە لە بەرهەمهێناندا مرۆڤەکان دەکێشێتە ناو کێشمەکێشێکی بەردەوام و نەپساوە و لەڕێگەی ئەم کێشمەکێش و خەباتە چینایەتیەوە ئەم ناکۆکیە ژێربینایی و ماددیانەی کە ئەوانی کێشاوەتە بەرامبەرکێ و کێشمەکێشەوە، یەکلا دەکەنەوە و کۆمەڵگە لە شێوەیەکی دیاریکراو و قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕن. ئەم خەباتە چینایەتیە کە شتێک نییە جگە لە پراتیکی ئاڵوگۆڕبەخشی مرۆڤ، بابەتی سەرەکی و مۆتورِی مێژووە.

سەرمایەداری شێوەیەکی دیاریکراوی چەوسانەوەیە کە تیایدا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هێزی کاری مرۆڤ دەگۆڕێت بە کاڵا. پرۆلیتاریایەک دروست دەبێت کە هەم "ئازادە" و هەم ناچارە هێزی کاری خۆی بۆ دابینکردنی ژیان و مانەوە بفرۆشێت بە سەرمایەدار و بیخاتە خزمەتی سەرمایە و زێدەبایی بەرهەمبهێنێت. زێدەباییەک کە هیچ نییە جگە لەو زیادە بەرهەمەی کە هێزی زیندوی کرێکار دەیخوڵقێنێت و لە شێوەی دەریایەک لە سەروەت و سامان و بەرهەمی کۆمەڵایەتی، دەگۆڕێت بە سەرمایە لە شێوەی کاڵا و پارە و

هۆیەکانی بەرهەمهێنان و لە لایەن چینی دەسەڵاتداری ئەم سەردەمە دەستی بەسەردا دەگیرێت. شێوازی ژیانی ئەمڕۆی ئینسانەکان ئەم شێوە دیاریکراوەی چەوسانەوەیەیە، واتە کۆیلایەتی کاری کرێگرتە کە بناغەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئەمڕۆیە. نەهێشتن و هەڵپێچانی ئەم شێوەیەی چەوسانەوە کە بە ناچاری داواکاری و خواستی سەرەکی چینی کرێکارە، بە مانای نەمانی ئەو جۆرە پەیوەندی و شێوەیەی چەوسانەوەیە کە ئازادی بە مانا واقیعیەکەی لە زۆرینە داماڵیوە. بەم پێیە خەبات و کێشمەکێشی سەرەکی لەم سەردەمەی سەرمایەداریدا، کێشمەکێش و خەباتی چینایەتی دوو بەرەیە کە شارەگی ئەم سیستەمە پێکدەهێنن کە بۆرژوازی و پرۆلیتاریان، دوو چینی کۆمەڵایەتی کە سەرمایەداری بەبێ بوونی ئەو دوو پێکهاتەیە بوونی نییە.

بۆ مارکس پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی ئینسانەکان، نەک ڕەوتی خۆبەخۆیی مێژوو یان ئەوەی کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان چەند و چۆن گەشەیان کردووە، فاکتەری چارەنوسسازی ئاڵوگۆڕە. بەو پێیە ئەگەر سەرمایەداری هەیە و پرۆلیتاریا هەیە و چەوسانەوە هەیە ئەوا بە ناچاری خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاش بۆ ڕزگاری لە سەرمایە و هەڵپێچانی سەرمایەداری، مۆتۆڕی سەرەکی گۆڕانکاری، بێوچان و بەردەوام لە مەیداندایە. بە قەولی مارکس سەرمایە لەگەڵ خۆیدا گۆڕهەڵکەنانی خۆشی واتە پرۆلیتاریاش دێنێتە بوون. نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەگەر ئەوە لە مارکس قبووڵ بکەین کە سەرچاوە و هۆکاری جەنگ و ستەم و جیاکاری و هەموو دەرد و مەینەتیەکانی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی بەشەری بە کۆیلایەتی کاری بەکرێ و دەسەڵاتی سەرمایە و موڵکایەتی بۆرژوایی بزانین، ئەو کات خەباتی پرۆلیتاریا بۆ هەڵپێچانی موڵکایەتی بۆرژوایی و کاری بەکرێ، دەبێتە مۆتۆڕی مێژووی ئەم سەردەمە و دەگۆڕێت بەشێوەی سەرەکی خەباتی مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆ ئازادی و خۆشبەختی و ڕزگاربوون لە شێوەی چینایەتی ژیان. لێرەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی مەسەلەی خەباتی چینایەتی وەک بنەما و پێگەی سەرەکی بۆ لێکدانەوە و خەباتمان لەپێناو بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی

شۆڕشگێرانە و ڕیشەیی وەرگرتووە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بۆ هەر دیاردە و مەسەلەیەکی تری نێو کۆمەڵگە دەڕوانین.
بە واتایەکی تر کێشەی تری وەک ستەمی میللی و ستەم لەسەر ژنان، کێشەی ژینگە، کاری منداڵان و بێمافیەکانیان، مەسەلەی ئازادی و مافە فەردیەکان و چەندین کێشەی تر دەرکەوتەی هەمان سیستمی سەرمایەداری ئەمڕۆن، کە دەبنە سەرچاوەی سەرهەڵدانی جوڵانەوەی دیاریکراو، بە ئامانجی هەڵگرتنی ئەم جۆرە ستەمانە. کۆمەڵە جوڵانەوەیەکی دیاری کراو بە کۆمەڵە ئامانجێکی بەرتەسک و دیاریکراوەوە بەبێ ئەوەی کێشەیان لەگەڵ خودی چەوسانەوەی چینایەتی ئەمڕۆ هەبێت. پرۆلیتاریا بۆ ڕزگاری دەبێت ڕیشەی بوونی خۆی وەک کرێکار هەڵبکەنێت. واتە ئەو ڕیشەیە هەڵبکەنێت کە سەرچاوەی دابەشبوونی کۆمەڵگەیە بە چینەکان. واتە دەبێت کاری بەکرێ و خاوەندارێتی بۆرژوایی هەڵوەشێنێتەوە و بەمەش ئەو شتە کۆتایی پێدێنێت کە سەرچاوەی بێمافی سیاسی و ئابووری و هەموو جۆرە ستەمەکانی ترە. بەم مانایە پرۆلیتاریا لەگەڵ خۆیدا هەمووان ئازاد دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە کۆمۆنیستەکان گرنگی کەمتر بەو کێشە و ستەمە جیاجیانە بدەین یاخود لە تێکۆشان و خەباتی ڕۆژانەماندا جێگەیان نەبێت. بە پێچەوانەوە ئێمە پێمان وایە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک و هەر باش بوون و ڕیفۆرمێک لە هەر یەکێک لەو بوارانەدا بەشێکن لە خەباتی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان. ئەمانەش لە ڕێڕەوی خەباتێکی قوڵتر و ڕیشەییتری چینایەتیدا ئەچێتە بۆتەی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی بنچینەیی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریاوە بۆ ڕزگارکردنی یەکجارەکی کۆمەڵگە.

**٣/ لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا کێبڕکێ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە داهێنان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بەرهەمهێنان و پێشبڕکێ بۆ داهێنانی باشتری پێداویستیەکانی مرۆڤ (هەڵبەتە لە پێناو قازانجدا). لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا کە بڕیارە نە سەرمایە و نە بازاڕی ئازاد و نە کێبڕکێ هەبێت، چ میکانیزمێک جێگەی ئەمانە دەگرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن**

ڕانەوەستێ؟

**ئیبراهیم حسێن:** ئەوەی کە کێبڕکێ تاقە سەرچاوە و پاڵنەری داهێنانەکانی مرۆڤ بێت بۆ باشترکردنی بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ ئیددیعایەکی پوچە و بەشێکە لە میکانیزمی بازاڕ و تاکپەرستیی بۆرژوایی. ئامانج لێی ئەوەیە درندایەتیەک کە لە سروشتی کۆمەڵگەی چینایەتی ئەمڕۆدایە بداتە پاڵ سروشتی داهێنەرانەی مرۆڤ. داهێنان و مەیل بە داهێنان و خوڵقاندن، تایبەتمەندییەکی سروشتی و هەرە گرنگی پێشکەوتن و پێشڕەویی ماددی و مەعنەوی مرۆڤە. کێبڕکێ هەمان ڕاکەڕاکە و دەستوپێ کوتانی ناچاری مرۆڤە لەپێناو مانەوەدا لە کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئەمڕۆدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە داهێنان و توانای داهێنانی ئینسان هاوجووت لەگەڵ ئەو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەدا نایەنەوە کە سیستمی سەرمایەداری پێکدێنن. لەم سیستمەدا یاسای کەڵەکەکردنی سەرمایە و هێنانی قازانجە کە داهێنانەکانی ئینسان ئەبزوێنێ. یانی ئەوە داهێنان و پێشکەوتن نییە کە خۆبەخۆ ئەولەویەتیان هەیە، ئەوەی کە چەندێک ئەو داهێنانانە ئەبنە مایەی قازانج و سودی زیاتر و بازاڕی سەرمایەیان پێ گەرم دەکرێت دەبنە ئەولەویەت. لە سیستمی سەرمایەداریدا ئەوە بازاڕ و ساغکردنەوەی بەرهەمە (بە بەرهەمی داهێنانی مرۆڤیشەوە) کە ئەسڵە، نەک خودی توانایی و ئیمکانیەتی داهێنانی مرۆڤەکان. بۆ نمونە، داهێنان لە بواری تەکنەلۆژیا و زانستدا ئەبێ ڕووی لەوە بێ کە ماوە یان تێچووی پرۆسەی بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە. بەمجۆرەش قازانج و سوڕی سەرمایە زیاتر و خێراتر بکات. ئامێرەکان جێگەی هێزی کاری ئینسانەکان بگرنەوە، کاری سەخت و ئاڵۆز بگۆڕێت بۆ کاری سادە و... شتی تری لەم چەشنە. ئەمەش بێگومان وەک ئەنجامێک بەشداری کرێکار لە کاردا کەم دەکاتەوە و هاوکات کرێش کەم دەکاتەوە، تاکو تێچوونی بەرهەمهێنانی کاڵاکان کەم بێتەوە و لێرەشەوە قازانجی زیاتر بەدەست بێت. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و هەتا زانکۆکان و ئەو دامەزراوانەی کۆنترۆڵی بواری بەرهەمهێنان و بازرگانی ئەکەن، بەستراونەتەوە بەم

پرۆسەیەی بەرهەمهێنانەوە. کەواتە بە پێی ئەم سیستمە تا ئەو ئاستە بوار بەو داهێنانانە دەدرێت کە بەرهەمهێنان و قازانج پێویستی پێیەتی. بەم مانایە داهێنانی ئینسان سنوردارە و لەپێناو وەلامدانەوە بە پێداویستیەکانی ژیانی ئینساندا نییە، بگرە لە خزمەت قازانجی سەرمایەداران و دەسەلاتەکەیاندایە.

بەلام مرۆڤ و کۆمەلگەی ئازاد، کۆمەلگەی سۆشیالیستی کە تیایدا مرۆڤ لە قەیدی چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتی و دەسوپێ کوتانی ناچاریی و کوێرانە لەپێناو مانەوەدا ئازادبووە، لەجیاتی کێبڕکێ پشت ئەستورە بە حەز و خولیا و عەشقی مرۆڤی بە داهێنان و خولقاندن لەپێناو جۆراوجۆرکردنی بوارەکانی ژیانی ماددی و مەعنەوی بەکۆمەل و فەردیی خۆی. پشت ئەستورە بە هاوکاری و هاودلی بەکۆمەلی هاوولاتیانی ئازاد. مرۆڤی ئازاد لە قەیدی چەوسانەوە دەتوانێت داهێنانی ئەوتۆ بکات کە ڕەنگە ئێمە کە هێشتا گیرۆدەی ژیان کردنێکی ناچارین لە کۆمەلگەی چینایەتیدا، بەخەیالیشماندا نەیەت. ئەگەر مرۆڤی ئەمڕۆ لە دلی ئەم سیستمە چینایەتیەدا توانیویەتی جۆرە داهێنانێک بکات کە بەعەقلی نەوەکانی سەردەمەکانی تردا نەدەهات، ئەوا دەتوانین بیهێنینە بەرچاو کە مرۆڤی ئازاد، مرۆڤی ڕزگار بوو لە چەوسانەوەی چینایەتی چ موعجیزەی گەورەی تر بکات. ئەوکات بێگومان بۆیان جێگەی سەرسوڕمان دەبێت کە سەردەمێک مرۆڤەکان بۆ مانەوە، بۆ دابینکردنی نان و سەرپەنا دەبوایە ببنە کرێکار و هێزی کاری خۆیان بفرۆشن. پێیان سەیر دەبێت کە ناچاربوون منال لەباربەرن . یەکتر ئیعدام بکەن. کاریان دەست نەکەوتایە، لەبرسان دەمردن.

**٤/ لە کوردستان یاسای کاری پێشڕەوانە نییە و ئەوەی هەیە لەسەر بنەمای یاساکانی ڕژێمی بەعس دانراوە. بە ڕای ئێوە چ یاسایەکی پێشڕەوانە پێویستە کە تیایدا مافەکانی کرێکاران مەیسەر بکات؟**

موحسن کەریم: لە کۆمەلگەی سەرمایەداری ئەمڕۆدا بوونی یاسای کار یەکێکە لە بنەما یاساییەکانی ڕێکخستنی کۆمەلگە، کە پەیوەندی نیوان خاوەنکار و کرێکار دەستنیشان و دیاری دەکات. بێگومان بوونی یاسای کار،

هاوکات بەرهەمی خەباتی چینی کرێکارە بۆ ئەوەی کار و هەلومەرجی کار و کرێ و هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە کارەوە هەیە چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت و لەو چوارچێوەیەدا هەلومەرجێکی باشتر لەڕوی هەلومەرجی کار و کرێ و ژیانی کرێکارەوە دابین بکات. ئەوەش پێبەپێی گەشە و پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار، هەروەها بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.
بۆرژوازی خۆی چ وەکو خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی کاری کرێکار و چ وەکو دەوڵەت، هەموو میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی کاری لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە مسۆگەر کردووە. بەڵام ئەوەی کە پێویستی بەوە هەیە یاسای کارێک هەبێت تا ئەو میکانیزم و هەلومەرجە بە جۆرێک بێت کە لانی کەمی مافەکانی و ژیانی مسۆگەر بکات، چینی کرێکارە. بوونی یاسای کار بۆ کرێکار پێداویستییەکی گرنگی مانەوەی فیزیکی و مەعنەوی و دەستەبەرکردنی لانی کەمی مافەکانیەتی.
ئەگەرچی دەوڵەتە بۆرژواییەکان، خۆیان وەکو لایەنی سێهەم لەنێوان خاوەنکار و کرێکاردا نیشان دەدەن و گوایە یاسای کار بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکارە و بۆ پاراستنی مافەکانی هەردوولایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بێجگە لە چەواشەکاریەکی ئاشکرا هیچی تر نییە. چونکە وەکو وتمان بۆرژوازی و خاوەنکارەکان هەموو دەسەڵاتێک و هەموو ئیمکاناتێکی مادییان لەبەردەستدایە بۆ وەبەرهێنان و چەوساندنەوەی کرێکاران و دەسەڵات پارێزبەندی یاساییان بۆ مسۆگەر دەکات. تەنانەت دەوری دەوڵەت و دەسەڵات لە ململانێی نێوان کرێکار و خاوەنکارەکاندا هەمیشە لەپاڵ خاوەنکارەکاندا ڕادەوەستێت و بگرە لەکاتی پێویستیشدا هێزە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەت لە بەرژەوەندی خاوەنکار و سەرمایەداران دژی کرێکاران بەکاردەهێنرێن.

لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە، تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار بەسەر ژیانی ئابووریدا زاڵە، یاسای کارێکی پێشرەوانە ئەو یاسای کارەیە کە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، بەپێی ئاستی هوشیاری

و ڕێکخراوبوون و دەرک کردنی کرێکاران بە دەستەکەوتە جیهانییەکانی خۆیان و لە چوارچێوەی هاوسەنگی هێزدا لەبەرامبەر خاوەنکار و سەرمایەداراندا، گەڵاڵەی دەکەنەوە. نوێنەرانی کرێکاری بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەریان هەیە لە داڕشتنی بڕگە و ماددەکانیدا، دۆخێکی باشتر بۆ ژیان و هەلومەرجی کاری کرێکاران مسۆگەر دەکات، کە ئەوەش بەندە بە ئاستی هاوسەنگی هێزی نێوان چینی کرێکار و بۆرژوازی لەهەر قۆناغ و دەورەیەکدا. بەوجۆرە لە ئیستادا بە بڕوای ئێمە مەرج و خاڵە سەرەکیەکانی یاسای کارێکی پێشڕەوانە خۆی لەم بەندانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

• دیاریکردنی میکانیزمێکی ڕوون بۆ دەسکاریکردنی خودی یاسای کار. بۆ نمونە یاسای کار دەبێت هەر چەند ساڵێک پێداچونەوەی پێدا بکرێت و بەپێی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی و پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران و سەلامەتی و....تاد، گۆڕانکاری تێدا بکرێت. دەبێت لە خودی یاسای کاردا ئەو بەندە جێگیر بکرێ کە بۆنمونە هەر چوار ساڵ جارێک پێداچوونەوە بە یەساکەدا بکرێت و ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا بگونجێنرێت. چونکە یاسای کارێک کە بۆ ئەمڕۆ پێشرەوانەیە، ڕەنگە ٤ ساڵی تر لەچاو پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دواکەوتوانە بێت. کەواتە کرێکاران مافی خۆیانە لەگەڵ گەشەی تەکنۆلۆژیا و توانای بەرهەمهێنەریی کارەکەیاندا، ئەوانیش داوای ئاستێکی باڵاتر و ژیانێکی باشتر بکەن.

• بەڕەسمی ناسینی نوێنەرایەتی کرێکاران لە نوسینەوەی یاسای کار و پەسەندکردنیدا. کە ئەم یاسایەی ئێستا بەهیچ جۆرێک ئەمەی ڕەچاو نەکردووە. ڕەشنوسی یاساکە لە لایەن شارەزایانی بۆرژوازیەوە نوسراوە و لە چەند ۆرکشۆپێکدا خراوەتە بەردەم سەندیکاکانی کرێکارانی سەر بە دەسەڵات کە بە هیچ جۆرێک نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکاران ناکەن و بۆ ئەوەی بڵێن کە بێجگە لە سەندیکاکان هەڵسوڕاوانی دیکەی کرێکاری و سەربەخۆش بەشداربوون، لەو ۆرکشۆپانەدا بەشداری بە چەند کەسێک کراوە، بەڵام بە سیستمی زۆرینە و کەمینە هیچ کام لە سەرنجەکانی ئەوان نەگونجێنراوە و ئەوەی کە ئامادەکراوە هەر ئەوەیە کە خۆیان دەیانەوێ

بیکەنە یاسای کاری پەسەندکراو.

- لەناو یاسای کاری ئێستادا ڕاشکاوانە دان نەنراوە بە ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتنی کرێکاری و تەنها باسی ئازادی سەندیکایی دەکات و هەر جۆرە ڕێکخراوەیەکی جەماوەری تری کرێکاری کە خۆیان لە ناوەندەکانی کاردا پێکی دەهێنن، لەوانە کۆمیتەکانی مانگرتن، شورا، سندوقی کرێکاری... بە نایاسایی لە قەڵەم دەدەن. تەنانەت هەر مانگرتن و ناڕەزایەتیەکیش لە ناوەندی کاردا دەبێت لە لایەن خاوەنکارەوە ڕەزامەندی لەسەر درابێت. بەم جۆرە کرێکاران لە هۆکارێکی گرنگی خەبات و مەرجێکی گرنگی یاسای کارێکی پێشرەو بێبەشکراون. لە ئەنجامیشدا بەشێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی رەها دەدات بە سەرمایەداران و خاوەنکاران. کاتێکیش باسی ڕێکخراوی کرێکاری و نوێنەرایەتی کرێکاران بکرێ، سەندیکا زەردەکانی خۆیان وەکو نوێنەری کرێکاران دەستنیشان دەکەن و مامەڵەی دەکەن کە کاریان بێدەنگکردن و چەواشەکردنی کرێکارانە و بە قازانجی خاوەنکارەکان.
- دیاریکردنی لانی کەمی کرێ و هەروەها جێگیرکردنی میکانیزمێک بۆ چوونەسەرەوەی ڕێژەی لانی کەمی کرێ پێبەپێی هەڵاوسان و چوونەسەری پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار. لە یاسایەکی کاری پێشکەوتوودا دەبێ لانی کەمی کرێی کرێکار لەسەر بنەمای ستانداردی ژیانێکی کۆمەڵایەتی شایستە و هاوچەرخانە دیاری بکرێت کە تێچووی ژیان و گوزەران و نیشتەجێبوون و پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی کرێکاران دابین بکات.
- دەبێ یاسای کار بە ڕوونی دوو ڕۆژ پشووی لەسەر یەک و لانی زۆری ٣٥ کاتژمێری هەفتانە بەڕەسمی بناسێت، لەگەڵ خستنەرووی میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی ماوەی کارکردن بەپێی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیەکان. ئەوەی لە یاسای کاری ئێستادا جێگیرکراوە دەربارەی ڕۆژەکان و کاتژمێرەکانی کارکردن، سەد ساڵ بەرلەئێستا بڕیاری لەسەردراوە و لێرەدا گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و هەر ئەوە دانراوە.

- هەڵوەشاندنەوەی هەموو گرێبەستە کاتیەکان و قەدەغەکردنی کارپێکردنی کرێکاران بەبێ گرێبەست لە لایەن خاوەنکارەوە. بەڕەسمی ناسینی گرێبەستی بە کۆمەڵی کرێکاران.
- .....

# شۆڕشی کرێکاری، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم

**٥/ شۆڕشی کرێکاری پێش هەر شتێک بەندە بە گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیەوە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا حیزب یان چینی کرێکار، کامیان دەسەڵات دەگرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ناکرێ حیزب و چینی کرێکار وەکو دوو جەمسەری جیاواز و بەرامبەر بە یەک لەبەرچاوبگرین، چونکە چینی کرێکار بە شێوەی پەرتوبڵاو خەبات ناکات، بەڵکو دەست دەبات بۆ شێوەکانی ڕێکخراوبوونی حیزبی و نا حیزبی. حیزبەکان ئامڕازی دەستی چینە کۆمەڵایەتیەکانن بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانیان. بە دیاریکراوی، چینەکان لە ڕێگەی حیزبی سیاسیەوە دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنن. بەدەستهینانی دەسەڵاتی سیاسی ئاستێکی بەرز و پتەو لە ڕێکخراوبوونی پێویستە. ئەو ئاستە بەرز و پتەوەش بە ڕادەی یەکەم لە حیزبی سیاسیدا مەیسەر دەبێت. بێگومان هەموو شێوەکانی ڕێکخراوبوون دەتوانن ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە خەباتی چینی کرێکار و گەیاندنی ئەم چینە بە دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی ئامڕازی سەرەکی ئەم کارەیە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەو پێناوەدا. واتە چینی کرێکاریش وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی حیزبی سیاسیەوە دەتوانێت بۆرژوازی لە دەسەڵات بخات و دەسەڵاتی خۆی بەرپا بکات. ئەو بۆچونەی کە پێی وایە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو یان هەتا زۆرینەی چینی کرێکار دێنە مەیدان و ڕادەپەڕن بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، لەڕادەبەدەر خۆشبینانە و تەنانەت خەیاڵی و ناواقعیە. لەمێژوودا ئەو ڕاستیە بە کردەوە

خۆی نیشانداوە کە تەنانەت لە جەماوەریترین شۆڕشی کرێکاریشدا، زۆربەی چینی کرێکار هەر بەشداریش نابن، بەڵکو تەنها کەمایەتیەکی ئەم چینە بەشداری دەکەن. کەمایەتیەکەش ئەو بەشەن لە کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلی کە بە پلەی یەکەم لە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانی تری چینی کرێکاردا خۆیان ڕێکخراو و یەکگرتوو کردووە. بۆیە دانانی چین و حیزب لە دوو جەمسەری ناکۆک لەگەڵ یەک، نادروست و مایەی بێبەش کردنی چینی کرێکارە لە ئامرازی سەرەکی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. بێگومان نموونەییترین سیناریۆ بۆ گەیشتنی چینی کرێکار بە دەسەڵات ئەوەیە کە: ڕۆژی ڕاپەڕینی کرێکاری بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی بۆرژوازی چینی کرێکار لە ئاستێکی فراوانی ملیۆنیدا خۆی لە شورا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی ڕێکخراو کردبێت و بکرێت لە کۆبوونەوەی شوراکاندا بڕیار لەسەر ڕاپەڕین بدرێت و یەکسەریش توانای ئەوە هەبێت کە شوراکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بێگومان لەم حاڵەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بێ دوودڵی و پەیگیرانە لە پێشەوەی ئەم ڕاپەڕینە و لە پشتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن شوراکانەوە ڕادەوەستێت. بەڵام خۆبەستنەوە و چاوەڕوان مانەوە بەدیار ئەوەی کە حەتمەن دەبێت ئەمە سیناریۆی وەرگرتنی دەسەڵات بێت لە لایەن چینی کرێکارەوە، کە لە مەیدانی واقعدا زۆر ئەستەمە ڕوووبدات، چینی کرێکار لە زۆر دەرفەت و ئەگەر بۆ دەستبردن بۆ دەسەڵات بێبەش دەکات. چینی کرێکار دەبێت لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەربگرێت. لە مەیدانی واقعیشدا دەرفەتی واقعیتر و کراوەتر ئەوەیە کە حیزب چاوەڕوانی ئەوە نەبێت کە حەتمەن چینی کرێکاری ڕێکخراو لە شورا و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانیدا لە ئاستی ملیۆنیدا دەست بۆ دەسەڵات بەرێت. لە بچوکترین دەرفەتدا، هەتا ئەگەر گریمان هیچ شورا و ڕێکخراوەیەکی کرێکاریش لە ئارادا نەبێت، کەمایەتیەک لە کرێکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلی کە لە حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا خۆیان ڕێکخراو کردووە و خاوەن پێگەیەکن لە ناو چینی کرێکاردا، دەبێت بێ دوودڵی دەست بۆ

دەسەڵات بەرن و دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بە کورتی، لە دنیای واقعدا ئەگەری گەورە ئەوەیە کە چینی کرێکار لە ڕێگەی حیزبی سیاسیەوە دەسەڵات بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەو سیستمی دەسەڵاتداریتیەی بەرپای دەکات سیستمی شوراییە نەک دەسەڵاتی حیزبی، کە لە سایەیدا هەموو تاکێک دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا تا ئەوکاتەی کە چینەکان لەبەین دەچن. بەوجۆرەش دەوڵەت بە وێنەی دیکتاتۆریەتی چینێک زەمینە و زەرورەتی خۆی لە دەستدەدات و دەپوکێتەوە . *

**٦/ بۆچی ئێوە لەبری "کۆمۆنیزم" دەستەواژەی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" بەکاردەهێنن؟ جیاوازی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە چییە؟ ڕوانگە و پایە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کامانەن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە کۆمۆنیزم لە مێژووی خەباتی چینی کرێکاردا گێڕای، بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، کۆمۆنیزم پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی لە ئاستی جیهانی و بە دیاریکراوی لە ناو چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا پەیداکرد. هەربۆیە ڕەوت و بزووتنەوە چینایەتیە جۆراوجۆرە بورژوایی و وردەبورژواییەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لەو پێگەیەی کۆمۆنیزم و ڕاکێشانی سەرنجی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە بەلای خۆیاندا، لە ژێر ناوی کۆمۆنیزمدا ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆری بورژوایی و غەیرە کرێکاریان پێکهێنا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندا. شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش لە ساڵانی کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم بکرێت بە ئاڵای نەریتی ناسیۆنالیستیی مەزنخوازیی ڕوسی لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری و پیشەسازی لەو وڵاتەدا. ئەمەش بوو بە سەرەتای دابڕانێکی گەورەی کۆمۆنیزم لە چینی کرێکار. لە درێژەی ئەمەدا

* مەنسور حیکمەت، وتاری "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی"
https://www.hkkurdistan.org/?p=929

بوار ڕەخسا بۆ ئەوەی بەخراپ کەڵک لە کۆمۆنیزم وەربگیرێت و بکرێتە ئاڵای جۆرەها بزووتنەوەی بۆرژوایی لە پێناو ڕزگاری نیشتیمان و نەتەوە و گەشەپێدانی ئابووری و خەباتی دژی ئیمپیریالیستی و دیموکراسی بۆرژوایی و...هتد. واتە چەندین جۆرە کۆمۆنیزمی بۆرژوایی سەریهەڵدا. بێگومان بۆ ئەو مەبەستانەش تیۆری کۆمۆنیزم دەسکاری کرا و شێوێنرا بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەو ئامانجە بورژوازیانەدا بگونجێت. هەربۆیە، دروست وەکو ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا مارکس و ئەنگڵس بۆ جیاکردنەوەی سۆشیالیزمی کرێکاری لە جۆرەکانی تری سۆشیالیزم ناوی کۆمۆنیزمیان لەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار دانا، بزووتنەوە و نەریتی ئێمەش بۆ جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی چینی کرێکار لە کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری، پاشگری کرێکاری بۆ کۆمۆنیزمی چینی کرێکار زیاد کرد.
ڕوانگە و پایە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر هەمان ڕوانگە و پایە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی مارکسە، وەکو پابەند بوون بە بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە ڕێگەی ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەرپاکردنی دەوڵەتی کرێکاری (دێکتاتۆریی پرۆلیتاریا)وە، بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و هەڵوەشانەوەی سیستمی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی، ئەنتەرناسیۆنالیزم و دژایەتی ناسیۆنالیزم و هەموو جۆرە هەستێکی نەتەوەیی و نەتەوەگەریی، پەیگیری و ئەوپەڕگیری لە ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی و یەکسانیخوازی و مرۆڤ دۆستی، وەستانەوە دژی هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە و هەڵاواردن، ئەوپەڕگیری لە مۆدێرنیزم و سێکولاریزم و وەستانەوە دژی هەموو جۆرە کۆنەپەرستیەک، وەستانەوەی پەیگیرانە لە دژی ستەمکاری جنسی و بەرگری پەیگیرانە لە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو...هتد.*

---

* بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

– مەنسور حیکمەت، "جیاوازیەکانمان" https://www.hkkurdistan.org/?p=10009

– مەنسور حیکمەت، "پایەکان و ئاسۆکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری" https://www.hkkurdistan.org/?p=10007

**٧/ گەلێک حیزب و گروپی تر لە کوردستان خۆیان بە چەپ و تەنانەت کۆمۆنیستیش دادەنێن. رەخنەی ئێوە چییە لەم حیزب و گروپانە؟ ئایا ناکرێت لەگەڵیان یەکبگرن، بەرەیەک دروست بکەن، یان لانی کەم کاری هاوبەش بکەن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** لە پێشدا پێویستە جەخت لەوە بکەین کە لە ڕوانگەی ئێمەوە، لە دنیای واقعدا بزووتنەوەیەک نییە بە ناوی بزووتنەوەی چەپ. حیزب و لایەن و گروپ و ڕێکخراوەکان هەر ناوێکیان لە خۆیان نابێت، چەپ بن یان ڕاست، سەر بە بزووتنەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکانن. بەم پێیە، بنەمای هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەر لایەنێک لە بنەرەتدا ئەوەیە کە سەر بە کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە. لەم ڕوانگەیەوە جیاوازی و ڕەخنەی ئێمە لە هەریەک لەو حیزب و گروپانە جیاوازە، هەر بەوپێیەی کە ئەوان لەگەڵ یەکتری جیاوزییان هەیە. بۆ نموونە، ڕەخنەی بنەڕەتی ئێمە لە حیزبی شیوعی ئەوەیە کە جۆرێکە لە کۆمۆنیزمی بۆرژوازی و ئامانج و نەرێت و سیاسەت و تاکتیکەکانی دوور و نزیک پەیوەندییان بە ئامانج و نەرێت و سیاسەت و تاکتیکەکانی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی چینی کرێکارەوە نییە. حیزبێکی دژی سەرمایەداری نییە. ئامانجی خۆی بە ڕزگاری نیشتمانی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات داناوە و "نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار"ی کردووە بە دروشمی سەرەکی خۆی. بەڵام ئازاد کردنی نیشتمان پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری و هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی و کاری بەکرێ و چەسانەوەی چینایەتیەوە نییە. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو حزبە حێزبێکی ناسیونالـ-ڕیفۆرمیستی بۆرژواییە و یەکێکە لەو حیزبە بۆرژواییانەی کە لە سایەی هەژمونی سەرمایەداری دەوڵەتی و سۆشیالیزمی جۆری سۆڤیەتیدا، بۆ کەڵک وەرگرتن لە پێگە و ئیعتباری بەهێزی کۆمۆنیزم، پێکهاتووە و ناوی کۆمۆنیزمی لە سەرخۆی داناوە.

لە پەیوەند بە گروپەکانی ترەوە، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەمانە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بە کردەوەوە هیچ ڕۆڵێکیان لە خەباتی چینی

کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا نیە، بەشێک نین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بە مانا فراوانەکەی. ئەمانە گروپی ئایدۆلۆژین، بە پێچەوانەی حیزبی سیاسیەوە کە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی سیاسی و ئوصولی ڕێکخراوەیی دادەمەزرێت و کار دەکات، ئەم گروپانە لە دەوری کۆمەڵێک بەها و نەرێت و ئەفکاری هاوبەش و ئیعتباراتی فیرقەیی و تەوفیقی و شەخسی پێکهاتوون و خۆیان ڕاگرتووە. حیزبی سیاسی خەتی سیاسی و سیاسەت و تاکتیک و پراتیکی خۆی بە شێوەی بەڵگەنامەی سیاسی دیاری و پەسەند دەکات. حیزبی سیاسیی کۆمۆنیستی لە دەوری ئەفکار و ئایدۆلۆژیای هاوبەش پێک نایات. ناکرێت چینی کرێکار لە ئاستێکی جەماوەریدا، تەنانەت ناکرێت ڕیزی پێشڕەوانی ئەم چینەش لە ئاستێکی بەرچاودا، لە دەوری هیچ ئایدۆلۆژیایەک ڕێکخراو و یەکگرتوو بکرێت. ئایدۆلۆژیا بۆ چینی کرێکار مایەی پەرت و بڵاوی و دوبەرەکێ و لێکدابڕانە. لە کاتێکدا دەکرێت جەماوەری فراوانی ئەم چینە بە هەبوونی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی جۆراوجۆر و جیاوازەوە، لە ئاستێکی بەریندا لە دەوری بەرژەوەندیی هاوبەشی مادی و کۆمەڵایەتییان، کە بە بڕیار و بڕیارنامە و بەڵگەنامەی سیاسی گەڵاڵە دەکرێن، یەکگرتوو بکرێن. ئەمە یەکێکە لە جیاوازییەکان و مەودای دووریی نێوان ئێمە، وەکو حیزبێکی سیاسی، لەگەڵ ئەو گروپە ئایدۆلۆژییانەدا.

دەربارەی یەکگرتن و بەرە دروست کردن، لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو بناغەیەی کە لە ڕووی بزووتنەوەییەوە سەر بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاوازین ئیتر ناکرێ و ناتوانین یەکبگرین یان بەرە دروست بکەین لەگەڵیاندا. ئێمە لەلایەک پێداگری لەسەر یەکگرتوویی و یەکڕیزیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی چینی کرێکار دەکەین و لەلایەکی ترەوە پێداگری لەسەر پێویستی سەربەخۆیی خەتی سیاسی و ڕیزی چینایەتی و کۆمۆنیستی چینی کرێکار دەکەین. ناکرێت گروپ و ڕێکخراو و حیزبی سەر بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز بخرێنە چوارچێوەی بەرەیەکەوە یان یەکبگرن. هەروەها لە سیاسەت و هەڵسوڕانی حیزبیدا خەتی تیژ و نەریتی سیاسی پێشڕەو

لەڕادەبەدەر گرنگ و چارەنوسسازن. ئەو جۆرەی لە نەریتی چەپی ناکرێکاریدا باوە، یەکگرتن و بەرە دروست کردن لەسەر بنەمای نێوەندگیری (مەعەدەلگیری) و تەوافقی سیاسی و پانکردنەوەی خەتی سیاسی تا ئەو ڕادەیەی کە جێگەی هەمووانی تێدا ببێتەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە، هەم سەربەخۆیی کۆمۆنیزمی چینی کرێکار لە دەستدەدرێت و هەم دەبێتە مایەی کولکردنەوەی خەتی سیاسی و دەست و باڵی حیزب دەبەستێت ودەرگای پێشڕەویی و تیژیی سیاسی بەڕویدا دادەخات. تەنانەت بێکەڵکی دەکات و لە ڕووی سیاسیەوە حیزب دەکوژێت. جگە لە هەموو ئەوانەی باسکران، سیاسەت ماتماتیک نییە کە تیایدا یەک و یەک دەکاتە دوو، کە ئەنجامەکە دوو جار لەیەک گەورەترە. لە سیاسەتدا ئەگەر کۆمەڵێک گروپ و ڕێکخراوی بچوکی پەراوێزکەوتو یەکیش بگرن، ناتوانن حیزبێکی سیاسی گەورە پێکبهێنن. گەورە بوونەوە تەنها کۆکردنەوەی ژمارەی ئەندامان نییە، بەڵکو بەر لە هەر شتێک بەندە بە پایەی کۆمەڵایەتی و نەریت و خەتی سیاسیەوە. شکڵگرتنی حیزبی سیاسی مەیداندار، بەندە بە پێگە و پەیوەستی بە کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها بە خەتی جیاواز و تیژیی سیاسیەوە. خەت و نەریتێکی سیاسی کە خۆی لەسەر پێی خۆی قابیلیەتی گەورەبوونەوە و هێزگرتنی نەبێت، هەرگیز بە یەکگرتن لەگەڵ خەت و گروپ و مەحافلی لاوەکی وەکو خۆی لاواز، گەورە نابێتەوە و هێز ناگرێت. ئەو نەریتە لە چەپی ناکرێکاری پەراویزکەوتودا باوە، کە هەمیشە بیریان لای ئەوەیە بە یەکگرتن و بەرە دروستکردن لەگەڵ لایەن و ڕێکخراو و حیزبی لاواز و پەراویزکەوتووی تردا، بتوانن هێزێکی گەورە دروست بکەن. بەڵام لە مەیدانی واقعدا هەرگیز نەیانتوانیوە لەم ڕێگەیەوە حیزب یان جەمسەر و بەرەیەکی بەهێزی ئاڵوگۆڕبەخش پێکبهێنن. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە دەبێت ڕێگە و دەرفەت بدەین بە خەڵک بۆ ئەوەی بە ڕونی و شەفافی جیاوازی نێوان حیزب و خەتە سیاسیە جیاجیاکان ببینن و بناسن، بۆئەوەی بە بەرچاو ڕۆشنییەوە بتوانن هەڵبژاردنی خۆیان بکەن لە ناویاندا. بەڵام بەرە و یەکگرتن و تێکەڵکردنی خەت و لایەنی سیاسی جیاجیا، جیاوازیەکان

پەردەپۆش دەکات و ئەم مافە لە خەڵک دەسەنێتەوە.
دەربارەی کاری هاوبەش، دەکرێت لەگەڵ هەر حیزب و لایەنێک کە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو هاوهەڵوێست بین و کارەکە زەرورەت و کەڵکێکی هەبێت بۆ کۆمەڵگە، بەدەر لەوەی کە ئەو حیزب و لایەنە بەخۆی دەڵێ چەپ و کۆمۆنیست یان نا، کاری دیاریکراوی هاوبەش بکەین کە بە کردەوە ڕۆڵێک بگێڕێت و سودێکی هەبێت بۆ کۆمەڵگە و بۆ چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش. بۆ نمونە کارێکی دیاریکراو دەربارەی ئازادی سیاسی یان مافەکانی ژنان یان سێکولاریزم یان بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و هەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی دیکە و هەر کارێکی دیاریکراو لەو بوارانەدا کە پێویست بێت، دەکرێت هاوکاری بکەین، بەو مەرجەی ئەو لایەنە لە مەیدانی واقعدا کارێکی لە دەست بێت و بتوانێت ڕۆڵێکی عەمەلی بگێڕێت، نەک کارە هاوبەشەکە تەنها دەرکردنی بەیاننامە بێت. وەکو نموونەیەک، ئێمە لەگەڵ حیزبی شیوعی کەمپینێکی هاوبەشمان کرد بۆ بەرگری لە سێکولاریزم.

**٨/ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە بۆچوونی ئێوەدا چییە و چۆن بەدەست دێت؟ لەم کۆمەڵگەیەدا چارەنوسی موڵکایەتی چێ لێدێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** کۆمەڵگەی سۆشیالیستی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانە، کۆمەڵگەیەکی خاڵیە لە چین و چەوسانەوە و هەموو جۆرە هەڵاواردنێک. لە سایەی سۆشیالیزمدا، هەرکەس بە ئەندازەی توانای کار دەکات، بە ئەندازەی کارەکەی بەهرەمەند دەبێت لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، واتە بنەماکە دەبێت بە (هەرکەس بە پێی توانا کار دەکات و بە ئەندازەی کارەکەشی دەبات). لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، ئیتر ئاسەوارێک لە کاری بەکرێ بوونی نییە. هەموو ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە موڵکی تایبەتیەوە گۆڕاون بە موڵکی گشتی. بازاڕ و پارە و بازرگانی بوونیان نییە. مەنسور حیکمەت بەم جۆرە پێناسەی ئازادی و یەکسانی دەکات لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا : ئازادی واتە ڕزگاری تەواو و هەمەلایەنە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و

فەرهەنگی سەرمایەداری، ئازادی لە پەیوەندی و دامەزراوە دیلهێنەر و سەرکوتگەریەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی. واتە ئازادی لە کۆیلایەتی بەکرێ و کۆت و بەندی چینایەتی، ئازادی لە سەرکوت و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی، ڕزگار بوون لە بێمافی سیاسی و کۆت و بەندی فەرهەنگی و خورافات و کۆنەپەرستی ئایینی و دواکەوتوییەکانی ئێستا. واتە ڕزگاری لە ستەمی ئایینی و جنسی و هەژاری و بێدەرەتانی و نەزانی و خورافە و هەموو هەڵاواردنێک و نەهامەتیەکانی کۆمەڵگەی ئێستا.

مەبەست لە یەکسانی واتە نە تەنها یەکسانی حقوقی و یاسایی، نە تەنها یەکسانی هاووڵاتیان لە هەر نەتەوە و نەژاد و جنسێک بن، بەڵکو بە مانای یەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئامادەییە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان، یەکسانی لە بەشداریکردن لە دیاریکردنی چارەنوسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، یەکسانی لە بەهرەمەند بوون لە داهاتی مادی و مەعنەوی کار و هەوڵی کۆمەڵایەتی و لە خەبات بۆ کۆتایهێنان بە کۆنەپەرستی و دواکەوتویی. بە کورتی، یەکسانیەک کە تەنها لە ڕێگەی هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی تایبەتی بۆرژوازی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە و لەبەینبردنی کۆیلایەتی بە کرێ و کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سامانی کۆمەڵگە بە موڵکی گشتی و هاوبەشی هەموو دانیشتوانەوە مەیسەر دەبێت.

لە ڕووی سیستمی حوکمڕانی و دەوڵەتەوە، لە سۆشیالیزمدا دەوڵەتی کرێکاری لەسەرکارە. دەوڵەتی کرێکاریش واتە: دەوڵەتی چینایەتی کرێکاران، دەوڵەتی چەوساوەکان و بەرهەمهێنەرانی گشت سەروەت و سامانی کۆمەڵگە لە دژی چەوسێنەرانی کارنەکەر. واتە دەوڵەتی کۆیلەکانی ئەمڕۆ و ڕزگاریهێنەرانی سبەینیی کۆمەڵگە، دەوڵەتی کەسانێک کە کۆمەڵگە و سەروەت لەسەر هەوڵی بەردەوامی ئەوان بیناکراوە. دەوڵەتی کرێکاری واتە چینی کرێکاری ڕێکخراو وەکو دەسەڵات و چینی ڕزگارکەر. دەوڵەتی کرێکاری واتە سەرکوتی مقاوەمەتی چەوسێنەران دژی یەکسانی و ڕزگاری بەشەریەتی ستەمدیدە. دەوڵەتی کرێکاری واتە دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە

دژی پارێزەرانی هەژاری و بێدەرەتانی و چەوسانەوە و جەهل و خورافە. بەم جۆرە، دەوڵەتی کرێکاریی دەبێتە زامنکەری ئازادی و یەکسانی .

دامەزرانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی تەنها لە ڕێگەی شۆڕشی کرێکاریەوە ئیمکانی هەیە. شۆڕشێک کە دەسەڵاتی بۆرژوازی و سیستمی سەرمایەداری هەڵدەپێچێ، دەوڵەتی کرێکاریی واتە (دێکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) بەرپا دەکات. ئەم دەوڵەتە لە ڕێگەی بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری بە وینەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی، هەروەها گۆڕینی هەموو ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهینان و گواستنەوە و زەویوزار بۆ موڵکی گشتی و هاوبەشی هەمووان، سۆشیالیزم بەرپا دەکات.

**٩/ ئێوە باسی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاتان کرد، بەڵام ئایا پێتان وانییە کە ئیتر سەردەمی دیکتاتۆریەت بەسەرچووە؟ ئەو ناکۆکیە چۆن چارەسەر دەکەن کە لەلایەک باسی ئازادی بێسنور دەکەن و لەلایەکی ترەوە باسی دیکتاتۆریەت دەکەن؟ ئەگەر دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەوڵەتێکی سەرکوتگەر نییە، ئایا گونجاوتر نییە ئێوەش دەستەواژەیەکی گونجاوتر بۆ ناوی ئەو دەوڵەتە بەکار بهێنن کە دایدەمەزرێنن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەگەر کێشەکە دەستەواژەی "دێکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا"یە، هەر ئێستا ئێمە لەبری دێکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا زۆرتر دەستەواژەی دەوڵەتی کرێکاری یان جمهوریی سۆشیالیستی بەکاردەهێنین. بەڵام ئەگەر مەبەست لە ناوەڕۆکەکەی بێت، و ئەگەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە کۆمۆنیزم وەرگرینەوە ئیتر سۆشیالیزم جگە لە خەون و خەیاڵ هیچی لێ نامێنێتەوە. بەبێ دەوڵەتی کرێکاری (واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)، ناکرێت و ناتوانرێت سیستمی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە. ناتوانرێت بە قسەی خۆش بۆرژوازی قایل بکرێت بۆ دەست هەڵگرتن لە چەوسانەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دەستەواژەی دیکتاتۆری لە ڕەوتی مێژوودا مانایەکی جیاواز لەوەی وەرگرتووە کە کۆمۆنیزم مەبەستیەتی. دیکتاتۆریەت

لە مەفهومی کۆمۆنیستیدا لەگەڵ سەرکوت و ئیستبداد یەک شت نین. دیکتاتۆریەت مانای "دیکتەکردنە" .(dictation)واتە داسەپاندن یان "ئەمر بە جێبەجێکردن" و پیادەکردنی بەرنامەی چینێکە لە کۆمەڵگەدا. دیکتاتۆریەت ڕەنگە لە شکڵی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان یان حوکمی کڵێسا و مزگەوت بێت و شمشێر بەڕێوەی بەرێت، دەکرێت دەوڵەتی سەردەمی فیودالیزم و سەدەکانی ناوەڕاست بێت، یان دەوڵەتی ئەم سەردەمەی بۆرژوازی بێت. لە مەفهومی مارکسیستیدا، دەوڵەتی تالیبان و سعودیە و ئێران و سوید و کەنەدا و فەڕەنسا، هەرهەموویان لەوەدا هاوبەشن کە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازین. واتە هەرکامیان بەجۆرێک بەرنامەی سیاسی و ئابووری بۆرژوازی دیکتە دەکەن و دەسەپێنن. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش کە ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی و ڕادەربڕین و ئازادی ئایینداری و بێئایینی و ئازادی ویژدان لە بەرزترین ئاستدا فەراهەم دەکات، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە دیکتاتۆریەتی چینی کرێکارە. بەو مانایەی بەرنامەی سۆشیالیستی چینی کرێکار دادەسەپێنێ لەپێناو قەدەغەکردنی چەوسانەوەدا. دیارە بۆرژوازی هەوڵی داوە و بەردەوامیش هەوڵ دەدات دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکو ئیستبدادی سیاسی پێناسە بکات لە چەشنی دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ئێستا. بەڵام ئەمە چەواشەکارییەکی گەورەیە. ئەگەر دیکتاتۆریی بۆرژوازی داسەپاو و بەردەوام و نەبڕاوەیە، دیکتاتۆریی کەمایەتیەکە بەسەر زۆرینەدا، دیکتاتۆرییە بۆ پارێزگاری لە سیستمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و چەوسانەوە و هتد. لەبەرامبەردا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکو لینین دەڵێت: بەرزترین شێوەی دیموکراسییە، چونکە یەکەم دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی زۆرینەیە بەسەر کەمینەدا، و دووەم- دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تەنها بۆ دەورەیەکی گوزار (تێپەڕ)ە، بۆ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینی چەساوە و چەوسێنەر. پاش ئەوە ئیتر خودی دکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و بە گشتی دەوڵەت وەکو دیکتاتۆریی چینێک بەسەر چینێکی تردا زەمینە و پێویستی نامێنێت و دەپوکێتەوە. لەو دەورە گوزارەدا بۆرژوازی لە دەسەڵاتخراو هەوڵ دەدات دووبارە کۆمەڵگە بگێڕێتەوە بۆ

سیستەمی کاری بەکرێ و موڵکداریی تایبەتی بۆرژوازی و ڕێگە لە پیادەکردنی بەرنامەی سۆشیالیستی بگرێت. لە بەرامبەردا چینی کرێکار وەکو چینێکی ڕێکخراو و دەسەڵاتدار، دەزگای دەوڵەتیی خۆی (حکومەتی کرێکاری یان جمهوری سۆشیالیستی یان دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا)، بەکاردەهێنێ بۆ بەشکست کێشانی مقاوەمەتی بۆرژوازی و جێبەجێ کردنی بەرنامەی کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگە.

دیکتاتۆریەت، بە مانای دیکتەکردن (جێبەجێکردن) و سەپاندنی بەرنامەی چینی دەسەڵاتدار، خەسڵەتی هەموو جۆرەکانی دەوڵەتە بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جا چ دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان بێت یان دەوڵەتی فیودالەکان، چ دەوڵەتی سەرمایەداران بێت یان کرێکاران. لە دنیای هاوچەرخدا، دەوڵەتی سوید وەکو نموونەییترین دەوڵەتی دیموکراسی بۆرژوایی ناسراوە. بەڵام ئەم دەوڵەتەش بەو مانایەی دیکتاتۆری کە باسمان کرد، لەسەدا سەد دیکتاتۆریی بۆرژوازیە و بەرنامەی چینی بۆرژوازی دەسەپێنێت، بەبێ ئەوەی ئیستبداد لە کۆمەڵگەی سویددا لە ئارادابێت. چونکە بەبێ ئەوەی ئیستبداد لە ئارادا بێت هەموو هاووڵاتیان ناچارن پابەندی یاسا و دەستوری بورژوازیانەی دەوڵەت بن، لە جیاتی ئیستبداد بەشێوازی دیکە دانیشتوان ناچاری ئەم پابەند بوونەن. بۆ نمونە ئەگەر کەسێک لە یاساکانی دەوڵەت لابدات، جگە لەوەی سزا دەدرێت لە ڕوی ماڵی یان زیندانی دەکرێت، ناویشی دەچێتە لیستی ڕەشەوە و ئیتر ماڵوێران دەبێت، کەس کاری پێنادات، کەس خانوی بەکرێ پێنادات و...هتد. دەستور و یاسای سوید لەسەدا سەد پارێزەری موڵکایەتی تایبەتیە، تا ئەو ڕادەیەی کە من خۆم شایەتی ئەوەم منالی ١٠ بۆ ١٢ ساڵە لەسەر ئەوەی شیرینیەکی لە مارکێتێک هەڵگرتووە بەبێ ئەوەی پارەکەی بدات، گرتوویانە و کارەکەیان گەیاندووە بە دەخاڵەتی پۆلیس و باوک و دایکیان بانگ کردووە و سەرباری ئەوەی پارەی شیرینیەکەیان لێ سەندوون، بەڵێننامەیان پێ پڕکردونەتەوە کە ئەگەر جارێکی تر کاری لەو جۆرە بکات سزاکەی زۆر گەورەتر دەبێت. ئەمە دەوڵەتە نمونەییەکەی دیموکراسی بورژوازیە. هیچ کات لە کۆمەڵگەی سویددا

بە هەڵبژاردن ئەوە یەکلا ناکرێتەوە کە سیستمی ئابووری سەرمایەداری بێت یان سۆشیالیستی، بەڵکو لە پێشەوە بڕیاردراوە و براوەتەوە و ئەوە بە فەرز وەرگیراوە کە سیستمی ئابووری سەرمایەداریە. لە سایەی دەوڵەتی کرێکاریشدا ئەوە بە فەرز وەرگیراوە کە سیستمی بەرهەمهێنان سۆشیالیستی و موڵکایەتی گشتی و هاوبەشە. واتە هەر چۆن دیموکراسیترین دەوڵەتی بۆرژوازی هەموو دانیشتوان ناچار دەکات ئەو بەرنامەیەی کە کردویەتی بە دەستور و یاسا و بڕیار پەیڕەوی لێ بکەن، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش هەروا دەکات. بەڵام لە سایەی ئەودا ئازادییەکی بێسنور بەرقەرارە؛ ئازادی بە مانای ئازادیی بێقەید و شەرتی سیاسی، بە مانای ئازادیی بێقەید و شەرتی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی بیروباوەڕ و ڕەخنە لە هەموو شتێک، تەنانەت بە مانای دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە میدیا و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، بە مانای ئازادی ئاینداری و بێئایینی، بە جۆرێک کە پەیڕەوکارانی ئایینەکان دەتوانن بە داهاتی خۆیان مزگەوت و کڵێسا و پەرستگای خۆیان دروست بکەن و شەو و ڕۆژ خەریکی ئیتاعەت بن و تەنانەت نانی ژەمەکانیشیان لەوێ بخۆن. بەڵام داهاتی کۆمەڵگە نە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکان و نە بۆ بڵاوکردنەوەی هیچ بیروباوەڕێک، تەنانەت بیروباوەڕی کۆمۆنیستیش، خەرج ناکرێت. لە سایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، هیچ خەبەرێک لە ئیستبداد لە ئارادا نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەوڵەت بەرنامەی چینی کرێکار دیکتە دەکات و دایدەسەپێنێ و ڕێگە لە چەوسانەوە دەگرێت. پێویستە ئەوەش ڕۆشن بێت کە دەوڵەتی کرێکاری لە واقعدا تەنها دەوڵەتی چینی کرێکار نییە. بەو مانایە کرێکاریە کە بەدیلی سیاسیی چینی کرێکارە بۆ هەموو کۆمەڵگە و هەموو دانیشتوان، بەدیلی چینی کرێکارە بۆ سیستمی حکومڕانی و دەخاڵەت و بەشداری ڕاستەوخۆ و واقعی و هەمیشەیی هەموو هاووڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. هەموو هاووڵاتیەکی ١٦ساڵ و بەرەوژوور، وەکو یەک و بە یەکسانی خاوەن دەنگ و خاوەن مافی خۆکاندید کردنە بۆ هەموو پۆستێکی حکومی و ئیداری و

قەزایی و ...هتد.

**١٠/ ئەم شۆڕشەی کرێکاران تەنها بە چینی کرێکارێکی یەکگرتوو و یەکدەست بەرپا دەکرێت. بەڵام لەسەر ئەرزی واقع، کرێکاران پەرشوبڵاون و چەندین ڕکابەری و ململانێیان لە نێواندایە. ئەم چینە چۆن یەکگرتوو دەکرێت و بۆ شۆڕش ئامادە دەکرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان ئەگەر وانەبووایە، واتە ئەگەر چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە پەرشوبڵاو و ناڕێکخراو نەبوونایە و دووبەرەکی و ململانێ لە نێو ڕیزەکانیاندا نەبوایە، ئیتر نە بوونی ئێمە وەکو هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێویست بوو، نە ئەم بارودۆخە پڕ ستەم و چەوسانەوەیە دەیتوانی هەتا ئەمڕۆ بە پێوە بمێنێت. فەلسەفەی بوونی ئێمە وەکو هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و وەکو حیزبی سیاسی چینی کرێکار، ئەوەیە کە پەرشوبڵاویی و ناڕێکخراویی چینی کرێکار کۆتایی پێبهێنین و ئەم چینە لە ڕیزێکی سەربەخۆدا ڕێکخراو و یەکگرتوو بکەین و لە دەوری ئامانجەکانی خۆی وەکو ڕیزێکی یەکپارچەی چینایەتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕابگرێت.

بە مانایەکی تر، بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری وەکو تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری لە هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەمێک، ئەرکی سەرەکی کۆمۆنیزم و حیزبی سیاسیی چینی کرێکارە. هۆکاری ئەوەی کە تا ئێستا سیستمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری لەسەر کار ماوەتەوە و درێژە بە دەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆی دەدات، هەر ئەوەیە کە ئەم سیستمە چینی کرێکاری بە چەندین شێوە لەسەر بناغەی نەتەوەیی و نەژادی و جنسی و ئایینی و مەزهەبی و نیشتمانی و هتد پەرتوبڵاو و ناکۆک ڕاگرتووە، بە جەهل و خورافە و ئایدۆلۆژیە جۆراوجۆرە کۆنەپەرستانەکانی بۆرژوازی گرفتاری کردوون، ئەم ژیانە پڕ لە ستەم و چەوسانەوەیەی وەکو چارەنوسێکی چارەهەڵنەگری ئیلاهی وێناکردووە، چینی کرێکار لەژێر تۆپبارانی پڕۆپاگەندەی بۆرژوازیدا بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لێ ونکراوە و

هتد. ئەمانە هۆکاری درێژە پەیداکردنی تا ئێستای دەسەڵاتی سەرمایەن. کار و ئەرکی کۆمۆنیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش لە بنەڕەتدا دەرکێشانی شانی چینی کرێکارە لەژێر ئەم بارە قورسانە. هەرکات کۆمۆنیزم بتوانێت، ئەگەر بە تەواویش نەبێت لانی کەم لە ئاستێکی بەرچاودا بەسەر ئەم هۆکارانەدا زاڵ بێت، ئیتر شۆڕشی کرێکاری دەبێتە کارێی مەیسەر و کردەنی.

ئەرکی هەمیشەیی و ڕۆتینی کۆمۆنیزم لەم پێناوەدا بریتیە لە پڕۆپاگەندە و هاندان و ڕێکخستن لە ناو ڕیزەکانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدەدا. ئەم ئەرکە نابێت لە هیچ هەلومەرجێکدا و بۆ تاکە ساتێک و بە هیچ پاساوێک ڕابگیرێت. ئەمە خۆی کەناڵێکی سەرەکیە بۆ هۆشیارکردنەوە و بە ئاگاهێنان و ڕێکخراو و یەکگرتووکردنی چینی کرێکار و کرانەوەی چاوی کرێکاران لە ئاست ئایدۆلۆژی و خورافات و پڕۆپاگەندەی چەواشەکارانەی بۆرژوازی. بەڵام کارەکە تەنها بە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە ڕۆتین و هەمیشەییانە مەیسەر و تەواو نابێت. کۆمۆنیزم لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەربگرێت هەم بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بە خۆداهاتنەوەی ئەم چینە و چوونەسەری توانای شۆڕشگێڕانەی، هەم بۆ هەر ڕادەیەک لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی دۆخی ئێستا کە چینی کرێکار بباتە جێگەوڕێگەیەکی باشتر و بەهێزتر و لە ڕەوتێکی خێراتردا ئاستی هوشیاری و ڕێکخراوەیی و یەکگرتوویی ئەم چینە بەرەوسەر بەرێت بە ئاراستەی شۆڕشی کرێکاریدا. لەمەش زیاتر، ئەرکی کۆمۆنیزمە کە نەک هەر لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەربگرێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵکو دەبێت خۆی دەرفەت بخولقێنێت بۆ هەمووارکردنی ڕێگەی بەردەم خۆئامادەکردنی چینی کرێکار. کۆمۆنیزم دەبێت لە جەرگەی هەموو هەلومەرجێکدا، تا کاتێک کە ئامادەیی پێویست بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری فەراهەم نەبووبێت، بە گرتنەبەری تاکتیکی گونجاو پاڵ بە کۆمەڵگەوە بنێ بە ئاڕاستەی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی چینی کرێکار لە جیگاوڕێگەیەکی باشتردا دابنێت و کۆمەک بکات بە خێراکردنەوەی

ڕەوتی ئامادەکاری شۆڕشی کرێکاری.

**١١/ ئایا دەکرێت سۆشیالیزم لە کوردستاندا پیادە بکرێت، لە کاتێکدا کە لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژییەوە دواکەوتووە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** کوردستان لە ڕووی ئابووری و تەکنۆلۆژیەوە ئەوەندەش دواکەوتوو نییە. ئەگەر لە ئاستێکی سنوورداریشدا بێت هەر ئێستا بەرزترین ئاستی تەکنۆلۆژیا لە کوردستان لە کاردایە. ئەو ئاستە لە تەکنۆلۆژیا کە ئێستا لە کوردستاندا برەوی هەیە و لەبەرهەمهێناندا بەگەڕخراوە، لە ڕوسیای سەرەتای سەدەی بیستەمدا هیچ ئاسەوارێکی نەبوو. ئێستا لە کوردستاندا هەزاران کارگە و پرۆژە و کۆمپانیای جۆراوجۆر و گەورە و بچوک بە تەکنۆلۆژیای سەردەمیانەوە بوونیان هەیە کە سەدان هەزار کرێکار کاریان تیدا دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت وەکو دەسەڵاتێکی ڕۆتینی سەرمایەداریش خاوەن هیچ بەرنامەیەکی ئابووری بۆرژوازی کورت ماوە یان درێژماوە نییە بۆ گەشەپێدانی ئابووری. بەڵکو زیاتر دەسەڵاتێکی تاڵانچی و جەردەیە کە دەسەڵاتی خۆی بە ڕاگوزەر و کاتیی دەبینێ و تەنها لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو شتێک بکات بە پارەی کاش و ڕەوانەی بانکەکانی دەرەوەی وڵاتی بکات. ئەگەر نا لە کوردستاندا بۆ دەسەڵاتێک کە بیر لە گەشەپێدانی ئابووری و بەکارخستنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو بکاتەوە، چ بە مۆدێلی سەرمایەداری و چ بە مۆدیلی سۆشیالیستی بواری ئەوە هەیە زۆر بە خێرایی لە ڕووی ئابووریەوە بەرەوپێشەوە بڕوات. بە پێچەوانەوە کوردستان بۆ ئەوەی لە ئاستێکی فراواندا پێشکەوتوترین تەکنۆلۆژیای تیا بەکارببرێت و نوقمی سەروەت و خێر و خۆشی ببێت، پێویستی بەوەیە کە بە سیستەمی سۆشیالیستی بەرنامەڕێژی ئابووری بۆ بکرێت. لە سایەی سیستەمی سۆشیالیستیدا کوردستان زۆر بە خێرایی دەتوانێ بگۆڕێت بە کۆمەڵگەیەکی لە ڕووی ئابووریەوە زۆر پێشکەوتوو و پڕ خزمەتگوزاری هەمەجۆرەی ئەوتۆ کە هیچ ئاسەوارێک لە دواکەوتویی و هەژاری و نەداری و بێدەرەتانی

تیا نەمینێ. بیهێننە بەرچاوتان ئەگەر دەوڵەتێک لەسەر کار بێت کە مەبەستی نەک تاڵانی و قازانجپەرستی، بەڵکو دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانێکی تەسەل بێت بۆ دانیشتوانەکەی، چەندە ئاسانە کە جۆرەها کارگە و پرۆژە دامەزرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی خەڵک، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پەرەی پێبدرێت، گەشتوگوزار ببوژێتەوە، خزمەتگوزاریەکانی وەکو ئاو و کارەبا و هاتوچۆ و ڕێگەوبان و دکتۆر و دەرمان و خانوبەرە و..هتد لە ئاستێکی بەرزی بێ کەموکوڕیدا بە ئەندازەی ێیویست بۆ هەمووان دەستبەر بکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا بە سەدان هەزار کەسی ئامادەبەکار بێکارە، کە زۆربەی هەرەزۆریان خوێندنیان تەواوکردووە و وەکو کادری فەنی ئامادەن کاربکەن، لەولاشەوە کۆمەڵگە پێویستی لە ڕادەبەدەری بە بەرهەمهێنانی هەموو شتێک هەیە، لە خۆراکەوە تا پۆشاک و دەرمان و خانوبەرە و جادەوبان و کارەبا و ئاو و هۆیەکانی هاتوچۆ وگەیاندن. ئەگەر میکانیزمی قازانجپەرستی سەرمایە و سەرمایەداری نەبێت، ئەو سەدان هەزار ئامادەبەکارە دەتوانن لە کارگە و پرۆژە و کشتوکاڵ و هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا دامەزرێن و کار بکەن و ئەوەی بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریەکی تەسەل بۆ هەمووان پێویستە بەرهەمی بهێنن. ئەمانە، جگە لەو هەموو سامانە سروشتی و نەوتەی لەم کۆمەڵگەیەدا فەراهەمە، دەتوانێت پێشکەوتنێکی لە ڕادەبەدەر دەستەبەر بکات. بەڵام ئەمە تەنها بەندە بە سیستمێکی ئابووری و سیاسیەوە کە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان هەم و غەمی بێت نەک قازانجپەرستیی کەمایەتیەکی مشەخۆر و کارنەکەر. لە ڕاستیدا ئەگەر دواکەوتوییەک لە ڕووی ئابووری وتەکنۆلۆژیەوە لە ئارادا بێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە بۆرژوازیەکی تاڵانگەر ئەم کۆمەڵگەیە بەریوە دەبات. سۆشیالیزم دەتوانێت دەرگا بە ڕووی گەشەی ئابووری و بەکارخستنی تەکنۆلۆژیای مودێرن لە ئاستێکی بێسنوردا بخاتە سەر پشت.

## ١٢/ ئەگەر حیزبی ئێوە بە دەسەڵات گەیشت و سۆشیالیزم دامەزرا، چۆن

**کاری بەکرێ هەڵدەوەشێننەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** لە پێشدا ئەوە بڵێم کە ئەگەر حیزبی ئێمە بە دەسەڵات بگات، دەسەڵاتی حیزبیی خۆی بەرپا ناکات، هەرئەوەندەی دەسەڵات لە دەستی بۆرژوازی دەرهات و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی هەڵوەشایەوە و دەسەڵات کەوتە دەست حیزبی چینی کرێکار، دەسەڵاتی شوراکانی خەڵک، پشتبەستو بە میلیشیای جەماوەری ڕێکخراو لە دەوری شوراکان، وەکو دەوڵەت بەرپا دەبێت بۆ بەریوەبردنی کۆمەڵگە.

بەڵام دەربارەی ئەوەی کە لە سایەی سۆشیالیزمدا چۆن کاری بەکرێ هەڵدەوەشێتەوە، لە ڕاستیدا لە ئێستاوە وێناکردنی دەقیقی ئەو پرۆسیسە و بەرنامەی ئابووریی حکومەتێکی سۆشیالیستی کارێکی ئەستەمە. ئەمە بەندە بەو ڕۆژەی کە بەرنامەکەی تیا دادەڕێژرێت و بەندە بە ئاستی گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیا و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و...هتد لەو ڕۆژگارەدا. بەڵام ئەوە ڕوونە کە لە سایەی دەوڵەتی کرێکاری و سۆشیالیزمدا هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە لە موڵکایەتی تایبەتی چینێک دەردەچن و دەبن بە موڵکی گشتی و هاوبەشی هەمووان. سیستمی کاری هەرەوەزی لەکۆمەڵگەدا جێگیر دەبێت و کۆمەڵگەی کارخوازانی ئازاد شوێنی سیستمی کاری بەکرێی ناچاری دەگرێتەوە کە لە سایەیدا مرۆڤ ناچارە تەقەلایەکی ناچاری و کوێرانە بکات بۆ دابینکردنی ژیان. لەم چوارچێوەیەشدا بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەشێوەی هەرەوەزی و لەژێر کۆنترۆڵی شوراکان و ڕێکخراوەکانی کارکردواندا بەڕێوەدەچێت و لە درێژەی ئەمەشدا سیستمێکی دابەشکردن بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دادەمەزرێت. ئیتر کەس بەکرێ کار بۆ کەس ناکات و بەرهەمهێنانیش بەتەواوی لە پیناو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە و خۆشگوزەرانی هەمووواندا دەبێت نەک لە پێناو فرۆشتن و قازانجدا. هەر کەس بەپێی توانا و سەلیقە و خولقی دەتوانێت لەو مەیدانانەدا کار بکات کە دەیەوێت، نەک بەدەر لە ویست و مەیلی خۆی و تەنها لە پیناو دابینکردنی گوزەراندا ناچار بێت شان بداتەبەر هەر کارێک کە دەستی دەکەوێت.

**١٣/ ئابووری و سیاسەت لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیی کوردستاندا چۆن دەبێت؟ چۆن کێشەی هەژاری و بێکاری و خزمەتگوزاریەکان چارەسەر دەکەن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** سەرەتا با لە ڕوی سیاسیەوە بە کورتی ئەوە بڵێین کە لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا ئازادی بێ قەید و بەندی سیاسی فەراهەم کراوە، هیچ سنورێک بۆ ئازادی سیاسی و ڕێکخراوبوون و ناڕەزایەتی دەربڕین و هەڵسوڕانی سیاسی دانانرێت. بێگومان باسەکە باسی هەڵسوڕانی سیاسیە، ئەگینا بۆ نمونە ئەگەر لایەنێک بە شێوەی تیرۆریستی یان بە چەک ڕووبەڕووی دەوڵەتی سۆشیالیستی ببێتەوە و بیەوێت کۆمەڵگە بگێڕێتەوە بۆ سیستمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری واتە بەرگری بکات لە مانەوەی ستەم و چەوسانەوە، ئەوکات وەکو خۆی بە چەک وەڵامی دەدرێتەوە. وەکو پێشتریش باسمان کرد سیستمی دەسەڵاتداریتی لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا شوراییە، هەموو هاوڵاتیەکی ١٦ سال و بەسەرەوە هەم خاوەن مافی خۆپاڵاوتنە و هەم خاوەن دەنگدانە لە هەڵبژاردنی شوراکاندا. لە ڕووی سەربازیەوە هەموو جەماوەری خەڵکی ڕێکخراو لە دەوری شوراکان ڕاهێنانی سەربازی دەبینن و چەکدار دەبن و بە نۆرە و بەپێی بەرنامە بەشداری دەکەن لە پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی وڵاتدا. جگە لەم میلیشیا جەماوەریە هیچ هێزێکی چەکداری دیکە بوونی نییە. هەموو پۆستە ئیداری و سیاسی و قەزاییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتیش ئەو خەڵکەی هەڵیبژاردون بیانەوێ دەتوانن لەو پۆستانە لایانبەرن و لە جیاتییان کەسانی گونجاوتر دابنێن.

لە ڕووی ئابووریەوە موڵکایەتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە و زەوی و زار هەڵدەوەشێتەوە و هەموو ئەوانە لە لایەن دەوڵەتی شوراکانی خەڵکەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەبن بە موڵکی هاوبەشی گشتی. وەکو پێشتر وتمان کاری بەکرێ کۆتایی دێت، هەرکەس بەپێی مەیل و ئارەزو و سەلیقەی خۆی لە هەر مەیدانێکدا بیەوێت کار دەکات. ئینسانی ئازادی کارخواز و خوڵقێنەر گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵگەی

سۆشیالیستیە. کار لە تەقەلایەکی کوێرانەوە بۆ دابینکردنی گوزەران و بژێوی ڕۆژانە، دەگۆڕێ بۆ هەوڵێکی داهێنەرانە بۆ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی و گەشەپێدان. لە سایەی ئەم دۆخەدا توانا و ئیرادەی ئینسان بۆ کار و داهێنان دەتەقێتەوە و چەند بەرابەر زیاد دەکات. سەروەت و سامان لە سایەی ئەم توانا بێسنورەی ئینسانی ئازاددا ئەوەندە زۆر دەبێت کە بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان فەراهەم ببێت. ئیتر ئامانج لە بەرهەمهێنان قازانج و وەڵامدانەوە بە خواستی بازاڕ نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ و بەتەواوی لە پێناو خۆشگوزەرانی هەمووان و دابینکردنی بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاریدایە بۆ دانیشتوان.

سۆشیالیزم کۆمەڵگەی کارخوازانی ئازادە، واتە هەمووان ئازادانە و دڵخوازانە بە ئەندازەی توانایان کارێک دەکەن کە بۆیان گونجاوە و خۆیان هەڵیان بژاردووە. ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە لە سایەی سۆشیالیزمدا هەموو هاووڵاتیان بە دڵ و بە گیان گرنگی بەو کارە دەدەن کە بۆیان گونجاوە، چونکە ڕوون و ڕاشکاو دەبینن و دەزانن بەرهەمی کارەکەیان خۆشگوزەرانیە بۆ خۆیان. ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە لە سایەی سەرمایەداریدا دەگوزەرێت کە کرێکار بە ناچاری شان دەداتە ژێرباری کارێک بۆ ئەوەی ژیانی مەیسەر بکات. لە سیستمی سەرمایەداریدا نە چەندایەتی و نە چۆنایەتی بەرهەمی کار هیچ پەیوەندیەکی بە کرێکارەوە نییە، هەرچەندە بەرهەم زۆر و چۆنایەتیەکی باشیشی هەبێت، تەنها دەبێت بە قازانج بۆ سەرمایەدار و سودێکی بۆ کرێکار نییە. لە هەموو حاڵێکدا کرێکار تەنها ئەو کرێیە وەردەگرێت کە بۆی دیاری کراوە. هەربۆیە ئەوەی بۆ کرێکار گرنگە تەنها ئەنجامدان و بەسەربردنی کات و کارێکە کە ناچارە بیکات. بەڵام لە سایەی سۆشیالیزمدا مرۆڤ بەو کارەی کە دەیکات ڕاستەوخۆ ژیان و خۆشگوزەرانی خۆی و هاووڵاتیانی وەکو خۆی دەستەبەر دەکات. با تەنها وەکو نمونە و بۆ ڕۆشن کردنەوەی مەبەست، ئەوە بهێنینە بەرچاومان کاتێک جوتیار یان وەرزێرێک لە کێڵگەکەی خۆی کار دەکات، چەندە بە دڵ و بە گیان گرنگی بە کارەکەی خۆی دەدات، چۆن

خەمی هەر نەمام و شەتڵیک دەخوات و خزمەتی دەکات بۆ ئەوەی گەشە بکات. چونکە ڕون و راست دەزانێ بەرهەمی ئەو کارە هۆکاری چۆنیەتی ژیانی خۆیەتی. یان پیشەگەرێکی وەکو دارتاش چەندە بە دڵ و بە گیان بایەخ دەدات بە کارەکەی لە دروستکردنی هەرشتێک، چونکە ئاشکرایە چەندە بەرهەمی کارەکەی باش و زۆر بێت، بەو ئەندازەیە زۆرتری دەست دەکەوێت و ژیانی باشتر دەگوزەرێت. لە سایەی سۆشیالیزمدا ئەمە بۆ هەمووان بەم جۆرەیە، هەمووان دڵخوازانە بە دڵ و بە گیان و بە هەرەوەزی و بەپێی توانا کار دەکەن، چونکە چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمی کارەکەیان ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی نەخشاندنی ژیانی خۆیان و هاووڵاتیانی وەکو خۆیان. لەم سیستمەدا پلان و نەخشەی ئابووری نەک لە پیناو قازانج، بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و خۆشگوزەرانیی گشتییە. ئیتر بێکاری وەکو دیاردەیەکی جیانەکراوەی سیستمی کاری بەکرێ و قازانجپەرستی سەرمایە، ئاسەواری نامێنێت. بە ئەندازەی پێویست لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و....هتد پڕۆژە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان دادەمەزرێت و بواری کار بۆ هەمووان دەکرێتەوە. هەمووان بەپێی توانا و دڵخوازانە و لە کام مەیدان یان مەیدانانەدا بتوانن و بیانەوێت کار دەکەن و بەپێی پێویستی ژیانێکی خوشگوزەران لە داهاتی کۆمەڵگەیان دەست دەکەوێت. بە جێگیربوونی سیستمی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستی هیچ ئاسەوارێک لە هەژاری و نەداری نامێنێت. بێگومان هەموو ئەمانە لە شەوڕۆژێکدا مەیسەر نابێت و ڕێگەیەکی قیرتاوی تەختی لەبەردەمدا نییە، کات و پلان و نەخشەی هەنگاو بە هەنگاوی پێوستە. بەڵام لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ئەمانە دەچنە بەرنامەی دەوڵەتی سۆشیالیستیەوە. لە هەنگاوی یەکەمدا دەوڵەت هەوڵدەدات کە بوارە گرنگ و سەرەکیەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان لە ڕکێفی بازار و قازانج و کێبرکێی سەرمایە دەربکات، وەکو نان و خانوبەرە و خوێندن و دکتۆر و دەرمان و هۆیەکانی گواستنەوە و ..هتد. بەپێی ستراتیژێک بەم ئاڕاستەیە دەڕواتە پێش و هەنگاو بە هەنگاو هەموو لایەنەکانی ژیانی هاووڵاتیان لە چنگی سەرمایە و

بازاڕ و قازانج دەردەهێنێت.

**١٤/ دەوڵەتی کرێکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان چۆن ڕادەگرێت و پەیوەندی چۆن دەبێت لەگەڵ وڵاتانی تردا؟ ئایا ئەم دەوڵەتە لاکەوتە و تەریک نامێنێتەوە لە دنیادا؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان ئەمە مەسەلەیەکی زۆر هەستیار و گرنگە، دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ڕەنگە دەوڵەتی کرێکاری دوچاری سەختی و دژواریەکی زۆر ببێت. لەم ڕووەوە، لانی کەم دەبێت بە جدی حیساب لەسەر ئەوە بکەین کە ئەگەری گەورەی ئەوە هەیە دەوڵەتانی بۆرژوازی، بیانەوێ ئەم دەوڵەتە گۆشەگیر و دابڕاو بکەن و دەردەسەری بۆ درووست بکەن. بەڵام بێگومان هەرچەندە سەختیش بێت بواری ئەوەش هەیە کە دەوڵەتی سۆشیالیستی بتوانێت بەسەر ئەم سەختی و دژواریانەدا زاڵ بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتی سۆشیالیستی دەبێت بە گەلێک شێوەی جۆراوجۆر و لە چەندین مەیدانی جیاجیادا لە بەرامبەر ئەوە بوەستێتەوە کە دەوڵەتانی بۆرژوازی بیانەوێت گۆشەگیری بکەن و ئابلۆقەی لەسەر دابنێن و تەنانەت گرفتی جۆراوجۆری بۆ سازبکەن و بیانەوێت پەلاماری بدەن. لە پەیوەند بەم بەشەوە گونجاوترە کە سەرخەتێک لە وەڵامی مەنسور حیکمەت بۆ ئەم بەشەی پرسیارەکە باس بکەین، هەڵبەت ئەمە دەقی قسەکانی ئەو نییە بەڵکو کورتەیەکە لە بۆچونەکانی: لەم بارەیەوە دەوڵەتی سۆشیالیستی پێویستە خاوەن دیپلۆماسیەتێکی لە ڕادەبەدەر نەرم و گونجاو و هوشیارانە بێت، لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نە نیازی جەنگ و کێشە دروستکردنی هەبێت و نە هەنگاوێک بنێت کەدەوڵاتانی تر لەدژی خۆی بوروژێنێت. دەبێ دەوڵەتانی تر لەوە دڵنیابن کە ئەم دەوڵەتە مەبەستی نییە لەگەڵ دەوڵەتانی تر کێشە ساز بکات و تەنانەت لە کاتی پێویستدا دەبێت نەرم و نیانی پێویست بنوێنێت. لایەنێکی تر ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە بە زیادەڕۆیی لە ئازادیخوازی و پێشرەو بوون، بواری ئەوە بە ڕووی دەوڵەتانی تردا دابخات کە بتوانن شەڕی پێ بفرۆشن و بەهانەی پێبگرن. لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاریەوە ڕابگەیەنێت

که ژن و پیاو یەکسانن، سزای لە سیدارەدان هەڵوەشاوەیە، ئازادی بێقەیدوبەندی سیاسی ڕابگەیەنێت، ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی و هەڵبژاردن و پێکهێنانی حیزبی سیاسی و بەیاننامەی "مافە گەردونییەکانی ئینسان" ڕابگەیەنێت و دەرگا بە ڕووی هەموو میدیاکاندا بکاتەوە تا بێن ریپۆرتاژ لەسەر واقعیەتی سیاسی و ئابووری ئەم کۆمەڵگەیە بدەن بە هەموو جیهان. کۆمۆنیزمی ئێمە لەو جۆرە کۆمۆنیزمانەی تر نییە، بۆ نمونە کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی و چینی و ئەلبانی و ..هتد، کە بتوانن بە سەرکوتگەر و داخراو تاوانباری بکەن و دێوەزمەی لێ دابتاشن بۆ ئەوەی بەهانەی پێبگرن. دەوڵەتی سۆشیالیستی جۆری ئێمە دەرگا بۆ هەمووان دەخاتە سەر پشت کە بێن و لە نزیکەوە واقعیەتی کۆمەڵگەکە ببینن و ژێرپێی ژۆرنالیزمی بۆرژوازی و نۆکەر خاڵی دەکات ئەگەر بیانەوێت شتێک لە بابەتی دێوەزمەی کۆمۆنیزمی ستالین و ماوتسێتۆنگ و ئەنوەرخۆجە و...هتد لێ دابتاشن. کۆمۆنیزمی ئێمە نەک هیچ دوژمنایەتیەکی لەگەڵ فەرهەنگ و مەدەنیەت و مۆدێرنیزمی غەربی نییە، بەڵکو لەویش بەرزەفڕترە. ئەم دەوڵەتە سۆشیالیستییە دەبێت ئەو وێنایە لە خۆی بدات کە دەتوانێت نوێنەرایەتی ئاشتی و ئارامی بێت هەم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم لە ئاستی گشت جیهاندا. لە دەوڵەتی سۆشیالیستی ئێمەدا حیزب حوکمرانی ناکات و کۆمەڵگەیەکی تاک حیزبی نابێت، هەموو حیزبە سیاسییەکان ئازدانە هەڵسوڕانی سیاسی خۆیان دەکەن، دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەسەڵاتی شوراکانی خەڵکە. ئەوە جەماوەری خەڵکی ڕێکخراوە لە شوراکاندا کە هەم قانون دادەڕێژن و هەم قانون جێبەجێ دەکەن. دەبێ هاتنەسەرکاری کۆمۆنیزم هاوکات بێت لەگەڵ ئازادی دەستبەجێ و خۆشگوزەرانی دەستبەجێ، بەتایبەت ئەگەر خۆشگوزەرانی کات و کاری پێویست بێت، کە بێگومان پێویستیەتی، بەڵام ئازادی بۆ کۆمۆنیزم کارێکی سادە و ئاسانە و لە ڕۆژی ئەوەڵەوە دەتوانێت دەستەبەر و زامنی بکات. لە پاڵ هەموو ئەوانەوە دەوڵەتی سۆشیالیستی دەبێ زۆر چڕوپڕ کار بکات لەسەر بەدەستهینانی هاوپشتی نێونەتەوەیی و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی و ئازادیخوازی

جیهان بۆ پشتیوانی خۆی. لەم بارەیەوە کارکردن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و ڕای گشتی جیهان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەوەی دەستی دەوڵەتانی بۆرژوازی ببەستێ لە شەڕ فرۆشتن و بیانوگرتن بە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی. ئەگەر لەو بوارانەدا باش و دروست کار بکرێت، ئیتر گۆشەگیرکردن و شەڕ فرۆشتن بەو دەوڵەتە ئاسان نابێت کە ئازادی بێ قەیدوبەند و بیمەی بێکاری و نان و دکتۆرو دەرمان و خانوبەرە و خوێندن و هاتوچۆ و گواستنەوە و هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری و ..هتد، بۆ دانیشتوانەکەی دەستەبەر کردووە. چونکە دەوڵەتێک کە نوێنەرایەتی ئازادی و مودێرنیزم و سکولاریزم و یەکسانی ژن و پیاو و خەبات دژی هەڵاواردن دەکات، دەوڵەتێک کە کۆیلایەتی بەکرێ لەبەین بەرێت و یەکسانی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات، دەتوانێت پشتیوانی ڕای گشتی جیهان و بزووتنەوە ئازادیخواز و کرێکاری و پێشکەوتووانەکان بەدەست بهێنێت و پەلاماردانی کارێکی ئاسان نابێت. لەم بارەیەوە ئێمە بینیمان کە لەشکرکێشی و ئابلوقەی ئابووری و جەنگ لە دژی عێراق لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕژێمێکی وەکو بەعسی سەرکوتگەر لەسەر کار بوو، سەرباری ئەوەی کە سەرکوتگەری ئەم ڕژێمە دەرفەت و پاساوی زۆری دابوو بۆ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەدەستەوەی بگرن بۆ پەلاماردانی عێراق، کەچی کەوتە بەر ناڕەزایەتی خەڵکی جیهان لە ئاستی ملیۆنیدا. ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین لەگەل دەوڵەتێکی کرێکاری کە سیمبولی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بێت، پەلاماردانی ئەم دەوڵەتە چەندین بەرابەری ئەوە دەکەوێتە بەر نەفرەتی خەڵکی جیهان و کارێکی ئاسان نابێت بۆیان.*

فاکتەرێکی تر ئەوەیە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و جیهان لە چ هەلومەرج و هێزهاوسەنگیەکدا دەبێت، ئەنتەرناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاری لە چ دۆخێکدا دەبێت. بێگومان پێگەی ئەم

---

*مەنسور حیکمەت، وتاری "ئایا دەکرێت کۆمۆنیزم لە ئێران سەربکەوێت؟"
http://hekmat.public-archive.net/index.html

بزووتنەوەیە و دۆخی ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە سۆشیالیستیە بتوانێت بە ناو ئەو سەختی و دژواریانەدا تێپەڕێت کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

**١٥/ دەڵێن ئەو سۆشیالیزمەی ئێوە باسی دەکەن، ئەو جیهانە پڕ لە ماف و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانیە، زۆر باشە، بەڵام بەداخەوە تەنها خەون و خەیاڵە و لەسەر ئەرزی واقع بەدی نایەت. بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونەش ئەزموونەکانی شکستی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا و کۆمۆنەی پاریس وەک بەڵگە دەهێنرێتەوە. وەڵامی ئێوە چییە؟**

**خەسرەو سایە:** ئەم پرسیارە دوو ڕاستیمان پێدەڵێت: یەکەم لە مێژووی کۆمەڵگەی بەشەریدا بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران و بەدەر لە ستەم و چەوسانەوە، هەمیشە ئومێد و ئارەزوی ئینسانەکان بووە. هاوکات باوەڕ بەوەی کە گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی و خۆشگوزەران سەرچاوەی هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی بەشەریەت بوە. ئەمەش پێمان دەڵێت کە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان هەمیشە زیندووە کە کردەی ڕۆژانەی ملیۆنەها ئینسان ئاڕاستە دەکات.. دووەم لە دنیای سەرمایەداری ئەمرۆدا، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان خەون و خەیاڵە، سەرمایەداری بەهەموو بەلا و موسیبەتەکانیەوە ئەبەدی و ئەزەلی دەکاتەوە و پێی بزانێت یان نا، قسەی لایەنگرانی سیستەمی سەرمایەداری و بۆرژوازی دووبارە دەکاتەوە و ئیرادەی خەباتکارانەی ئینسانی زەحمەتکێش بۆ ڕزگاری لە دەست ستەم و چەوسانەوە بە فەرامۆشی دەسپێرێت.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتداران و چینی بۆرژوازی لەوەتەی سیستمی مەوجود بەڕێوەدەبەن، لە هەوڵی ئەوەدان کرێکاران و توێژە ستەمدیدەکان بەوە قایل بکەن کە سەرمایەداری عەیب و کەموکوڕی هەیە، بەڵام دڵنیابن کە

سیستمێکی لەمە باشتر نییە. ئەو سیستمەی کە لەسەر جیاکاری و ستەم و چەوسانەوە دامەزراوە باشترین و بەرزترین سیستمی کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە. ئەمە کۆتایی مێژووە. هەر بۆیە پێمان دەڵێن بەدیهێنانی دنیایەکی ئازاد و یەکسان و دوور لە هەموو چەوسانەوەیەک خەون و خەیاڵە و لەسەر ئەرزی واقع بەدی نایات!

بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسانی "بەخەیاڵ" کردووە پەرشوبڵاوی و نائامادەبوونی کرێکاران و جەماوەری چەوساوەیە بۆ گرتنەدەستی کۆمەڵگە و چارەنوسی خۆیان. با بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەگەر کۆمەڵگە لە لایەن خەڵکی زەحمەتکێش خۆیەوە بەڕێوەببرێت، ئەگەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهات و بەڕێوەبردنی بوارەکانی کۆمەڵگە بەدەست خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش خۆیەوە بێت، ئەگەر سیستمێک دامەزرێت کە مۆڵکداریێتی تایبەت نەمێنێت و هەموو شتێک مۆڵکی گشتی بێت و کۆمەڵگە هەمووان تێیدا کاربکەن و بەهەرەوەزی بەرهەمهێنان بەڕێوەببرێت و هاووڵاتیان خۆیان بڕیار لەسەر شێوەی ژیانیان بدەن و سیستمێکی دابەشکردنی داهات بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی ژیانیان بەڕێوەببەن و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی ببێتە بنەمای دەستور و ڕێساکانی وڵات...، ئیتر بۆ کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە خەیاڵە؟

لە ڕوانگەی ئێمەوە، هەزار کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بێت و بڕوات، هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت کە ئەم جیهانەی ئەمڕۆ جیهانێکی پڕ لە ستەم و ناعەدالەتیە و بۆ کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی دنیا قابلی تەحەمول نییە. خەبات لە دژی سیستمی سەرمایەداری و دەرهاویشتەکانی ڕەنگە بۆ وردەبۆرژوازیەک مەسەلەیەکی ئیختیاری بێت، بەڵام بۆ چینی کرێکار وانییە. کرێکار کە خۆی خوڵقێنەری هەموو سەروەت و سامان و ناز و نیعمەتی دنیایە، ناتوانێت هەژاری و برسێتی و نەبوونی و بێکاری قبوڵ بکات. ئەو چارەیەکی تری نییە جگە لە خەبات لەپێناو لەگۆڕنانی ئەم سیستمە بە هەموو بەڵاو موسیبەتەکانیەوە.

ئێمە پێمان وایە ئینسانی سەدەی بیست و یەکەم شایستەی سیستمێکی ئینسانیترە. سیستمێک کە لەم سەردەمی گەشە سەرسوڕهێنەرەی تەکنەلۆژیادا ساڵانە ملیۆنەها ئینسان لە برسا نەمرن، ملیۆنەها منداڵ بەهۆی کۆمەڵێک نەخۆشیەوە کە قابیلی چارەسەرە، نەمرن. ئەوەی ئەمڕۆ ئاراستەی چالاکیە ئابووریەکانی کۆمەڵگە و بەرهەمهێنان دیاریدەکات، دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و مانەوە و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ئینسانەکان نییە، بەڵکو تەنها و تەنها قازانجی سەرمایەیە. قازانج لەکوێ بێت، سەرمایە بەرەو ئەوێ مل دەنێت. لەیەک وتەدا ئەگەر ئەو هەموو داهات و نیعمەتەی کە لە دەست کەمایەتیەکی کەمدا کۆبۆتەوە بکەوێتە دەستی زۆرینەیەکەوە کە بە ڕەنجی ئەوان بەرهەم هاتووە، ئیتر قسەیەک لەسەر بێکاری، نەبوونی و بێ خانەولانەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری نامێنێتەوە. ئەگەر تەکنەلۆژیا و زانست و داهێنانەکانی سەردەم لە بازنەی بازاڕ و قازانج پەرستی کەمایەتیەک دەربکێشرێت و بخرێتە خزمەتی ئینسانەکانەوە، ئایا ئیتر کەس لە بێدەرمانی و نەبوونی خۆراک و خانوبەرەدا دەمرێ، لە دواکەوتوییدا دەخنکێندرێت؟ دیارە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران لەگەڵ ئەوەدا کە ئارەزوی هەر ئینسانێکە لەدنیای ئەمڕۆدا، بەڵام بەدیهێنانەکەی بەخەبات و تێکۆشانی جەماوەری چەوساوەوە بەندە. قۆڵهەڵمالین بۆ ئەم خەباتەش لە هەنگاوی یەکەمدا ڕاوەستانەوەیە بە ڕووی هەموو ئەو بۆچوون و پڕوپاگەندانەدا کە دەسەڵاتداران و چینی بۆرژوازی بۆ پیرۆزکردنی سیستمی سەرمایەداری و بە ئەبەدی کردنی پەخشی دەکەنەوە.

**١٦/ ئێوە خەبات لەپێناو بەدیهێنانی سۆشیالیزم دەکەن. ئایا بەدیهێنانی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا ئیمکانی هەیە؟ ئەم دورگە سۆشیالیستیە کە دەورە درابێت بە وڵاتانی بۆرژوازی توانای مانەوە و خۆڕاگری هەیە؟ ئایا تورکیا، ئێران، عێراق و ئەمریکا ڕێگە بەم کارە دەدەن؟**

**خەسرەو سایە:** بەدڵنیایەوە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی کردەیەکی

جیهانییە و بەرهەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی جیهانی چینی کرێکارە. بەڵام دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی وەک قۆناغی یەکەمی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم، ئیمکانی هەیە لە یەک وڵاتدا بەدەستبێت. بەدوای گەیشتنی چینی کرێکار بە دەسەڵات، سیستمی سەرمایەداری چ وەک شێوازی بەرهەمهێنانەکەی و چ وەک دەوڵەت و سەرخانە سیاسیەکەی لەو وڵاتەدا هەڵدەوەشێنێتەوە و سیستمێکی سیاسی و ئابووری پشتبەستوو بە جەماوەری ڕێکخراو لە شوراکاندا دەخاتە شوێنی، کە ئامانجی دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانییە بۆ هەمووان. لەڕووی ئابوورییەوە سۆشیالیزم لەسەر بنەمای هەڵوەشانەوەی مۆلکداریێتی تایبەتی و کاری بەکرێ و لەئەستۆگرتنی کۆمەڵەی ئەو ئەرکە ئابووریانە کە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهات بۆ وەڵامدانەوەیە بە پێداویستییەکانی ژیانی هاولاتیان و بردنەسەرەوەی ستانداردی بژێوی. هاوکات کۆمەڵگەی کارکردووان سەرپێ دەخات و هەرکەس بەپێی کارەکەی بەشدار دەبێت و بەوپێیەش لە ئاستێکی باشی بژێوی و خۆشگوزەرانی بەهرەمەند دەبێت. بەدڵنیایەوە لە کوردستان هێندە هێزی کاری کۆمەلایەتی و پسپۆری و تەکنیکی و تەنانەت ئاستی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان ئامادەیە، کە بکرێ ئەم سیستمە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی ئێستا و بە دەسەڵات گەیشتنی کرێکاران و زەحمەتکێسان دامەزرێت. کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پرۆسەیەکی بەردەوامی شۆڕشگێڕانەیە بۆ بەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕی بەردەوام لە کۆمەڵگەدا بە قازانجی هاووڵاتیان. ئەم پرۆسەیەش، هەنگاوبەهەنگاو جیاوازییە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان بەرەو نەمان دەبات و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەرەو لوتکەی خۆی ڕێچکە دەگرێت و لێرەشەوە زمینە واقعیەکانی پووکانەوە و نەمانی دەوڵەت و ئەو ئاسەوارانەی کە لە دابەشبوونی چینایەتی و سیستمی سەرمایەداریەوە ماونەتەوە فەراهەم دەکات.

بەدڵنیاییەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە و هەنگاونان بەرەو سۆشیالیزم، بێ بەربەست نییە و حەتمەن ڕووبەڕوی

هەڕەشە دەبێتەوە. یەکێک لەوانەش پیلانگیری و هەڕەشەکانی دنیای دەرەوەیە، بەتایبەتیش هەڕەشەی وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیا. بەڵام کوردستانی ئازاد و یەکسان و سۆشیالیست، لە دنیای ئەم سەردەمەدا کە چارەنوسی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوڵانەوەی ئازادیخوازی و ڕزگاری ئینسانی لێک گرێدەدات، بە تەنها نامێنێتەوە. لەسەرێکەوە کوردستانی ئازاد و سۆشیالیست، بەهۆی ئازادبوونیەوە لە دەستی زوڵم و زۆر و ستەمگەری سەرمایەدران و کۆنەپەرستان، کوورەی شۆڕشگێڕێتی دەگەشێنێتەوە و بەخێرایی ڕای گشتی جیهان بۆلای خۆی ڕادەکێشیت و لەپشتیوانیەکی گەورەو فراوان بەهرەمەند دەبێت. هەروەک نمونەی ئەو پشتیوانیەی کە لە مقاوەمەتی کوبانیدا بەرامبەر بە وەحشیگەریەکانی داعش بینیمان، یان هەروەک ئەوەی کە خرۆشانی ژنان و ئازادیخوازانی ئێران لە دژی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی سەرمایەدار خۆی بەرجەستە کرد، کە چۆن سۆز و پشتیوانیکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بووە فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی. لەوەها دۆخێکدا کوردستانی ئازاد و سۆشیالیست لەسەردەمی حکومەتی کرێکاراندا، ئەو قابیلیەتەش دەخوڵقێنێت کە پشتیوانیەکی گەورە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت وە بەئاسانی هێزە دژە شۆڕشەکان نەتوانن پەلاماری بدەن. بە دیوێکی تریشدا هەر دەسەڵات و سیستمێک ئەگەر پشتی بە جەماوەر بەستبێت و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەوان بکات و لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوەببرێت، توانای ئەوەی هەیە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکدا خۆی ڕابگرێت. دەسەڵاتێک بە هەموو جیهان نیشانبدات کە چۆن ئینسان و مافەکانی تیایدا موقەدەس و پارێزراوە، چۆن ئازادی و یەکسانی تیایدا دەستەبەرکراوە. شەڕ فرۆشتن لەگەڵ دەسەڵاتێکی وادا ئاسان نییە، لەڕاستیدا شەڕکردنە لەگەڵ ئینسانییەت. بێگومان لەپاڵ ئەم فاکتۆرانەدا، دەستبردن بۆ سیاسەتێکی دروست و حەکیمانە لەڕاستای چۆنیەتی مامەڵە کردن و ڕیکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە و وڵاتانی دراوسێدا، بەجۆرێک کە هەڕەشەکان دووربخاتەوە، خاڵێکی زەرور و حەیاتیە.

**١٧/ حکومەتی کرێکاری کە ئێوە باسی دەکەن، تەنها حکومەتی کرێکارانە، ئەی ماف و جێگەی هاووڵاتیانی تر لەم حکومەتەدا چیِ لێبەسەردێت؟**

**خەسرەو سایە:** حکومەتی کرێکاری لە ناوەڕۆکدا بەرنامەی چینی کرێکار دەبات بەڕێوە، بەڵام لەڕووی پێکهاتی ئینسانیەوە حکومەتی هەموو ئەو هاوڵاتیانەیە کە بەرژەوەندی خۆیان لە بەرنامەی چینی کرێکاردا دەبیننەوە و بەم پێیەش هەمووهاوڵاتیان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. حکومەتی کرێکاری کە بە شێوازی شورایی و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە هەموو ئاستە باڵاکان و خوارەوەی کۆمەڵگەدا دادەمەزرێت، تەنانەت هەر هاوڵاتیەکی سەرو ١٦ ساڵ جا چ ژن بێت یان پیاو مافیان هەیە لە شوراکاندا خۆیان کاندید بکەن بۆ لە ئەستۆ گرتنی هەر پۆستێک. بەم جۆرەش حکومەتی کرێکاری دەبێتە حکومەتی هاوڵاتیان و هەموویان دەتوانن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەشداربن. لە ڕووی مافیشەوە حکومەتی کرێکاری چ دەستور و چ یاساکانی وڵات ، لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی یەکسان بەبیِ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕ، ئایین، نەتەوە و ڕەگەز دادەڕێژێت. لەیەک وتەدا حکومەتی کرێکاری کە ئامانجی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیە، حکومەتی هەموو ئەوانەیە کە کار بۆ ئەم ئامانجانە دەکەن.

# دیموکراسی و حکومەتی شورایی

**۱۸/ هەموو دنیا باسی دیموکراسی دەکات و لە دژی دیکتاتۆریەتە کەچی ئێوە باوەڕتان بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، بۆچی کۆمەڵگە لە نێوان بەدیلی دیموکراسی و دیکتاتۆریدا مل بدات بە حکومەتێکی دیکتاتۆری؟**

**ئیبراهیم حسێن:** دیکتاتۆری پەرلەمانی بۆرژوایی، شێوەیەکی دیاریکراوی دیکتاتۆری چینایەتی بۆرژوازیە کە تیایدا بەشێوەیەکی دەورەیی هەر چوار ساڵ جارێک ڕێگە دەدرێت هاولاتیان بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن و دەنگ بدەن، گوایە بە نوێنەرایەتی خۆیان. بەڵام دواتر هەر ئەو "نوێنەرانە" بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەو کەسانەی دەنگیان پێ داون هەر یاسایەک کە بیانەوێ دەری دەکەن کە بەشی زۆریان لە دژی بەرژەوەندی و ژیانی هەر ئەو هاولاتیانەیە کە دەنگیان داوە. بۆ نمونە هەر ئەم نوێنەرانەی کە بە دەنگی خەڵک پلە و پۆستیان لە جومگەکانی سیستەمی حوکمڕانیدا وەرگرتووە، بڕیاری جەنگ دەدەن، کرێکاران بێکار دەکەن و هەر نەهامەتیەکی تر کە بیانەوێ دایدەسەپێنن. هەموو ئەمانەش لە خزمەتی چینی دەسەڵاتدار و سیستمی ئێستا بڕیاریان لێدەدرێت. ئایا ئەمە دیکتاتۆریەتی چینێک نییە؟ بەم پێیەش لە سەراسەری ئەم گۆی زەویەدا دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی چینایەتی بۆژوازی لەسەر کارە. لە سەراسەری ئەم دنیایەدا چینی کرێکار ناچارە بجەنگێت و خەبات بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی کەمێک باشتر ژیان، کەمێک محترەمتر ژیان و کەمێک ئازادتر ژیان بەسەر ئەم کەمایەتیە بۆرژوازییەی

ئەمڕۆدا بسەپێنێت. لە بەشێکی بەرچاوی ئەم دنیایەدا ئەم هەوڵ و تەقەلا ڕەوایەی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە بە دەم داخستن، بە ئیعدام و زیندان و قەدەغەکردنی مافی ڕێکخراوبوون و دەربڕین و هەڵسوڕانی سیاسی وەڵام دەدرێتەوە. لە بەشی هەرە زۆری ئەم دنیایەدا دەوڵەتە خوێناویە بۆرژواییەکان، خەریکن بازاڕی کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش دەچەرخێنن.

مەسەلەکە بۆ ئێمە ئەوە نییە کە ئاخۆ لە دژی دیکتاتۆریەت هەین یان نین و لەگەڵ دیموکراسی هەین یان نین. دیکتاتۆریەت هەروەک دیموکراسیەت بارگاوی نێو دنیای چینایەتی و دەسەڵاتی چینەکانە. دیموکراسیەتی باوی دنیا شتێک نییە جیاواز لە دیکتاتۆریەت، دیکتاتۆریەتی چینێک بەسەر چینێکی تردا. تەواوی مەسەلەکە، لە ڕوانگەی مارکسەوە، ئەوەیە کە ئەم دوو چەمکە وابەستەن بە خودی دەوڵەتەوە. دەوڵەتیش یانی دیکتاتۆریەتی چینێک بەسەر چینێکی تردا. دەوڵەتە بۆرژوازیەکانی ئێستا دەسەڵاتی چینی دارا و سەرمایەدارانن بەسەر چینی کرێکاران و خەڵکی بێبەشەوە. دیموکراسیترین دەوڵەتی دنیا کە بە ناوی هەڵبژاردن و "مافی ئازادانەی خەڵک لە دەنگدان و دیاریکردنی ئیدارەی سیاسی"ەوە حوکم دەکەن، خۆ دەستێک لە سیستمی بەرهەمهێنان و بازاڕ و قازانج نادەن. ئەوان بە ناوی هەڵبژاردن و دیموکراسیەوە هەمان دەسەڵات و باڵادەستی چینی سەرمایەدار دەهێڵنەوە. هەر کاتێک خەڵکی کرێکار و بێبەش لەم وڵاتە زۆر دیموکراسیانەشدا بێتە مەیدان تاکو پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لەنێوببات، تاکو کاری بەکرێ هەڵبوەشێنێتەوە، شۆڕشێک بەرپا بکات، پۆلیس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی هەر ئەم وڵاتە دیموکراسیانە دەمودەست دەست دەبەن بۆ سەرکوت. لەپێناو هێشتنەوەی دەوڵەتی خۆیاندا، کە دەوڵەتی چینی بۆرژوازیە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەوە، سەرکوت دەکەن و دەبنەوە بەو شێوازە لە دیکتاتۆریەتی چینایەتی بۆرژوازی کە لەسەر بنەماکەی دروست بوون.

چینی کرێکاریش کاتێک شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات، کاتێک دەسەڵاتی بۆرژوازی تێکدەشکێنێت، دەسەڵات و دەوڵەتێک دادەمەزرێنێت کە

جگە لە دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار، وەک زۆرینە، بەسەر چینی بۆرژوازیەوە، وەک کەمینەیەک، شتێکی تر نییە. ئەو چینە کەمینەیە هەوڵ دەدات کۆمەڵگە جارێکی تر پەلکێش بکاتەوە بۆ کاری بەکرێ و خاوەنداریێتی تایبەتی، لەکاتێکدا دەوڵەتی چینی زۆرینە لە ئارادایە و پێش بەو هەوڵە دەگرێت. بەم مانایە دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە تاکو نەهێڵێ کەمینە کۆمەڵگە ڕاپێچێتەوە بۆ دابەشبوونی چینایەتی و ستەم و چەوسانەوەیەک کە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە دیکتاتۆریەتی چینی زۆرینەیە بەسەر کەمینەوە بە قازانجی زۆرینە و تەواوی کۆمەڵگە. ئەمە واقعیەتی کۆمەڵگەی چینایەتیە. بەڵام ئەم جۆرە لە دیکتاتۆریەتە، ئیتر خۆشی وەک دەوڵەت هەڵدەوەشێنێتەوە و ئاسەوارێک لە چینەکان ناهێڵێتەوە تاکو زەمینەی باڵادەستی چینێک بەسەر چینێکی تردا بمێنێتەوە. دیکتاتۆریەتی ئەوان بۆ سەپاندنی بێمافی و نایەکسانی و نادادیە و هی ئێمش بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکییە بە سەرچاوەی چەوسانەوە کە بوونی چینەکانە. بەم پێیە تا دەوڵەت هەبێت، دیکتاتۆریەت هەیە. ئێمە بۆ لەناوبردنی چینەکان و دەوڵەت و دیکتاتۆریەت خەبات دەکەین.

**١٩/ ڕەخنەتان چییە لە سیستمی حوکمڕانی دیموکراسی پەرلەمانی؟ ئایا هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەران لە لایە ن خەڵکەوە دەسکەوتێکی گرنگ نییە بۆ مرۆڤایەتی؟**

**دەشتی جەمال:** بێگومان سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی، بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و حوکمی ڕەهای شاهانە و فەردی، ڕوو لە پێشترە و لەم چوارچێوەیەشدا مافی "دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەران" دەتوانرێت بەدەستکەوتێک هەژمار بکرێت. بەڵام ڕەخنەی سەرەکی و بنەڕەتیی ئێمە لە سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی ئەوەیە کە سەرخانێکی سیاسیە بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی کاری بەکرێ و بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە و مانەوەی جیاوازی و دابەشبوونە چینایەتیەکان و ئەو نایەکسانی و ستەمانە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. بە واتایەکی تر، سیستمی

دیموکراسی و پەرلەمانی لە بنەڕەتدا مانەوەی سەرمایەداری و دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر چینی کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک و چینی دەوڵەمەندان و خاوەن سەرمایەش لەلایەکی ترەوە بە پیرۆز و ئەبەدی ڕادەگرێت.
لە حوکمڕانی دیموکراسی و پەرلەمانیدا، ئەگەرچی هەندێک لە ئازادی و مافە فەردیەکان (وەک دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمانتاران) بەشێوەیەکی سنووردار و بەپێی ویستی چینی دەسەڵاتدار ڕێگەیان پێدەدرێت، بەڵام بە گشتی، ئازادی تەواوی ئینسانەکان بۆ مومارەسەکردنی ژیان و گەشە و هەڵدانی بەهرە و تواناکانیان و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا زامن ناکات. واتە ئازادی و مافەکانی تاک تا ئەو جێگەیەیە کە چینی دەسەڵاتدار بتوانێت جوڵەی ئازادانە لەبەردەم سەرمایە و بەبازاڕکردنی کاڵا و بەگەڕخستنی هێزی کاری کرێکاران و لە ئەنجامیشدا کەڵەکەی قازانج لە دەستی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکاندا فەراهەم بکات.
لە حوکمڕانی دیموکراسی و پەرلەمانیدا، ئەگەرچی ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان لەئارادایە، بەڵام مادام جومگەکانی دەسەڵات و ئابووری و ئیمکاناتی مادی و میدیا و سوپا و زیندان و دامودەزگای قەزایی و ئەمنی بەدەست چینی سەرمایەدار و حیزبە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوەیەتی، ئەم مافەی دەنگدانی خەڵک لەئەنجامدا بۆ شەرعیەت دانە بە حوکمڕانی و سیستمێک کە بەسەر چینە هەژار و دەستەنگەکان لەلایەک و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکان لەلایەکی ترەوە دابەش بووە، نەک بۆ بەشداری و دەخاڵەتی جەماوەر لە کاروباری حکومەت و کۆمەڵگەدا. ئەوەی تا ئێستا لە دیموکراسیترین شێوازی دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی دنیادا بەرچاوە ئەوەیە کە دوو حیزبی سەرەکی، لەپاڵ چەند حیزبێکی تردا، کە سەرتاپا دژ بە خواستەکانی خەڵک کاریان کردووە و هەر ئەوان هۆکاری جەنگ و نائارامی، داسەپاندنی باج و خەراج و لێگرتنەوەی ئابووری بوون، کە هەر ئەوان بێکاری و هەژاری و کەمی دەرمان و خزمەتگوزارییەکانیان لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو کردووە، دەچنە کایەی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە. کاتێک کە یاریەکەیان تەواو کرد ئەوجا نەک هەر لە بەڵێنەکانی

خۆیان پاشگەز دەبنەوە، بەڵکو پۆستەکانی حکومەت و ئیمتیازاتەکانی لەنێوان خۆیان و بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتداردا دابەش دەکەن. تەنانەت هەڵبژاردنی گشتی، کە هەر چوار ساڵ جارێک سازدەدرێت و خەڵکی بۆ بەردەم سندوقەکان بانگەواز دەکرێن و گوایە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام پاش ئەوەی دەنگی خەڵکیان وەرگرت دەیاننێرنە ماڵەوە و ئینجا ئەو نوێنەرانەی کە بەدەنگی خەڵک چونەتە پەرلەمانەوە، جگە لەوەی دەبنە خاوەنی موچەیەکی باڵا و دەیان ئیمتیازاتی تر، دەست دەبەن بۆ ئەو سیاسەت و یاسایانەی کە ڕێک بەپێچەوانە و ویستی خەڵک بووە. واتا ئەو پەرلەمانتارانەی کە گوایە "نوێنەری خەڵکن" لەپشتی خەڵکەوە و بە دژی هەر ئەوانەی دەنگیان پێداون، بڕیار لەسەر جەنگ و بێکارسازی و زیادکردنی باج و بڕینی خزمەتگوزاریەکان تا دەرکردنی یاسای کۆنەپەرستانە و سنووردارکردنی ئازادییەکان دەدەن، بەڕادەیەک کە خەڵکی پەنجەی خۆیان بگەزن کە دەنگی پێداون. بەم شێوەیە ئەوە حیزبەکان و نوێنەرانی ئەوانن لە پەرلەمان کە بڕیار لەسەر ژیانی خەڵک دەدەن بەوجۆرەی قازانجی چینی سەرمایەداران و کۆمپانیاکانی بیخوازێ و بەمەش دەڵێن دەسەڵاتی خەڵک و سیستمی نوێنەرایەتی.

ئەزمونی دیموکراسی پەرلەمانی نیشانیداوە کە ڕێگەیەک نییە بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و بەرجەستە. تەنانەت لەم سیستمەدا ئەو نوێنەرانەی "بە ڕای خەڵک" هەڵبژێردرێن، و یاسا دەردەکەن، بەڵام بەرلەدەست بەکاربوونیان، لەپێشەوە چەندین دەسەڵات و دەزگا لەسەروو ئەم نوێنەرانە و "ڕای خەڵک"ەوە ئامادەییان هەیە. لەوانە دەسەڵاتەکانی شا، سەرۆک کۆمار، حکومەت و سوپا و دەزگا ئەمنیە ئاشکرا و نهینێیەکان. ئەمانە ڕێچکەی بڕیاردانی ئەم نوێنەرانەی کە خەڵک دەنگی پێداون دیاری دەکەن و ناتوانن بڕیارێک بدەن کە سیستمی ئێستا بخاتە بەر مەترسیەوە.

**٢٠/ ئەگەر ئێوە دیموکراسی و پەرلەمان قبووڵ ناکەن، بەدیلتان چییە بۆ حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە؟**

**دەشتی جەمال:** بەدیلی ئێمە لە بەرامبەر دیموکراسی و پەرلەماندا حکومەتی شوراییە، حکومەتێک کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کردن و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک بەڕێوە دەچێت و سیستمێک لە حوکمڕانی جێدەخات کە مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات بەبێ جیاوازی کردن لەنێوانیاندا دابین دەکات. کە دەڵێین حکومەتی شوراکان لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک دادەمەزرێت، بەو مانایەیە کە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە گەڕەکەکان و زانکۆ و کارگە و دامەزراوەکانەوە تا ئاستی شار و شارۆچکەکان و دواتریش کۆنگرەی نوێنەرانی سەراسەریی شوراکان، بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک ئاست بەئاست هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتی ناوچەکانی خۆیان دەکەن. ئەگەر بمەوێت سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستمە لە حوکمڕانی بخەمەڕوو، ئەوە:

- لە حکومەتی شوراکاندا، جیاکردنەوەی دەزگای یاسادانان، لە دەزگای جێبەجێکار بەوجۆرەی لە دیموکراسی پەرلەمانیدا هەیە، هەڵدەوەشێنێتەوە و نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە شوراکاندا هەم یاسا دادەنێن و هەم خۆشیان جێبەجێی دەکەن.
- لەحکومەتی شوراکاندا، جەماوەر هەر کاتێک بزانن نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان نوێنەرایەتی خواست و داواکانیان ناکەن، دەتوانن لایان بەرن و کەسانی تر لە جێگەیان هەڵبژێرنەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی چوار ساڵ بکەن، وەک ئەوەی کە لە سیستمی دیموکراسی پەرلەمانیدا هەیە.
- موچەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە شوراکاندا زیاتر نابێت لە موچەی کرێکارێکی کارامە و هیچ ئیمتیازاتێکی تر و پارێزبەندییان پێنادرێت.
- لە سیستمی شوراکاندا، نە سوپای پیشەیی نە دەزگای بیرۆکراتی و سەروو خەڵکی و نە دەزگا ئەمنییە سەروو خەڵکییەکان و نە دیبلۆماسی نهێنی و نە سزای زیندانی هەمیشەیی و سزای لەسێدارەدان و هتد، هیچ کام لەمانە، کە لە سیستمی دیموکراسی پەرلەمانیدا هەیە و بۆ پاراستنی سیستم دەستلێدانیان هێڵی سوورە، بوونیان نییە. هێزی ڕێکخراو و یەکگرتووی

خەڵک لە شوراکاندا، ئەمنیەت و سەلامەتی هاووڵاتیان دەپارێزێت و کێشەی سزا و تاوان بەپێی یاسایەکی ئینسانی کە جەماوەر خۆیان پەسەندیان کردووە، لە دادگاکاندا یەکلا دەکرێتەوە.

- دەستوری وڵات لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان و دەستەبەرکردنی زۆرترین ئازادییەکان و خزمەتگوزاری و باشبژێوی و فریاگوزاری و هتد بە دەنگی هاووڵاتیان یەکلا دەکرێتەوە و پەسەند دەکرێت.

کەواتە دەسەڵاتی بەکۆمەڵ و شورای ڕاستەوخۆی جەماوەر دەچێتە جێگەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی. دامودەزگای دەوڵەت و حکومەت، پەرلەمان، زیندان، سوپا، پۆلیس، یاسا، دامودەزگای نهێنی و ئەمنی و... هتد، کە کەوتوونەتە بەرامبەر دەسەڵاتی خەڵکەوە هەڵدەوەشێنەوە و سیستمێک دادەمەزرێت کە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک سەرەکیترین فاکتەرە بۆ بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. شوراکان ئۆرگانی جەماوەرین کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان دادەمەزرێنن، جەماوەر خۆیان یاسا دادەنێن و خۆیان جێبەجێی دەکەن، کاروباری وڵات دەگرنە دەست، چاودێر دەبن بەسەر کاروباری حکومەتدا، نوێنەر هەڵدەبژێرن. نوێنەرانی هەڵبژێردراو هیچ ئیمتیازێکی زیاتریان نابێت لە کرێکاران و کارمەندان، لە موچەی کرێکارێکی شارەزا زیاتریان نابێت. نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەردەوام لەژێر چاودێری و لێپرسینەوەی ئەو خەڵکەدا دەبن کە دەنگیان پێداون و هەڵیانبژاردوون.

لە سایەی حکومەتی شوراکاندا بنەمای چالاکییە ئابوورییەکان بریتی دەبێت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی ژیان و بژێوییەکی شایستە و تێروتەسەل، بۆ سەرجەم هاووڵاتیان. بەم جۆرەش دابەشکردنی بەرهەمەکان، کاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە چوارچێوەی بەرنامە و نەخشەیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا ئاراستە دەکرێت، کە خەڵک خۆیان بڕیاریان لێداوە و هەرخۆشیان بەڕێوەی دەبەن. حکومەتی شورایی پێکهاتە و ئۆرگانێکی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە کە بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن دەکات، کە دادگای

سەربەخۆ و عەدالەتی یاسایی ڕاستەقینە دابین دەکات، بەجۆرێک کە یاسا و ڕێساکانی لەگەڵ پرەنسیپی یەکسانی تەواوی مافە فەردی و مەدەنییەکاندا بێتەوە. ئەمە ئەو بەدیلەیە کە ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەیخەینە ڕوو.

# نیشتمانپەروەری، ناسیۆنالیزم، مەسەلەی نەتەوایەتی و فیدراڵیزم

**٢١/ بۆچی ئێوە بە گشتی دژایەتی بزووتنەوە و بیروباوەڕی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەچێتی دەکەن؟ لە کوردستانیش بەدیاریکراوی دژایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکەن؟**

**تاهیرحەسەن:** نیشتیمان، نەتەوە، سنوور، وڵات هەموو ئەمانە شتگەلێکن بۆرژوازی دایهێناون، تا لە ڕێگەیانەوە بتوانن ڕیزی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی پێ کەرتوپەرت بکەن و بەسەر ناسنامەی جیاواز و دژبەیەکدا دابەشیان بکەن. تۆ کوردیت و لە خوێن و زمان و نەتەوەی منیت، ئەو عەرەبە و دوژمنە و بێگانەیە بە ئێمە، ئەوی تر فارسە، تورکە، یان عێراقیە، ئێرانییە، یان تۆ موسڵمانیت، یان مەسیحیت، یان یەزیدیت یان جولەکەیت. مێژوویەکی دوورودرێژە هەموو ئەم ناسنامە دروستکراوانە وەک فەرەنجیەکی ئەستووری پیرۆزکراو بەناڕەوا کراوەتە بەری ئینسانەکان، تاڕیشەی سەرەکی نایەکسانی ئابووری و چەوسانەوەی ئینسانەکان لەژێریدا بشارنەوە. لەو نیشتیمانەدا کە بۆرژوازی و حیزبەکانی، هەموو ڕۆژێ دەڵێن دەبێت خاکەکەی بە پێڵوی چاومان بپارێزین، ئێمەی کرێکاران دەبێت بۆ ئەوەی تیایدا بخەوین، بۆ ئەوەی نانێک بۆ مناڵەکانمان پەیدا بکەین، دەبێت لەبەرامبەر کرێیەکدا کار بۆ ئەو سەرمایەدارە هاوزمانەمان بکەین کە نیشتیمانی پیرۆز کردووە و بۆ ئەو بووەتە بەهەشت و کۆشکی شاهانە، بەبێ

ئەوەی یەک دڵۆپ ئارەقی تیا ڕشتبێت. کاتێکیش ئێمەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ مافی بەرهەقی خۆمان و بۆ گێڕانەوەی دەستڕەنجی دزراوی خۆمان، لەم نیشتمانە پیرۆزکراوەدا داوایەک بکەین، ئەوا هەر لە لایەن ئەو نیشتماپەروەر و نەتەوەپەرستانەی دەسەڵاتدارانەوە بە لەسەر کاردەرکردن و نەدانی موچەکانمان تا لێدان و سەرکوت، دادگا و زیندان، وەڵام دەدرێینەوە و سزامان دەدەن. بۆیە لە پشت هەر باوەڕێکی نیشتمانپەروەری و نەتەوەچێتیەوە، بەرژەوەندی چینی دارا و سەرمایەداران و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، خەوتووە .

بزووتنەوەی کوردایەتیش لە کوردستان هەڵگری هەمان خەسڵەتی چینایەتیە. ئەم بزووتنەوەیە هی چینە داراکانی کوردستانە. بەڵام سەیرکەن بەناوی ئەوەوە کە گوایە هەموو کورد یەک بەرژەوەندییان هەیە و هەمووان وەک یەکین چۆن ئەیانەوێت ئەو قڵشت و جیاوازیە چینایەتیەی لە نێوان خۆیان، وەک سەرمایەدار و داراکان و ئێمە کرێکاران و زەحمەتکێشاندا هەیانە بشارنەوە. کوردایەتی چاوی کرێکاران لە ئاست ئەوەدا لێڵ دەکات کە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان لەگەڵ ئەماندا جیاوازە و دەیەوێت ئەم جیاوازییە بە کوردایەتی بشارێتەوە. دژایەتی ئێمە کۆمۆنیستەکان بۆ کوردایەتی، ناسیۆنالیزم، لێرەوەیە. جگە لەوەش خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە ئێسک و خوێن تەجروبەی دواکەوتوویی و دژە ئازادی بوونی بزووتنەوەی کوردایەتی کردووە. ئەو بزووتنەوەیە جگە لە وێرانکاری و بەرەو پاشەوپاش بردنی کۆمەڵگە هیچ پێشڕەویەکی لە برەودان بە پێشکەوتنندا نەکردووە. بگرە هەمیشە لە بەرامبەر بە پێشکەوتن و ئازادیخوازی و مۆدێرن بوونی خەڵکی کوردستاندا ڕاوەستاوەتەوە. ئەزمونی زیاد لە سی ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی، هەقیقەتی پووچی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەچێتی ئەم بزووتنەوەیەی بە ڕۆشنترین شێوە نیشانداوە. ئێوە سەیرکەن لەسەر ئەو نیشتیمانە چوار ساڵ جەنگی ناوخۆیان هەڵگیرساند و زیاتر لە دە هەزار لاوی کوردستانیان بە دەستی یەکتری بەکوشتدا، تەنیا بۆ ئەوەی بستێک

زیاتر لەو خاکی نیشتیمانەیان لەژێر دەستدا بێت. لەباری ئابووریەوە هەرچی شێوازی تازە هەیە لە تالانی و جەردەیی لە دژی خەلک تاقیيان کردۆتەوە.
زیاد لە سی ساڵە سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی ئەو نیشتیمانە، کە دەڵێن هی هەموومانە، دەدزن و دەیکەن بە کۆشکی شاهانە بۆ خۆیان و خەڵکیش هەتا هاتووە هەر هەژارتر و دەستکورتتر بووە. تۆڕی کۆمپانیاکانیان هەموو ڕۆژێک دەستیان لە گیرفانی خەڵکدایە. نیشتیمانی کوردایەتی، وەک هەر ناسیۆنالیزمێکی تر، ئەو جەهەننەمەیە کە تیایدا ئێسک و پروسکی کرێکاران لەژێر کاری تاقەتپڕوکێندا دەهاڕێت و دەیکاتە کۆشک و تەلار و نیعمەت بۆ سەرمایەداران. هەر کاتێکیش ئەو ژیانە شاهانەیەیان لە نیشتیماندا کەوتە بەر مەترسی، داوا لە منالەکانی ئێمە دەکەن کە بە هانای نیشتمانەوە بچن. ئەمە ئەو فریوکاریانەی بزووتنەوەی کوردایەتیە کە دەبێت لە دژی بوەستینەوە.
بەلام با لێرەدا گەر بە کورتیش بێ ئەوە بلێم کە خەڵکی کوردستان مافی ئەوەی هەیە کە لەو جیاکاری و نەهامەتیانە ڕزگاری بێت کە بەهۆی بوونی کێشەی قەومیەوە ساڵەهایە بەسەریدا سەپێندراوە. خەڵکی کوردستان مافی ژیانێکی بێ جیاکاری و ئازادانە و دوور لە سەرکوتی هەیە. مافی یەکلایی کردنەوەی ژیان و چارەنوسی سبەینێی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر بە پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆش بێ. بەلام ئەم مافانەی خەڵک خۆبەخۆ هیچ مافی ئەوە بە ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی نادات کە خۆی بکات بە نوێنەری ئەوان. بە پێچەوانەوە سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بە درێژایی مێژوو، خۆیان لە هەبوونی کێشەی قەومی و ستەمی سەر خەڵکی کوردستانەوە ئالاندووە. ئەمەشیان لەپێناو گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە پلەوپایە و دەسەلات و پارەوپولدا بووە. بۆیە ویستی خەڵک بۆ کۆتایی هاتنی ئەم کێشەیە و کوردایەتی و بەرژەوەندییەکانی وەک دوو جەمسەری سالب و موجەبی موگناتیسێکن کە هەرگیز لێک نادەن.

٢٢/ دەوترێت ناسیۆنالیزمی کورد ڕەوایە و جیاوازی هەیە لەگەڵ

**ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر، چونکە نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی چەوساوە و ژێردەست دەکات. ڕای ئێوە چییە لەسەر ئەم وتەیە؟**

**تاهیرحەسەن:** ئەگەرئێستا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوایە، وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی زۆر بوو. دەبوو لەدەرگای زۆر باس بدرێت تا نادروستی ئەو تێگەیشتنە بسەلمێنرێت. چونکە ئەوێ ڕۆژێ خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی یەکێک لە ڕەشترین ڕژێمەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بوو. قورسایی هەڵاواردنی قەومی لەسەر بیر و خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانی عێراق هێندە زۆر بوو کە ناسونالیزمی کورد نەک هەر دەیتوانی کۆنەپەرستی خۆی لە سایەیدا بشارێتەوە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر بەرگی شۆڕشگێڕیشی دابوو بە شانیدا.

ئەوەی کە ناسیۆنالیزم نوێنەرایەتی نەتەوەکەی خۆی دەکات، قسەیەکی پووچە، ناسیۆنالیزم خۆی بۆ خۆی داتاشیوە. تا لە ڕێگەیەوە و بەناوی ئەوەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، یان شەریک بێت لە دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەگەر مەبەست لە نەتەوەی کورد ئەو خەڵکەیە کە بە کوردی قسە دەکەن، ئەوا کوردستانیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر کۆمەڵگەیەکی چینایەتیە، پێکهاتووە لە کرێکاران و سەرمایەداران و مامۆستایان و زەحمەتکێشان، کە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز و دژبەیەکیان هەیە، هیچ هێزێک ناتوانێت نوێنەرایەتی ئەم هەموو بەرژەوەندیە دژبەیەکانە بکات.

**ئەحزاب و بزووتنەوەی سیاسی جۆراوجۆر بەوە دەستەبەندی ناکرێن کە خۆیان لەسەر خۆیان چی دەڵێن و چۆن ڕێکلام بۆ خۆیان دەکەن، بەڵکو بەوە هەڵدەسەنگێنرێن و ڕەوایەتیان پێ دەدرێت کە لەنێو کێشمەکێش و ململانێی هەمە ڕۆژەی چینایەتی نێوان کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە لەگەڵ سەرمایەداران، ئەوان لەپەنای کامیاندا وەستاون؟ ئامانجیان لەگەڵ کامیان گرێداوە و نوێنەرایەتی کامیان دەکەن؟**

سەیرکەن خاڵی شانازی دەسەڵاتی سی ساڵەی بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەوەیە کە لەم سی ساڵەدا چەندین هەزار ملیۆنێر و سەدان ملیاردێر هەڵتۆقیون، لەملایشەوە ملیۆنەها کەس بێ ئاو و بێ نان و

بێ کارەبا و بێ دەرمانن. ئێستا ئێوە بڵێن ئایا بەڵگەهێنانەوەی دەوێت تا ئینسان بزانێت ناسیۆنالیزمی کورد نوێنەری سەرمایەدارانی کوردە و لەو کێشمەکێشەدا لە پەنای ئەواندا وەستاوە و نوێنەرایەتی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکات؟ سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد خۆیان بە زاری خۆیان دەڵێن، ئەوەی ڕژێمی بەعس پێی نەکرا، ئێمە بە میللەتەکەی خۆمانمان کرد.

تەنیا سەیری سی ساڵی دەسەڵاتیان بکەن، ئەوکات تێدەگەن کە بەهەق ناسیۆنالیزمی کورد یەکێکە لە کۆنەپەرستترین ڕەوتەکانی بۆرژوایی ناوچەکە، پێش هەر لایەک دوژمنی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر بمانەوێت کەمترین تروسکایی خۆشی و کامەرانی و ئازادی بکەوێتە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان، دەبێت لەهەنگاوی یەکەمدا دەستی ناسیۆنالیزم لەسەر ژیانی کۆمەڵگە بۆ هەمیشە کۆتا بکرێت.

**٢٣/ دەمێکە خەڵکی کوردستان گیرۆدەی ستەمی نەتەوایەتین، ڕێگەچارەی ئێوە بۆ ئەم کێشەیە چییە؟**

**مستەفا باهیر:** بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، سەرەتا پێویستە هەندێ ڕوونکردنەوە بدەین لە سەر هەردوو دەستەواژەی "ستەمی نەتەوایەتی" و "کێشە (یان مەسەلە)ی نەتەوایەتی"، کە لە پرسیارەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. لێک جیاکردنەوەی ئەم دووانە مەسەلەیەکی گرنگە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، چونکە بوونی ستەمی نەتەوایەتی خۆبەخۆ بە مانای بوونی مەسەلەی نەتەوایەتی نییە. لە نیزامی سەرمایەداری ئەمڕۆدا، گەلێک جۆری جیاکاری و ستەم و نایەکسانی هەن، وەک ستەم و جیاکاری چینایەتی، ستەم و جیاکاری و نایەکسانی جنسی، نەتەوایەتی، ئایینی و ...تاد. وەڵامی ئێمە بۆ ئەم نایەکسانی و ستەمانە سڕینەوە و نەهێشتنیانە. بەدیاریکراویش سەبارەت بە ستەمی نەتەوایەتی دەبێت بڵێین کە لە عێراق و وڵاتانی دراوسێدا ئەم ستەمە تەنها لە دژی "کورد" پیادە نەکراوە، بەڵکو لەدژی "ئازەر" لە ئێران، "عەرەب" لە ئێران و تورکیا و تاد پیادە کراوە. ئێمە بە توندی لەدژی

جیاکاری و ستەمی نەتەوایەتین و بە یەکێک لە ئامرازەکانی دەستی بۆرژوازی دەزانین بۆ نانەوەی دووبەرەکایەتی لە ناو چینی کرێکاردا و بە بەربەستێکی سەرەکیی ڕێگەی شۆڕشی کرێکاری دەزانین. ئێمە خوازیاری لە ناوبردنی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتین. هەموو دانیشتووانی ئەم وڵاتانە، جا سەر بە هەر "نەتەوەیەک" بن، دەبێت مافی یەکسانیان هەبێت، نابێ هیچ جیاوازییەک لە سەر بنەمای ئینتمای نەتەوایەتی لە نێوانیاندا بکرێت.

بەڵام کاتێک ستەمی نەتەوایەتی لە مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە ململانێی نێوان ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و ژێردەستدا دەبێتە گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و برینێکی گەورە لە جەستەی کۆمەڵگەدا، ئیتر ئەم کێشەیە تەنها بە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی چارەسەر نابێت و وەڵامێکی قووڵتر دەخوازێت. سەرباری زۆریی حاڵەتەکانی ستەمی نەتەوایەتی لە عێراق و وڵاتانی دراوسێدا، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بەڕای ئێمە، لەمڕۆدا، تەنها کێشەی کورد دەچێتە چوارچێوەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوە.

"مەسەلەی نەتەوەیی زیاتر لەهەر شتێک ئاکامی نەتەوەیی بوونی فەلسەفەی دەسەڵاتی دەوڵەتییە لەکۆمەڵگەدا. ناسیۆنالیزمی میللەتی باڵادەست و هێنانەمەیدانی دەوڵەت وەکو ئامرازێک بۆ زامنکردنی باڵادەستیی نەتەوەیی و قانوونیەتدان بەهەڵاواردنە نەتەوەییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی سەرهەڵدانی مەسەلەی نەتەوەییە لەچوارگۆشەی جیهاندا." * بەڵام مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراقدا تەنها زادەی نەتەوەیی بوونی فەلسەفەی دەسەڵاتی دەوڵەتیی نییە لە عێراقدا، کە بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە ئەم دەسەڵاتەی بەکارهێناوە بۆ زامنکردنی باڵادەستی ناسیۆنالیزمی عەرەب و جوداسازیی و جەور و ستەم و جینۆساید لەدژی خەڵکی کوردستان. ناسیۆنالیزمی کوردیش، وەک بزووتنەوەی چینە داراکانی کۆمەڵگەی کوردستان کە ئەم ستەمەی سەر خەڵکی کوردستانی بەدەستەوە گرتووە بۆ

* مەنسور حیکمەت، وتاری " نەتەوە و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، بەشی سێیەم: ئەنتەرناسیۆنالیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی
https://www.hkkurdistan.org/?p=908

بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی و گرێدانی بە مەسەلەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ئەم مەسەلەیەدا. ستەمی نەتەوایەتی بووەتە ئامرازێک بەدەست ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانیەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و شەریکبوونەوە لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا. لە سایەی کارکردی ناسیۆنالیزمی هەردوولادا مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان قڵشت و دابڕانێکی قووڵی لەنێوان چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و باقی شارەکانی عێراقدا دروستکردووە، درزێکی گەورەی خستۆتە نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەب زمانەوە.

مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی عێراق وەڵامی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بۆ کێشەی کورد. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا، وێڕای چارەسەر کردنی ڕیشەیی مەسەلەی نەتەوایەتی، ئامرازێکە بۆ چەککردنی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی و ڕێگەکردنەوە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە کارکرد و قورسایی زیانبەخشی ناسیۆنالیزم لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیان.

مەنسور حیکمەت هەڵوێستی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەم شێوەیە باس دەکات: "بەڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، یان مافی جیابوونەوە، وەسیلەیەکی سیاسی و شیعارێکی تاکتیکیی نییەلەبەرامبەر بوونی نەتەوەکان و ئینتما و خۆشباوەریی نەتەوەییدا وەیان تەنانەت بوونی ستەمی نەتەوەییشدا، بەڵکو ئامرازیکە بۆ وەڵامدانەوەبە"مەسەلەی نەتەوایەتی". بوونی نەتەوە و ستەمی نەتەوایەتی، خۆبەخۆ بەمانای بوونی "مەسەلەیەکی نەتەوەیی" نییە. ئەمە[ واتە "مەسەلەی نەتەوایەتی"–وەرگێڕ] مەقولەیەکی بنەڕەتییە لە باسەکەی ئێمەدا. هەڵبەتە بەبێ ناسنامەی نەتەوەیی مەسەلەی نەتەوەیی ناتوانێ بوونی هەبێت. هەروەک چۆن بەبێ ستەمی نەتەوەییش، یان تەسەوری بوونی ستەمی نەتەوەیی، وەیان لانی کەم کیبرکێی نەتەوەیی، مەسەلەی نەتەوەیی وجودی ماددی

نابێت. ئەمانەمەرجی پێویستی سەرهەڵدانی مەسەلەی نەتەوەیین لەکۆمەڵگەدا، بەڵام مەرجی کافی نین. کاتێک ئەتوانین باس لەبوونی مەسەلەی نەتەوەیی بکەین کەئەم ناسنامە نەتەوەییە ناکۆکانە و کێشمەکێش و کیبڕکێ و دوژمنایەتییان گەیشتبێتە ئاستێک لەخەستبوونەوە و توندبوونەوە، وەپیشینە و مێژوویەکیان هەبێت و حەساسییەتێکیان لە گشت کۆمەڵگەدا دروست کردبێ کەئەوی خستبێتەڕیزی مەسەلە میحوەرییەکانی کۆمەڵگەوە . مەسەلەیەک کەلە ڕوانگەی جەماوەری فراوانی خەڵک و لەڕووی ژیانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەوە وەڵام دەخوازێ. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە یەکێکە لە شێوازەکانی تیمارکردن، نەشتەرگەرییەکی کۆمەڵایەتییە، کەلە هەلومەرجێکی وادا بەدەست چینی کرێکارەوەیە. بەڵام لەپێشدا دەبێ مەسەلەیەک هاتبێتە ئاراوە تا وەها ڕێگە چارەیەک لە بنەڕەتەوە مەوزوعییەت پەیدا بکات. دەبێ دەردێک وجودی هەبێت تا دەرمانێکی لەم چەشنە بخرێتە دەستووری چارەسەر کردنەوە... بەرنامەی کۆمۆنیستیی سەنەدی دڵڕاگرتنی نەتەوەکان نییە. بڕیار نییە چینی کرێکار بۆ دابەشکردنی هەر وڵاتێک بۆ کۆمارە سەربەخۆکانی دانە دانەی نەتەوەکان بخرۆشێ. لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە هەر سکاڵا و نارەزایەتییەک لەستەمی نەتەوەیی یەکسەر بەڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە وەڵام وەرناگرێتەوە، سەرکەوتنی کرێکاریی، جەژنی ناسیۆنالیزم نییە. چینی کرێکار و بەرنامەی کۆمۆنیستی لەسەرێتی کۆتایی بەستەمی نەتەوەیی بهێنێت و بۆ ئەو مەسەلە نەتەوایەتیانەی کەبوونەتە مەسائیلێکی واقعی لە ژیانی جەماوەری خەڵکدا ڕێگەچارەدابنی. ئەم ڕێگەچارەیە دەتوانێ بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی نەتەوەی ستەم لێچوو و ژێردەستەبێت."*

**٢٤/ ئێوە لەلایەک باسی ئەنتەرناسیۆنالیزم و یەکێتی جیهانیی کرێکاران دەکەن، لەملاشەوە باس لە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن!**

* مەنسور حیکمەت، وتاری " نەتەوە و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، https://www.hkkurdistan.org/?p=908

**ئایا ئەم دووانە ناکۆک نین؟**

**مستەفا باهیر:** ئەنتەرناسیۆنالیزم، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمۆنیزم، خەباتێکە بۆ یەکخستن و یەکگرتووکردن و هاوخەباتی چینی کرێکاری "نەتەوە" جیاجیاکان و هەڵگرتنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە بۆ بەرژەوەندی چینە داراکان و سەرمایەداران لەنێوان ئینسانەکاندا کێشراون. لەکاتێکدا یەکێک لە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەشێ جیابوونەوە و دروستکردنی سنوور و دەوڵەتێکی تازە بێت. مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی، مەبدەئێکی کۆمۆنیستی نییە، بەڵکو ئامراز و تاکتیکێکی سیاسیی کۆمۆنیزمی کرێکارییە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، کێشەیەک کەمێژوویەکی دوور و درێژە بووەتە بەربەستی سەرەکی سەر ڕێگەی هاوپشتی و هاوخەباتی و یەکێتی کرێکارانی کوردستان و باقی عێراق. لە ڕوانگەی ئێمەوە، ناچارکردن بە پێکەوە ژیانی زۆرەملێ و نادڵخوازانە، نەک گیانی یەکێتی و هاوپشتی نێوان کرێکان بەهێز ناکات، بەڵکو گورزی گەورەی لێدەدات. لە حاڵەتێکی ناچاریی بەمجۆرەدا ڕەنگە جیابوونەوە باشتر زەمینە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و بەهێز کردنی گیانی هاوپشتی و هاوچارەنوسی و بەم مانایەش ئەنتەرناسیۆنالیزم برەخسێنێ.

مەسەلەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکە کە ناسیۆنالیزم لە هەردوو لای کێشە و دەعواکەدا بەپێچەوانەی ئیرادەی ئێمەوە خوڵقاندوویەتی و ئێمە ناچارین ڕێگە چارەی بۆ بدۆزینەوە. "پێدانی مافی جیابوونەوە، گێڕانەوەی مافەزەوت کراوەکانی نەتەوەکان نییە، بەڵکو قبووڵ کردنی لێک ترازانێکی تازەیەلەناو کۆمەڵگای ئینسانیدا و تەسلیم بوونەبەو واقعییەتەدەردناکەکەژیانێکی هاوبەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای نەتەوەیی و قەومی لەنێوان زۆرێک لە ئینسانەکاندا مەیسەر نەبووە. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەلەڕوانگەی کۆمۆنیستێکەوەدیهاتنی بنەمایەکی "موقەددەس" و "ڕزگاریبەخش" نییە، کە"بەرێکەوت" "کەمێک" ناکۆکی هەیەلەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریدا، بەڵکو تەسلیم بوونە بەڕاستییەکی تاڵ

کەلەجیهانی واقعیدا و بەپێچەوانەی ئامانجەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکارییەوەهاتۆتە ئاراوە". *

"مەسەلەی نەتەوەیی بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. بەڵام چارەسەر کردنەکەی زۆرجار دەکەوێتە ئەستۆی سۆشیالیزمی کرێکارییەوە. باسی بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە ئامرازێکی گرنگی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارە لەبەرامبەر بنبەست و قەیرانێک کەناسیۆنالیزم و بۆرژوازی خولّقاندوویانە . بەم پێیە هاتنە ناوەوەی باسی مافی جیابوونەوە بۆ ناو بەرنامەی کۆمۆنیستی بەمانای بەڕەسمییەت ناسینی توانای تێکدەرانەی ناسیۆنالیزمە لە دنیای بۆرژوازیدا. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە چەکێکە بۆ خەبات لە دژی ناسیۆنالیزم. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی نەتەوەی ستەم لێکراو وەکو ڕێگەچارەی مەسەلەی نەتەوایەتی، شێوازێکە بۆ چەککردنی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی و ڕێگە خۆشکردن بۆ ڕزگاربوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەکارکردە زیانبارەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر زەین و ژیانیان." **

لەمڕۆی عێراقدا، سەرباری تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر لەناوچوونی یەکێک لە حکومەتە هار و دڕندەکانی مێژووی دەسەڵاتداریێتی ناسیۆنالیزمی عەرەب، حکومەتی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی کورد، واتە حکومەتی بەعس، بەداخەوە هێشتا دەوڵەتێک لەسەرکارە کە لەسەر بنەمای قەومی و مەزهەبی و تیرەگەری دامەزراوە و ئەمەی بە ڕەسمی لە دەستوردا جێگیر کردووە. ئەم دەوڵەتەی ئێستای عێراق نەک مەسەلەی کوردی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو لە سایەیدا سەرتاپای عێراق، بە کوردستانیشەوە، بەردەوام لە گێژاوی ململانێ و ڕکابەریی نەتەوەیی و مەزهەبیدایە. هەربۆیە لەمڕۆدا جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕەنگە باشترین چارەسەر بێت.

بەڵام ئێمە شەیدای جیابوونەوەی کوردستان نین و لە هەموو هەلومەرجێکدا

* مەنسور حیکمەت، وتاری " نەتەوە و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری"، https://www.hkkurdistan.org/?p=908

** هەمان سەرچاوە.

پێشنیاری جیابوونەوە ناکەین لە ڕیفراندۆمدا. شۆڕشی سۆشیالیستی و بەدەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان دەخاتە سەر شاڕێی چارەسەر کردنی ڕیشەیی هەموو جۆرە جیاکاری و ستەم و نایەکسانییەک، لەوانەش ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان دادەمەزرێنێ لەسەر بنەمای یەکێتیی ئازادانەی خەڵکی نەتەوە جۆراو جۆرەکان. ئەمە باشترین و ئازادیخوازانە ترین ئاییندەیە بۆ عێراق. ئەگەر لە عێراقدا، نەک حکومەتێکی سۆشیالیستی، بەڵکو دەوڵەتێکی سێکۆلار و ناقەومی و نائایینیش لەئارادا بێت کە هەموو خەڵکی عێراق بە یەک چاو سەیر بکات و کۆتی ناسنامەی قەومی و ئایینی و تیرەگەری نەکاتە گەردنی هاووڵاتیان، ئێمە لەم حاڵەتەشدا دیسان پێکەوە ژیانمان پێ باشترە و لە ڕیفراندۆمدا بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین کە دەنگ بە جیابوونەوە نەدەن. لە هەلومەرجێکی بەو جۆرەدا ئێمە پێشنیاری پیکەوە ژیان دەکەین و ئەوە بە قازانجی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش دەزانین.

**٢٥/ بۆچی فیدراڵیزم ڕەت دەکەنەوە لەکاتێکدا بەشێک لە حیزبەکان کردویانەتە ئامانجی خۆیان؟**

**دەشتی جەمال:** ئێمە بۆیە فیدراڵیزم ڕەت دەکەینەوە، چونکە ناسنامەی قەومی بە بەر خەڵکی کوردستاندا دەکات و کێشەی قەومی بۆ هەتاهەتایە دەهێڵێتەوە. ئەوەشی کە حیزبەکان کردویانەتە ئامانجی خۆیان لە بنەڕەتەوە نەخشەڕێگەیەک بوو کە ئەم حیزبانە لە پشتی خەڵکی کوردستانەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەوان، بە مەبەستی بەشداریکردن لە حکومەتی تازەی عێراقدا بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات و پۆست و پلە و پایە دایانڕشتبوو، ئەویش لە دەورانێکدا کە سازدانەوەی دەوڵەت لە عێراقدا هاتبووە کایەوە. نەخشەڕێگەیەک کە لە بنەڕەتەوە مافی هاوڵاتی یەکسانی هەڵوەشاندەوە و کۆمەڵگەی بەسەر ناسنامەی قەومی و ئایینی و تیرەگەریدا دابەش کرد و بەم شێوەیە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوازی هەم لە کوردستان و هەم لە تەواوی عێراق بەناوی نەتەوەوە بەرەودواوە برد و

پاشـەکشـەی بەسـەردا سـەپاند. ئەمەش ئیتر داوایەکی کۆنەپەرستانە و پێچەوانەیە بە ڕەوتی مەدەنیەتی کۆمەڵگە و ئەو مافە فەردی و مەدەنیانەی کە کۆمەڵگەی بەشەریەت پێی گەیشتووە. با لەم بارەیەوە کەمێک ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە:

فیدراڵیزم لە مێژوودا دروشمێکی ڕوو لە پێش بوو بەدەست چینی بۆرژوازی تازەپێگرتووەوە، تا کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست لەو پارچەپارچە بوون و دابەشبوونەی بەسەر حکومەت و دەسەڵاتە ناوچەییەکان و قەڵەمڕەوی پادشا و نەتەوە و ئایینەکاندا دەربکێشێت و لە جێگەیدا کۆمەڵگەیەکی یەکپارچە و مەدەنی لەسـەر بنەمـای مـافی هـاوڵاتی یەکسـان لە چـوارچـێوەی دەوڵەت_نەتەوەدا دابمەزرێنێت. بەمجۆرە دامەزراندنی کۆمارە فیدراڵەکانی وەک ئەڵمانیا و ئەمریکا و سویسرا و ...هتد هەنگاوێکی ڕوو لە پێش بوو، چونکە توانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیانە لە ناسنامە محەلییە نەژادی و قەبیلەیی و دواکەوتووەکان دەربهێنێت و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا یەکگرتوویان بکات و ناسنامەیەکی یەکپارچەییان پێ ببەخشێت. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا فیدراڵیزم، ڕێک بەپێچەوانەی ئەو ڕۆڵەی کە لە مێژوودا بوویەتی، ڕۆڵێکی کۆنەپەرستانە دەگێڕێت. واتا فیدراڵیزم ڕۆڵی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارچەپارچە کردنی و بە بەرداکردنی ناسنامە قەومی و تیرەگەری و مەزهەبییەکان بەناوی "فرەڕەنگی و کەمایەتییەکانەوە" بە دانیشتوانی وڵات دەدات و مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانیان لێدەسێنێتەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە تیایدا دەژین. بێگومان لەم فیدراڵیزمەدا، نەتەوە و نەژاد و ئایین و تایفەی گەورە ئیمتیازاتی زیاتری پێدەدرێت لەوانی تر کە کەمینەن و لەسەر بنەمای ئەم ئیمتیازاتانەش، ماف و ئیختیارات بە "کەمینەکان" دەدرێت. ئەمە ئیتر ناسنامەی ئینسانی بوون و هاوڵاتی بوونی یەکسان، کە دەسکەوتێکی کۆمەڵگەی بەشەرییە، بەتەواوی دەسڕێتەوە. لەم بارەیەوە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتانی فیدراڵ بە دوای ڕووخانی بلۆکی شەرق (یەکێتی سۆڤیەت) و یۆگۆسلافیا و ئەفغانستان، نموونەگەلێکی بەرچاون کە چۆن کۆمەڵگەکان بۆ

بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا و ناتۆ و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و لکاندیان بە خۆیانەوە، پارچەپارچە کران و چەند دەوڵەتێکی بچوک لەسەر بنەمای ناسنامەی قەومی و نەژادی و ئاینی پێکهاتن و کۆمەڵگەکانیان ڕاکێشایە نێو بورکانێک لە کێشە و ناکۆکی و دنەدانی قەومی و ئاینیەوە، کە کەس نازانێ ڕووبەڕووی چ کارەساتێکی ئینسانی دەبنەوە. لەکاتێکدا ئەم پرۆسەیە شتێکی تر نەبوو جگە لە دابەشکردنی بازاڕ و سەروەت و دەسەڵات بەسەر باڵەکانی بۆرژوازیدا.

ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبەکانی ئەمڕۆ کە باس لە فیدراڵیزم دەکەن، گوایە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام لە تەجروبەی واقعی فیدراڵیزەکردنی عێراقدا، بینیمان کە چۆن هەردوو حیزبی ناسیۆنالیستی کورد دەسەڵات و کۆمەڵێک ئیمتیازاتی سیاسی، ئابووری، ئیداری و...هتد و بەڕێوەبردنی کوردستانیان پێدرا، کەچی نەک هەر کێشە و ناکۆکی نەتەوەیی لە عێراقدا چارەسەر نەبوو، بەڵکو ململانێ و پێکدادانە قەومیەکانی زەقتر بووەوە. لەمەش زیاتر، فیدراڵیزەکردنی عێراق، نەک هەر کۆمەڵگەی بەسەر نەتەوە وتائیفە و ئاینەکاندا دابەش کرد، بگرە هەمووشیانی خستۆتە بەرامبەر یەکەوە: سوننە لە بەرامبەر شیعە، کورد لە بەرامبەر عەرەب، "کەمایەتییەکان"ی وەک تورکمان و مەسیحی، بەتەواوی کەوتوونەتە ژێر قاچی "پێکهاتە سەرەکییەکان"ەوە و بەمجۆرە کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بە یەکجاری سڕدراوەتەوە. تەنانەت خودی ئەوەی کە کوردستان لە گێژاوی ڕێکەوتنی نێوخۆی حیزبەکان و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدادا ڕاگیراوە و هەر کاتێکیش کە هاوکێشەی هێزی نێوانیان دەگۆڕێت بەڵایەک ڕوو لە خەڵکەکەی دەکات، بەرئەنجامی ئەم فیدراڵیزمەیە. ئەوان فیدراڵیزمیان بۆ هێشتنەوە و بە ئەبەدیکردنی مەسەلەی کورد کردۆتە ئامانجی خۆیان و تا بۆشیان کرابێت خۆیان لاداوە لە گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەربارەی جیابوونەوە یان مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، وەکو هاوڵاتی خاوەن مافی یەکسان.

فیدراڵیزم بە مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکە لەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی

و سڕینەوەی ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی دانیشتووانی وڵاتە. فیدراڵیزم زەمینەیەکە بۆ سەرهەڵدانی بەردەوامی شەڕ و کوشتار و نائارامی. فیدراڵیزم بۆ ئەحزابی ناسیۆنالستی کورد لە بنەڕەتدا شەڕی دەسەڵات و داهاتە لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا. لە سایەی فیدراڵیزمدا بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدایە کە لە داهاتی بێسنووری عێراق بەهرەمەند بن و هاوبەشی دەسەڵاتی ناوەند بمێننەوە.

لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئێمە دژی فیدراڵیزم و ئەو دابەشبوونە قەومی و ئاییني و تایفەگەریەین کە حیزبەکان بەناوی فیدراڵیزمەوە بەسەر کۆمەڵگەدا دایان سەپاندووە و بە دژی خەڵکی کوردستان و عێراقی دەزانین. ڕێگەچارە و بەدیلی ئێمە بردنی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە بۆ کۆمەڵگەیەکی سێکولاری نەقەومی و نەئاییني، کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ دانیشتوانەکەی لە هەموو بوارەکانی سیاسەت، ئابووری، یاسا، فەرهەنگ و کۆمەڵایەتیدا دەستەبەر بکات و هەمووان بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەسەر ئەم بنەمایە ژیان بکەن و مافەکانیان پارێزراو بێت. تا ئەو جێگەیەشی بە چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراقدا دەگەڕێتەوە، گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکدا، بەوەی کە دەیانەوێت جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن و یان بە مافی هاوڵاتی یەکسانەوە لە عێراقدا بمێننەوە. ئەمە ڕێگەیەکی کارسازە بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیە قەومیەکان.

# بیروباوەڕی ئایینی و ئیسلام

**٢٦/ ڕەخنەی ئێوە لە ئایین چییە؟**

**جەمال موحسین:** سەرەتا، بە گشتی ئایین تێگەیشتنە بەراییەکانی مرۆڤ بووە لە غیابی زانست و لێکدانەوەی بوون و سروشت و ژیان و کۆمەڵگە کە زۆرتر پاڵی داوە بە ئەفسانە و حەواڵەکردنی شت و مەسەلەکان بۆ هێزی دەرەکی و خورافی. بەڵام سەرەڕای ئەم پێچەوانەییەی ئایین لەگەڵ زانست و ڕوانگە زانستیەکاندا بۆ کۆمەڵگە و سروشت و مێژوو، لە دنیای ئەمڕۆدا وەک سیستمێکی فیکری و ئایدۆلۆژی، کارکردی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. بەتایبەتی هەروەک ئەبینین ئایین پاڵی داوە بە کۆمەڵێک دامودەزگای فراوانی مالی و دەوڵەتی و یاساییەوە و لێرەشەوە لە سیستمی پەروەردەشدا ڕەنگی داوەتەوە. بەمجۆرە ئایین لە بیروباوەڕێکی تاکە کەسی واوەتر ئەڕوات. بە درێژایی مێژوو و لە هەر قۆناغێکدا چینە دارا و دەسەڵاتدارەکان ئایینیان بردووە بە میرات بۆ خۆیان و کردوویانە بە بەشێک لە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگە. ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ ڕاگرتنی جەماوەری چەوساوە لە دواکەوتوویی و قایل بوونیان بە مانەوە لەژێر سایەی سیستمە چینایەتیەکاندا کە لەسەر بنەمای ناعەدالەتی و ستەم و چەوسانەوە دامەزراوە و سەرەنجام پارچەپارچەکردنی ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی جەماوەی ناڕازی، سودی لێوەرگیراوە. خاڵێکی تر کە پێویستە لێی وردببینەوە ئەوەیە کە هەتا وەکو باوەڕێکی شەخسیش ئەوە کەسەکە نییە کە ئازادانە ئایینی هەڵبژاردبێت، بەڵکو ئەو سیستم و ڕێڕەوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و هەتا خێزانیەیە کە ئایینی بەسەر کەسەکاندا سەپاندووە. ئینسان بەبێ باوەڕ و ئایین لە دایک ئەبێ بەڵام ئەوە دەوڵەت و چینە دەسەڵاتدارەکانە کە لە ڕێگەی "ئایینی

ڕەسمی"ەوە ئایینەکان دەسەپێنن. بۆ نمونە ئینسان ئەگەر لە هیندستان لە دایک بێ ئایینی بوزی و هیندوسی بەسەردا دەسەپێندرێت و ئەگەر لە ئیسرائیل لە دایک بێ ئایینی یەهودی و لە دنیای ناسراو بە ئیسلامیدا لە دایک بێ ئایینی ئیسلامی بەسەردا دادەبڕێت. کەچی وەک زانراوە لەم کۆمەڵگەیانەدا بیروباوەڕی زانستی و ڕاستی سەلمێندراوی زانستی و بیروڕای ڕەخنەگرانەش هەیە بەڵام چونکە دژی بیروباوەڕی داسەپاوی چینی دەسەڵاتدارە، فەرامۆش و بگرە سەرکوتیش کراوە. لەولاشەوە ئایین کراوەتە کار و کاسبیەک و بازاڕی بۆ هەزاران مەلا و قەشە و حاخام و پیاوانی تری ئایینی گەرم کردووە. هاوکات تۆڕێکی فراوانی لە وەزارەتی ئەوقاف و بەڕێوەبەرایەتییە ئایینیەکان، لیژنەکانی فەتوا و یەکێتیە ئایینیەکان و چەندەها مزگەوت و کڵێسا و ناوەندی تری ئایینی لەپاڵ دەسەڵات و دەوڵەتدا پێکهێناوە. هەموو ئەمانەش لەلایەک بواری سەرمایەگوزارییان داناوە و لە داهاتی زۆری کۆمەڵگە دەکرێت بە ئاشی کارەکانیاندا، کە لەلایەکی تریشەوە کارەکانیان جگە لە برەودان بە بڵاوکردنەوەی بیروڕای دواکەوتوو و خورافەی هەزاران ساڵ لەمەوبەر و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگەدا هیچی تر نییە. بەمجۆرەش ئایین دیاردەیەکە کە بەدوای خۆیدا ستەمی جنسی و سەرکوتی سیاسی و مەعنەوی و توندوتیژی و ژێرپێنانی ماف و ئازادیەکان و داسەپاندنی کۆنەپەرستی و دەیان کێشە و بەڵای تر بەرهەم دەهێنێت. بەمجۆرەش خەبات لە دژی کارکردەکانی ئایین بە ناچاری دەبێتە بەشێک لە مەیدانەکانی تێکۆشانی چینی کرێکار و جەماوەری چەوساوە لە دژی دەسەڵات و سیستمی داسەپاوی چینایەتی. کەواتە ڕۆشنە کە ئەوە سیستم و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە بەمجۆرە کار دەکات. بەم پێیەش ڕەخنەی سەرەکی ئێمە لەو سیستمەیە کە ئایینی بۆ بەرژەوەندی چینە داراکان بەسەرکۆمەڵگەدا داسەپاندووە. هەروەک لە دنیایەکی باشتر بەرنامەی حیزبدا هاتووە کە چەوساندەوە و جیاکاری و بێمافی بەبێ تەسلیمبوون و قایل کردنی جەماوەری چەوساوە و ترساندن و سڵەماندنەوەیان لە یاخی بوون لەم ژیانە، ئەرکی ڕوبینای فیکری و کولتوریە. ئایینیش ئەگەرچی وەک میراتی

چاخە کۆنەکان ماوەتەوە، بەڵام دەمەزەرد کراوەتەوە و وەک چەکێک بە دەست چینە دەسەڵاتدارەکانەوە بەدەستەوە گیراوە بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری چەوساوە.

بێگومان لە کوردستانیش چینی دەسەڵاتدار بۆ هێشتنەوەی ئەم جیاکاری و چەوسانەوەیە جۆرەها بیروڕا و عەقیدە و ئایدۆلۆژیا و بگرە یاسا و کولتوری کۆمەڵایەتییان بە دەستەوە گرتووە، کە ئایین یەکێکیانە. ئایین بە سادەیی بە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژار دەڵێت مل بدەن بەو هەژاری و نەبوونییە، بێکاری و بێ خانەولانەیی قبووڵ بکەن چونکە ئەوە بەشی خوایە، ئەو وای داناوە کە ئێوە بەوجۆرە و دەوڵەمەندەکانیش بەو جۆری خۆیان بژین. توڕە مەبن، بێزار مەبن، بەرەنگاری مەکەن و لەوەش زیاتر شوکرانەبژێر بن، ئەگەر نا خوا لە خۆتان دەڕەنجێنن. بەڵام ئەوەتان بیر نەچێت کە لەو دنیا خوا حەقتان بۆ ئەکاتەوە و لە خۆشی و ڕەفاهدا نوقمتان دەکات. بە قەولی لینین، ئایین ئەو ستەمکاریە ڕۆحیەیە کە هەمیشە قورسایی خۆی لەسەر هەر ئەو بەشە لە جەماوەر دادەنێت کە بەهۆی بارگرانی کاری بەردەوامەوە بۆ کەسانی تر ڕووبەڕووی نەبوونی و گۆشەگیری بوونەتەوە. ناتوانایی ئەم بەشە چەوساوەیە لە خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەوسێنەراندا بە ناچاری باوەڕ بە ژیانێکی باشتر لە دوای مردن دروست دەکات، یاخود لە ئەڵقەی باوەڕ بە خوا و شەیتان و موعجیزەدا بۆ ئاڵوگۆڕ دەیهێڵێتەوە. بە واتایەکی تر ئەوانەی لێرە لەسەر ئەم زەمینە دەژین و زەحمەتەکەی دەکێشن ئایین فێریان دەکات سەبر بگرن و ملکەچ بن، بەڵام دڵنەواییان پێدەدات کە پاداشتێکی ئاسمانی وەردەگرن. لە کاتێکدا ئەوانەی لەسەر هەر ئەم زەمینە چەوسێنەرن ئایین فێری خێرخوازییان دەکات کە لەلایەک ڕەوایەتی دانە بە مانەوەیان وەک چەوسێنەر و هاوکاتیش ئەم خێرخوازیە بۆیان دەبێت بە بلیتی خۆشگوزەرانی ئیلاهی لە بەهەشتدا.*

---

* لینین، لەسەر سۆشیالیزم و ئایین، بە زمانی ئینگلیزی، https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1905/dec/03.htm

ئێمە ئەم ڕۆڵە خراپەی ئایین دەخەینە بەرچاو، وە بە پێچەوانەوە بە خەڵکی مەحروم و ستەملێکراو دەڵێین نە تەنها ئایین، هەر ئایدۆلۆژیایەکی تر کە ئەو ژیانە بە ئەبەدی بۆ ئێمە نیشان دەدات، تورِ هەڵبدەن. با بەهەشت و ژیانی خۆشی ئاسمانی بۆ شێخ و مەلاکان و پەیڕەوە موچەخۆرەکانیان بێت، خەبات و تێکۆشانیش بۆ خۆشگوزەرانی لەسەر هەر ئەم زەمینە و لەم دنیا واقعیەدا بۆ ئێمە بێ. ئەمە تێگەیشتنی کریکارێکی هوشیارە کە سەرچاوەی چەوسانەوەکەی خۆی دەزانێت. بۆیە ئەوەی کە ئایین و ئایینەکان مرۆڤی خۆشخەیاڵ و لەوەهمدا ژیاو دروست دەکەن و سەرحاڵیان ئەکەن بەوەی ژیان لە شوێنێکی تر، لە بەهەشتی خەیاڵدا خۆش دەبێت، لای ئێمە ڕەتکراوەیە.
لەوەش زیاتر ئێستا ئایین، لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداریانەی کوردستاندا، ڕۆڵێکی واوەتر دەبینێت. ئایین لە دەسەڵات و دەستور و یاساکان و پەروەردە و زاڵکردنی فەرهەنگ و کولتوری کۆمەڵگەدا باڵادەستی پێدەدرێت، دیارە تا کۆمەکێک بە هێشتنەوەی ئەو چەوسانەوە و ژێردەستەییەی زۆرینەی کۆمەڵگە بکات بەدەستی چینی دەسەڵاتدارەوە. یانی ئایین تێکەڵ بووە بە سیاسەت و میکانیزمەکانی کۆمەڵگە و دەخاڵەت لە وردودرشتی تاکەکانیشدا دەکات. بۆ ئێمە ڕەخنە لە ئایین ڕەخنەیە لەو سیستمەی کە ئایینی بەمجۆرە کردووە بە ملۆزم بەسەر خەڵکەوە.
ئێمە دەڵێین ئایین دەبێت لە دەوڵەت و یاسا و پەروەردە جیابێت. ئایین مەسەلەیەکی کەسیی تاکەکانە و بەم مانایەش هەر کەس ئازادە ئایینی هەبێت یان نەیبێت. بۆیە ئێمە پێمان وایە بەم ڕەخنەیەمان لە ئایین و ڕۆڵەکەی لە کۆمەڵگەی چینایەتی و پڕ ستەمی سەرمایەداریدا، تەریک ناکەوینەوە کاتێک لە زمانی خۆمانەوە ڕەخنەکەمان وەربگیرێ نەک لەڕێی فریوکاری و بەلاڕێدابردنی پلە باڵاکانی ئایین و بەرژەوەندخوازەکانیانەوە. دەسەڵاتیش هەمیشە برەوی بەو قسەیە داوە کە ڕەخنە لە ئایین ئێمەی کۆمۆنیستەکان تەریک دەخاتەوە. دوو ئامانج لە پشتی ئەمەوەیە. یەکێکیان، بۆ ئەوەی خەڵکی کرێکار و بێبەش و چەوساوە سڵ بکەنەوە لە ڕەخنە لە ئایین کە ئەمەش لە

بنەڕەتدا بۆ ملکەچهێشتنەوەی جەماوەر و دڕدۆنگ کردنیانە لە دەستبردن بۆ ئەم خەباتە. دووەمیان، شەقکردنی ڕیزی جەماوەری چەوساوە و ناڕازیە، بەو جۆرەی کە ئەگەر کەسێک دەست بۆ باوەڕی باو و زاڵ ببات، بەشێک نییە هەر لەو جەماوەرەی ناڕازیە بە نایەکسانی و سەپاندنی بیروباوەڕی ئایینی بەسەریدا. لە کاتێکدا ئەم دووانە هەمان بەرژەوەندی ژیان و دەربازبوون لە چەوسانەوەیان هەیە.

**٢٧/ دەوترێت ئیسلام باوەڕی زۆرینەی خەڵکە، ئایا ڕەخنەی ئێوە لە ئیسلام و باوەڕەکانی سوکایەتی کردن نییە بەڕای زۆرینەی خەڵک؟**

**موحسن کەریم:** باوەڕی ئاینی هەر بیروباوەڕێکی دیکە، لە پرۆسەیەکی مێژوویی- سیاسیدا بووەتە باوەڕی بەشێک یان زۆرینەی خەڵک. بە هەمان شێوەش دەکرێت لە پرۆسەیەکی مێژوویی- سیاسیدا بکەوێتە بەر ڕەخنەی خودی مرۆڤەکان و گۆڕانی بەسەردا بێت. ئازادیی بیروباوەڕ و بیرکردنەوە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و نابێت لەژێر هیچ پاساوێکدا لێی زەوت بکرێت. بەهەمان شێوە ڕەخنەش لە بیروباوەڕی ئایینی، هەروەکو ڕەخنە لە هەموو بیروباوەڕەکان دەبێت بەتەواوی ئازاد بێت و هیچ بەندوکۆتێکی بۆ دانەنرێت. ئەو بیروباوەڕەی ئەمڕۆ زۆربەی خەڵک بڕوای پێیەتی، ڕەنگە ڕۆژگارێک بێت کەمترین کەس بڕوای پێی هەبێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین بیروباوەڕی ئایینی و نائایینی جۆراوجۆر هەبوون و لەناوچوون و بیروباوەڕی دیکە و بیرکردنەوەی دیکە سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و جێگەی کۆنەکانی گرتۆتەوە و لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە قبووڵ کراوە. ئەمە جموجوڵێکی بەردەوامە و لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی هۆشیاری و فیکری مرۆڤدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

بەم پێیە ئازادی بیروباوەڕ و بیرکردنەوە، لە ڕەوتێکی مێژوویيدا دەتوانێت مرۆڤەکان بەرەو هەڵبژاردنی هوشیارانەتر لە بواری فیکر و بیرکردنەوەدا ببات و ئەوەش یەکێکە لە فاکتەرەکانی گەشەی هۆشیاری مرۆڤ و هەنگاونان بۆ زاڵبوون بەسەر وەهم و خورافەکانی خۆیدا و دەستڕاگەیشتنی

بە بیروباوەڕی پێشکەوتوو، سەردەمیی و هاوچەرخ و بنیاتنراو لەسەر ئازادکردنی داهێنانی فیکری مرۆڤ و گەشەی سەرسوڕهێنەری لە بواری زانست و بەها مرۆییەکاندا.

بێگومان بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. چینی دەسەڵاتدار بۆ ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی و بەردەوامیدان بە چەوساندنەوە و ستەم و نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینە زەحمەتکێشەکان، هەوڵ دەدات کە بیروباوەڕەکان، بەهاکان، نەریتەکان و لێکدانەوەکانی خۆی بۆ ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لەناو جەماوەری خەڵکدا ڕەواج پێبدات و بیکات بە بیروباوەڕی ئەوانیش. بۆ ئەم مەبەستەش، لەپاڵ کەرەستەکانی سەرکوت و داپڵۆسیندا، دەست دەبات بۆ کەرەستەکانی چەواشەکردن و گێژکردن و لە ڕێگەی میدیا و دامەزراوە فیکریەکانیەوە دەرخواردی کۆمەڵگەیان دەدات. لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی بۆرژوازیدا، چینی بۆرژوا بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لە دواکەوتوویی و پەرتەوازەکردنی ڕیزی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، سەرەڕای ئامرازەکانی سەرکوت و پۆلیس و دەزگا جاسوسی و ئەمنیەکانی، سوود لە دامەزراوەکانی وەکو ئایین، میدیا، دامەزراوەی خوێندن و فێرکردن و ...تاد وەردەگرێت بۆئەوەی لێکدانەوەکانی خۆی وەکو لێکدانەوەی کۆمەڵگە بناسێنێت و جەماوەری خەڵکیش نەک وەکو بیروباوەڕ و دیدگای چینێک، بەڵکو وەکو دیدگا و بیروباوەڕی گشتیی کۆمەڵگە تەماشای بکەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، بە هەمان شێوە بۆرژوازی دەسەڵاتداری کورد سوود لە هەموو ئەو کەرەستانە وەردەگرێت، هەر لە بیروباوەری کوردایەتیەوە کە لە ڕاستیدا تەنها بیروباوەری بزووتنەوەی بۆرژوازی کوردە، تا ئایینی ئیسلام، بۆئەوەی وەکو بیروباوەڕ و بەها و نەریتە گشتیەکانی خەڵک ناوزەدیان بکات و بگرە لە بەکارهێنانی زۆر و سەرکوت بۆ سەپاندنیان سڵ ناکاتەوە. بەمجۆرە ئایینی ئیسلام بەسەر خەڵکدا سەپێندراوە و کراوەتە "باوەڕی زۆرینە". واتە ئەوە خەڵکی کوردستان نین کە بە ئازادانە باوەڕی ئیسلامیان هەڵبژاردبێت، بەڵکو ئەوە چینی

دەسەڵاتدارە کە لەڕێگەی قانون، دامەزراوە ئایینیەکان، وەزارەتی ئەوقاف و تۆڕی مزگەوتەکان، مەلاکان و تێکەڵکردنی ئیسلام بە پەروەردە و فێرکردن، تا سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بە دانی ئیمکانات و فرسەت بە ڕەوتە ئیسلامییەکان... کۆمەڵگەیان خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە و خەڵکیان ناچارکردووە گیرۆدەی باوەڕی ئیسلام بن و بەردەوامیش ئەم هەلومەرجە سەرلەنوێ بەرهەم دێننەوە. تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەوا گومان لەوەدا نییە کە ئیسلام بە جەنگ و"فتوحات" واتە کوشتوکوشتار خۆی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە. دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق و دواتریش دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ئایینی ئیسلامیان وەکو ئایینی ڕەسمی دەوڵەت و دەسەڵات ناساندووە و بەوجۆرە هەرکەس لەم وڵاتەدا لەدایک دەبێت، مۆری ئیسلام لە ناوچەوانی دەدەن و لە ناسنامەکەی بە ئیسلام لە قەڵەمی دەدەن.

گومان لەوەدا نییە کە بیروباوەڕی ئیسلامی و یاسا و نەریتەکانی کاریگەری هەیە لەسەر زۆرینەی خەڵکی کوردستان، ئەگەرچی کاریگەری کەلتوری نائایینی و مۆدێرن لەناو بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستاندا ڕەنگە کەمتر نەبێت لە کەلتوری ئیسلامی. بەڵام ئەو بانگەشەیەی کە بیروباوەڕێک لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵک بڕوایان پێهێناوە لە هەر جۆرە ڕەخنەیەک دەپارێزێت، لەڕاستیدا بۆ هێشتنەوەی کۆتی فیکریە لە گەردنی خودی ئەو خەڵکەدا و بەرژەوەندی سیاسی- ئابووری چینێکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی دیاریکراوی چینە داراکانی کۆمەڵگە ئەوە دەخوازێت. ئەگەر سەردەمێک چینی دەرەبەگی کوردستان و دەسەڵاتە دەرەبەگەکانی فەرمانڕەوای ناوچە کوردنشینەکان بەرژەوەندییان لە سەپاندنی ئایینی ئیسلام و هێشتنەوەیدا هەبووبێت، ئێستا چینی بۆرژوازی کورد بەرژەوەندی لە هێشتنەوە و پیرۆزکردنیدا هەیە. پیرۆزکردنی ئیسلام و ڕێگەنەدان بە هەرجۆرە ڕەخنەیەک لە ئیسلام و ناوزەدکردنی بە سوکایەتی بە خەڵکی کوردستان، تەنها بۆ هێشتنەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوورییەیە کە چینی بۆرژوازی کورد قازانجی لە مانەوەیدا هەیە و بووەتە مایەی کارەسات

و ماڵوێرانی و بێمافی بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەو خەڵکەشەوە کە بیروباوەڕی ئیسلامییان هەیە.

ئەوەی کە ڕەخنەی ئێمە کۆمۆنیستەکان لە ئیسلام، یاخود ڕەخنە لە ئیسلام بەگشتی لە لایەن دەسەڵاتەوە یاخود لە لایەن هێزگەلێکی کۆنەپەرستی سیاسیەوە بە سوکایەتی بە هەستی خەڵک بانگەشەی بۆ دەکرێت، لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە کە ڕێگە بگرن لە سەرهەڵدانی هەرجۆرە بیرو بۆچوون و بیروڕایەکی مرۆڤدۆستی و سۆشیالیستی و یەکسانیخوازانە. ئەمە هەوڵدانە بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لەناو دواکەوتوویی فیکری و سیاسیدا و بەوجۆرەش زامنکردنی مانەوەی دەسەڵاتی زاڵمانەی بۆرژوازییە بەسەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە، کە ڕەنگە زۆرینەیان بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هەبێت. لەڕاستیدا بەو کارەیان ئەوان دەیانەوێت دیوارێکی ئەستور لەنێوان ئەو خەڵکە کرێکار و زەحمەتکێشە و لەنێوان فیکر و بیروڕای ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیدا دروست بکەن. کاری ڕەخنەگرانەی ئێمە لە ئایین بۆ ڕوخاندنی ئەو دیوارەیە کە بۆرژوازی دەیەوێت بیهێڵێتەوە، بەناوی پاراستنی هەست و شعوری ئایینی خەڵکی کوردستانەوە، تا خەڵکی کوردستان بتوانن بەشێوەیەکی هوشیارانە هەڵبژاردنی فیکری و سیاسی خۆیان بکەن بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر و یەکسان هەر لەسەر ئەم کوردستانەی ئێستا، نەک سپاردنی بە دنیای خەیاڵی.

**٢٨/ ئێوە کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نازانن، بنەمای ئەم بۆچوونە لە چیدایە و ئێوە کوردستان بە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک دەزانن؟**

**جەمال موحسین:** کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلامی نییە، بارکراوە بە ئیسلام و ئیسلامگەرایی. تەماشای ژیانی واقعی و ڕۆژانەی خەڵک بکەی، تەماشای هەڵسوکەوت و خۆشی بینین و سەیران و خولیا و حەزی پیادەکراوی خەڵک بکەی پێچەوانەیە بە ئیسلام و بەهاکانی. ئەتوانین بڵێین مۆسیقا و سەما و یاری و کەیف و سەفا و لەززەت بردن لە ساتە خۆشەکانی ژیان زۆرتر لای

خەڵک باون تا سروت و ڕێوڕەسمە ئایینی و خواپەرستیەکان. ڕوونە کە بەڕاستی گوێگرتن لە ئاهەنگ و گرنگیدان بە هەڵپەڕکێ زۆرتر ڕەواجی هەیە تا تلاواتی قورئان و سەڵاواتدان، بە تایبەتی لەنێو بەشێک لە نەوەی تازە و نەوجەوان و تازەپێگەیشتوواندا.

ئەوە ڕاستە کە بە هەزارەها کەس هەن لە کوردستان باوەڕیان بەوەیە خۆیان بۆ بەهەشت هەڵبگرن و ڕەنگە کەسانێک خۆیان دانابێ بەوجۆرە لە ژیان لەو دنیا شاد ببنەوە. بەڵام ئەوانە زۆرینە نین و بە دڵنیاییەوە زەبروزەنگ و ترسی جەهەنەمی نێو خەیاڵ نەبێ، ئەوانیش لە ژیانێکی خۆش و خۆشگوزەران و ئاسودە بەهەرمەند بن، لەم دنیای پێشکەوتن و تەکنەلۆژیەدا پێویستیان بە گەڕانەوە بۆئەم ئەفسانە و خەیاڵە نابێت. ئەو هەزارەها کەسانەش کە وا باوەڕدارن لە دژایەتیەکی ناوخۆییدا دەژین لەنێوان بیروڕا و ئایینەکەیان و ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی خۆیاندا.

مەنسور حیکمەت وتەنی سەپاندنی ئایینی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگەدا وەک سپرینگەکە وایە هەتا دەتوانیت بیکشێنە بەڵام هەرئەوەندە دەستت لێبەردا دەچێتەوە جێگە ئەسڵییەکەی خۆی. جۆری ژیانی خەڵکی کوردستان مۆدێرن و شارستانیە، ئەگەر دەسەڵاتی بۆرژوا کوردایەتی کە ئاوێزانە لەگەڵ بنەما و سەرچاوەکانی ئایینی ئیسلام نەبووایە، بە دڵنیاییەوە لەژێر فشاری ئەو کشانەدا نەدەبوو.

کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارنشینی و سەرمایەداریە، وابەستەیە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانگیرەوە و شێوەی ژیانی خەڵکەکەی بەوجۆرە نییە پیادەی بەها و پێوانەکانی نیوەدورگەی عەرەبی هەزار ساڵ لەمەوبەر بکات، یاخود پەیڕەوی لە بنەما و بەهاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات. خەڵکەکەی وا ناکات با دەسەڵاتەکەی وەفاداریەکیشی لەوبارەیەوە هەبێت. بێگومان لەم کۆمەڵگە شارستانیەدا بۆچوون و بیروڕای جیاواز هەیە، ڕۆشنبیری لایەنگر لە خوا و ئایینیش زۆرە و خەڵکی بێباوەڕ و بێخوداش زۆرە. بە ئاسانی موسوڵمان و زەردەشتی و یارسانی (کاکەیی) و یەزیدی و مەسیحی هاوشانی ئاتەئیست و بێبڕوا بە بوون یان نەبوونی خوا

(ئەگنۆستیک_ agnostic) دەبینیت. بەڵام ئەمانە شوناسی کۆمەڵگەی کوردستان نین، پێناسی ئەم کۆمەڵگەیە بوونی چینەکانن. کرێکاران و هەژارانی دەستنەڕۆیشتوو کە زۆرینەی کۆمەڵگەن و سەرمایەدار و خاوەن موڵکەکان کە کەمینەی خاوەن دەسەڵاتن. ناکۆکیەکانی کۆمەڵگە ئەمەیە، نەک ئەوەی بە زەرەبین بگەڕێی بە دوای ئەوەدا کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە یان نا و نەشیدۆزیتەوە. بێگومان چینە داراکان و دەسەڵاتداران دەیانەوێت بەرگی ئاینی بە بەری کۆمەڵگەدا بکەن و وەک پایەیەکی سیستمەکەیان بەکاریبهێنن لە دژی خەڵکی چەوساوە. بۆیە هەوڵیشیانداوە پێوانە ئایینی و ئیسلامیەکان داسەپێنن. یاسایان لەو پێناوەدا داناوە و هەتا لادان لێی بە لادان لە موقەدەساتی دەسەڵات لە قەڵەم دەدەن. ئەوان وێنایەکی ئایینی لە تەواوی کۆمەڵگە دەدەن هەتاکو بە خەڵکی بقەبڵێنن کە ئەوەی هەیە باوەڕی خەڵک خۆیەتی نەک شتێکی بە یاسا و سەرکوت سەپێنراو... بەم پێوانەیە کۆمەڵگەی کوردستان خۆی ئیسلامی نییە و هەروەک خەڵکەکەشی پیادەی جۆرێکی تر لە ژیان دەکەن.

**٢٩/ ئێوە لەلایەک باس لە ئازادی بیروباوەڕ و بێئایینی و ئایینداری دەکەن و لەلایەک دەتانەوێت ئایین دەستەمۆ بکەن ورۆڵی لە کۆمەڵگەدا سنووردارბکەن. ئایا لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا، پەیڕەویکردن لە ئایین ئازادە؟**

**مستەفا باهیر:** تا ئەو شوێنەی کە بۆ بیروباوەڕ و بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە، ئێمە پێمان وایە ئینسان دەبێت ئازادبێت لەوەی کە چۆنی پێخۆشە وابیر بکاتەوە. هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بچێتە دنیای ناوەوەی ئینسان و پێی بڵێت نابێت تۆ وا بیر بکەیتەوە، یان نابێت ئەو بیروباوەڕ و ئایینەت هەبێت. بیرکردنەوە و بیروباوەڕی ئینسان نابێت هیچ سنوورێکی بۆ دابنرێت. بەڵام کاتێک دێتە سەر کارکردی ئایین لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئایین یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی دنیای پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری ئەمڕۆ.

ئایین لە سەردەمی جێکەوتنی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی مۆدێرنی سەرمایەداریدا، وەک میراتیکی دەورانی کۆن، لەلایەن چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتەکەیانەوە بەدەستەوە گیراوە و دەمەزەرد کراوەتەوە بۆ یەخسیر کردن و ڕازیکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە ستەم و چەوسانەوەی ئەم نیزامە. هەموو ئایینەکان لەو حوکمەدا هاوبەشن کە دنیای ئەمڕۆ تاقیکردنەوەیە و کورتخایەن و کاتیی و هیچە، بەڵام ئەو دنیا، دنیای خۆشبەختی و ئاسودەیی هەتاهەتاییە و لەپێناو گەیشتن بەو دنیایە دەبێت شکور و ڕازی بین بە بەشی ئەم دنیامان و لەم تاقیکردنەوەیە دەربچین. ئایینەکان دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دەوڵەمەند و هەژاردا، بەسەر دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتدا، بە بەشی خودا لە قەڵەم دەدەن. ئەوان دەیانەوێت چەوساوەکان ڕازی بکەن کە ئەو ڕەنجەڕۆیی و بەدبەختیەی کە "لەم دنیا" ڕووبەڕوویان بووەتەوە بەشی خوداوەندە و دەیەوێت عەبدەکانی خۆی تاقیبکاتەوە. بۆیە دەبێت سەبریان ببێ و لەم ئەزموونە نەدۆڕێن، بۆئەوەی پاداشتی بەهەشتی هەتاهەتایی ئەو دنیا ببێت بە نسیبیان!

ئێمە پێمان وایە ئەم بیروباوەڕانە ئامڕازی دەستی چینە دەسەڵاتدارەکانن بۆ پاساو هێنانەوە و ڕازیکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە چەوسانەوە و نایەکسانی و ناعەدالەتییەکانی ئەم سیستمە و دوورخستنەوەیان لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو دنیایەکی باشتردا. هەڕەشەی سزا و ئاگری جەهەنەمی ئەو دنیا، لە ڕاستیدا بۆ تەسلیم بوون و ڕازکردنیانە بە جەهەنەمی ئەم دنیا. لێرەوەیە کە چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتەکەی ئایینی لە باوەڕەوە گۆڕیووە بۆ پیشەسازی بەرهەمهێنانی خورافات و باوەڕی دواکەوتووانە کە بەهەزاران کەس وەک پیشە لەسەری دەژین و سەدان دامەزراوەی ئایینی کاری تێدا دەکەن. هەر لەتۆڕی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانەوە، تا وەزارەتی ئەوقاف و بەڕیوەبەرایەتی حەج و عومرە و لیژنەکانی فتوا و زانایانی ئایینی تا دەیان میدیا و ئامڕازی ڕاگەیاندن و پەخش و بڵاوکردنەوە و هەموو ئەو دامەزراوانەی بەناوی خێرخوازیەوە دروست کراون، هەموو ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ئایین چیتر باوەڕیکی فەردیی ئینسانەکان نییە، بەڵکو یەکێکە لە

کۆڵەکەکانی سیستمی دەسەڵاتداریێتی ئەمڕۆ کە چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران بەڕێوەی دەبەن.
کاریگەرترین ڕێگە بۆ کورتکردنی دەستی ئایین لەسەر کۆمەڵگە، شۆڕشی کرێکاری و کۆتاییهێنانە بە نیزامی چینایەتی. ئەگەر لە چاخە کۆنەکاندا ئایین زادەی زەلیلی و داماویی و دەستەمۆیی مرۆڤی سەرەتایی بوو بەدەست دیاردە و کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاو و هەورەتریشقە و گڕکان و گڕگرتنی دارستانەکانەوە، ئەوا ئەوەی کە لەمڕۆدا ئایینی ڕاگرتووە گیرۆدەیی و داماویی و بێئیرادەیی ئینسانە بەدەست کۆمەڵگەی چینایەتییەوە. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشی لەناوبردنی کۆمەڵگەی چینایەتی و زوڵم و ستەم و ناعەدالەتییەکانی نیزامی سەرمایەدارییە، شۆڕشی ڕزگارکردنی ئینسان و گێڕانەوەی ئیرادە و بڕیارە بۆ ئینسان. بەم پێیەش ئەم شۆڕشە زەمینەی ماددی ئایین لەناو دەبات و ئایین و خورافە و بیروباوەڕە دواکەوتووەکانی تر بۆ هەمیشە دەخاتە مۆزەخانەی مێژووەوە.
هەر لەمڕۆشدا، هەنگاوێکی سەرەکی بۆ کورتکردنی دەستی ئایین لەسەر ژیانی کۆمەڵگە جیاکردنەوەی ئایینە لەدەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن و دوورخستنەوەیەتی لە یاساکان. واتە جێگیرکردنی دەوڵەتێکی سێکۆلار، کە لەسەر بنەمای مافی هاوولاتیبوونی یەکسان دامەزرابێت. لەم سیستمە دەوڵەتییەدا، ئایینی ڕەسمی و هەموو ئەو دامەزراوە حکومییانەی کە کاریان بەهێزکردنی ئایین و دەمەزەردکردنەوەیەتی هەڵدەوەشێنەوە، ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانی وەک ئازادی بێئایینیی و باوەڕبوون بە ئایین، ئازادی ڕەخنە و ویژدان و تەعبیرکردن لەخۆ جێگیردەکرێن. هاوکات دەبێت حکومەتی سێکۆلار ئایین وەک مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەت سەیر بکات و دەستبەرێت بۆ کۆمەڵە یاسایەک کە ژیانی منالان و ژنان بەدووربگرێت لە دەستدرێژی ئایینیەکان، لەوانە یاسایەک کە منداڵان بپارێزێت لە هەڕەشە و توقاندن و ئەشکەنجەدان و خەتەنەکردن، یاسایەک کە ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە وەک یەک سەیربکات. هەروەها نابێت هیچ جۆرە ئیمکاناتێک لە بودجەی گشتی تەرخان بکرێت بۆ دامەزراوە ئایینیەکان. بەڕای

ئێمە، هەر ئەمڕۆ، کۆمەڵێک هەنگاوی لەم جۆرە دەتوانن تا ئاستێکی زۆر خەڵک و کۆمەڵگەلە دەستدرێژییەکانی ئایین بپارێزن.
کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە، باوەڕداریی و بێباوەڕیی بەئایین تێیدا ئازادە و هەموو کەس دەتوانێت چۆنی پێخۆشە ئاوا بیربکاتەوە. لەم کۆمەڵگەیەدا ئایین وەک مەسەلەیەکی تایبەت بە تاکەکان سەیر دەکرێت. لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا، جیاکاری چینایەتی و نیزامی کاری بەکرێ و موڵکداریێتی تایبەتی هەڵدەوەشێنەوە و ئیرادەی هۆشیارانەی ئینسان و کاری هەرەوەزی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. هاوکات تاکەکانی کۆمەڵگە بەهرەمەند دەبن لەدەستڕاگەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست و داهێنان و توێژینەوە زانستییەکان. بەم شێوەیە زەمینە مادییەکانی ئایین و بیروباوەڕە خورافییەکان لەنێودەچن و جێیان پێ لێژدەبێت.

# مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی

**٣٠/ بۆچی ئێوە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەرنامەی خۆتان نازانن؟ ڕەخنەتان چییە لەم بەیاننامەیە؟**

**سەعید ئەحمەد:** لە دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا و لە پەیوەند بە مافەکانی ئینسانەوە، لیبراڵیزمی بۆرژوازی لە باشترین حاڵەتدا جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەخاتە بەردەستمان. گومان لەوەدا نییە کە ئەم جاڕنامەیە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی. بەو مانایەی کە لە ڕووی مێژووییەوە، لە جەرگەی بەرەنگاری و خەباتی مرۆڤایەتی لە دژی نیزامی فیۆداڵی (دەرەبەگایەتی) و بەها فیۆداڵییەکان، کە تیایدا ئینسان بە ئەندازەی زەوییەکەی مافی هەبوو، بۆرژوازی پێی لەسەر ئەو پرەنسیپە داگرت کە ئینسان دەبێت کۆمەڵێک مافی هەبێت. لەو قۆناغەدا بۆرژوازی، کە نوێنەرایەتی ناڕەزایەتی مرۆڤایەتی دەکرد بەرامبەر بە جەور و ستەمی نیزامی فیۆداڵی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مرۆڤ دەبێت مافی ئەوەی هەبێت کە ئازاد بێت، مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەبێت، ئەمنییەتی هەبێت، ئینسانەکان دەبێت لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن و ...تاد. ئەم ڕوانگەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ چەندین هەنگاوی گەورە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بردە پێشەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کۆمەڵێک مافی سەرەتایی بۆ ئینسان دانی پێدانرا. ئەمە ئەو ئاڵایە بوو کە لە لایەن بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە بەرزکرایەوە و پاشان بووە بنەمای ئایدۆلۆژی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا.

بەڵام کاتێک لەم جاڕنامەیە و فەلسەفەی پشتی جاڕنامەکە ورد دەبینەوە تێدەگەین کە بە شێوەیەکی موجەڕەد و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەیری ئینسان دەکات. کاتێک ئینسان دەکەینە ناو

چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە واقعدا هەن، دەبینین زۆربەی هەرە زۆری خەڵک دەستیان بە بەشێکی زۆری ئەم مافانە ڕاناگات. لە دنیای واقعیدا تێدەگەین کە مەبەستی ئەم جاڕنامەیە و فەلسەفەی پشتی جاڕنامەکە ئەوەیە کە ئینسان لە دیلێتی ڕزگار بکات تا لە چوارچێوە و بارودۆخێکی تردا یەخسیری بکات و بیچەوسێنێتەوە. بۆرژوازی جوتیار لە زەوی هەڵدەکەنێت و ڕایدەگەیەنێت کە ئینسان دەبێت ئازاد بێت و لە هەموو کۆت و بەندێک ڕزگاری ببێت بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە شار و لەوێ کاری بەکرێ بکات. بۆرژوازی ڕایدەگەینێت کە نە دەرەبەگ و نە مەلا و نە ئایین بۆیان نییە بەر بگرن لەوەی جوتیار بۆ هەر شوێنێک پێی خۆشە بڕوات و لەوێ کاری کرێگرتەیی پێبکرێت. لەلایەکی تریشەوە بە داننان بە مافی خاوەندارێتیکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئەو ئازادییە دەداتە هەندێک ئینسانی تر کە کار بە خەڵکی بکەن و بیانچەوسێننەوە. بۆ ئەوەی خاوەنی کار و هۆیەکانی بەهەمهێنان بێخەم و ئاسوودەبن لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا دەبێت ئەمنییەتی موڵک و ماڵیشیان پارێزراوبێت. بەمجۆرە لە نیزامی سەرمایەداریدا، بەشێک لە خەڵکی ناچار دەبن ڕێگە بدەن کە کەسانێکی تر کاریان پێبکەن، لەولاشەوە کەسانێکی تر ڕێگەیان پێدراوە کە کار بە خەڵکی بکەن و لەڕووی ئابوورییەوە یەخسیریان بکەن. دوو کەس کە یەکێکیان لەڕووی ئابوورییەوە دیلی دەستی ئەوی ترە، لە جیهانی واقعیدا مافی یەکسانیان نییە. هیچ کەسێک باوەڕ بەوە ناکات کرێکارێک کە لەگەڵ سەدان و هەزاران کرێکاری تردا کار بۆ سەرمایەدارێک دەکات و چەوساوەی دەستی ئەوە، هەمان مافی هەبێت کە سەرمایەدارەکە هەیەتی.

ئەو ئازادییەی کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ئیدعای دەکات بۆ هەمووان نییە و ڕاستەقینە نییە. ئەو یەکسانییەی کە جاڕی بۆ دەدات لەڕاستیدا نایەکسانییە لە مافی بەهرەمەندبوون لە نیعمەتەکانی ژیان. کاتێک تۆ پێگەی ئینسانەکان لە بەرهەمهێناندا، واتە کرێکار بوون و بۆرژوا بوونی ئینسان، نادیدە دەگریت، ئەو شتەی کە وەکو ئازادی ڕایدەگەیەنیت تەنها دەبێتە بەشی بەشێکی بچووکی کۆمەڵگە و ئەو دوای خەڵک تەنها ئازادی چەوسانەوەیان

بۆ دەمێنێتەوە. ئەم بەناو ئازادیخوازییە چاوی دادەخات لە ئاست پێگەی ئابووری ئینسانەکاندا، کۆمەڵگە بە بەرپرسیار نازانێت لەبەرامبەر زامنکردنی مافەکانی ئینسان، بەڵکو تاکەکان لەبەرچاودەگرێت و خۆیان بە بەرپرسیار دەزانێت. ئینسان لە دیدی ئەم فەلسەفەی مافەوە ئینسانی موجەرەد و ئەتۆمیزەیە. ئەم فەلسەفەیە ئینسانی مەلموس و واقعی نابینێت . *

سەربارى ئەوانەی باسکران، دوو خاڵی گرنگی دیکەش هەن لەبارەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤەوە کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین: یەکەم، لەڕووی کاتەوە ئەم جاڕنامەیە لە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن بۆرژوازییەوە (نەتەوە یەکگرتووەکانەوە) پەسەندکرا و ڕاگەیەنرا. واتە ڕاگەیاندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیهانی دوو جەمسەریی، بۆ ساڵانێک کە بۆرژوازی غەربی هێشتا لەژێر گوشارێکی زۆری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئەو مافانەدا بوو کە کرێکاران لە ڕێگەی ئەم شۆڕشەوە بەدەستیان هێنابوو. بۆرژوازی جیهانی بۆ شاردنەوەی کارنامەی ستەمکارانەی خۆی و ئارایشتکردنی ڕووخساری دزێوی خۆی و نیزامەکەی و بەرگرتن لە پەرینەوەی شۆڕشی کرێکاران لە ڕووسیا بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەم جارنامەیەی ڕاگەیاند. ئامانجی ئەم جاڕنامەیە نەک زامنکردنی ئازادی و یەکسانی واقعی ئینسانەکان، بەڵکو بەرگرتن بوو بە ناڕەزایەتی و یاخیبوون و خرۆشانی جەماوەری ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە دژی نیزامی سەرمایەداری.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو مافانەی ناو جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ئەوانەن کە بە خەبات و کۆشش و قوربانیی دەیان ساڵەی کرێکاران بەسەر بۆرژوازی و نیزامە چەوسێنەرانەکەیدا سەپێنراون، نەک خەڵاتی بۆرژوازی و سیستمی سەرمایەداری بن بۆ مرۆڤایەتی. خەبات و ناڕەزایەتی کرێکاران لە دژی چەوساندنەوەی درندانەی سەرمایەداران و قازانجپەرستیی چاوچنۆکانە و مامەڵەی نائینسانییان، هاوکات لەگەڵ

* کورشی مودەرسی، "ناساندنی بەیاننامەی مافە گەردوونییەکانی ئینسان لەکۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا"، بەرگی دووەمی کتێبی "نوشتەهائی از یک راه نسبتا طولانی"، بەزمانی فارسی.

سەرهەڵدانی ئەم سیستمەدا دەستیپێکرد. مێژووی چینی کرێکار، مێژووی خەبات و مانگرتن و نارەزایەتی و خۆپیشاندان و شۆڕشە لەپێناو باشترکردنی هەلومەرجی کار، بەدەستهێنانی ژیانێکی ئینسانیتر بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان، کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری یەکسان و ...تاد. هەمیشە ئەم نارەزایەتیانە لە لایەن سەرمایەدارانەوە سەرکوت و تەنانەت خەڵتانی خوێن کراون. دوای دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدان ئەوسا کرێکاران توانییان هەندێ مافی وەک کەمکردنەوەی سەعاتکار لە ١٤سەعاتی ڕۆژانە و بگرە زیاتریشەوە بۆ ٨ سەعات، قەدەغەکردنی کاری منداڵان، بە ئینسان حیسابکردنی ژنان و بەرەسمی ناسینی مافی دەنگدان بۆ ژنان و ..تاد، بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنن. ئەم مافانە بە خوێنی کرێکاران و چەوساوەکان و ئازادیخوازان بە دەستهاتوون. ئەمانە لە ڕوانگەی بۆرژوازییەوە مافی موقەدەسی ئینسان نین بەڵکو ناچارین و بەسەریدا سەپێنراون، هەر بۆیە ئێستاش لە هەر شوێنێک بۆی بچێتەسەر بۆرژوازی پاشەکشە لەم مافانە دەکات و لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی وەردەگرێتەوە. کرێکاران دەبێت هەموو ڕۆژێک شەڕ لەگەڵ بۆرژوازیدا بکەن بۆ ئەوەی "ئەم مافانەی ناو جاڕنامەکەی خۆیان" بەبیریان بهێننەوە و بەسەریاندا بسەپێنن.

سەرباری هەموو ئەو ڕاستیانەی باسکران و ئەوەش کە ئەم جاڕنامەیە تەنها گۆشەیەک لە مافە سەرەتایی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسانی لەخۆگرتووە، بەڵام دانپێدانان و گەڵاڵەکردنی ئەم مافانە لە دۆکیومێنتێکی فەرمیی نێونەتەوەیی بۆرژوازیدا بایەخی خۆی هەیە و بە مانایەک دەسکەوتێکی گرنگی خەباتی کرێکاران و گشت ئازادیخوازانی جیهانە.

بۆچی ئێمە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بە بەرنامەی خۆمان نازانین؟ لەبەر دوو هۆ ئەم جاڕنامەیە ناتوانێت ببێتە ئاڵای ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی و مەودای قووڵی ئینسانیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی-کرێکاریی و مارکسیزم: یەکەم، ئەم جاڕنامەیە هەموو مافە سەرەتایی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسان لەخۆی ناگرێت و تەنها گۆشەیەکی بچووک و پڕ لە کەموکوڕی ئەم مافانە

پێکدەهێنێت. دووەم، ناوەڕۆک و بەندەکانی ئەم جاڕنامەیە سیستمی سەرمایەداری وەک سیستمێکی ئەبەدی و حاشاهەڵنەگر بە فەرز وەرگرتووە، بە جۆرێک کە بەندەکانی لەگەڵ بنەما ئابووری و سیاسییەکانی ئەم سیستمە چەوسێنەرانەیەدا ناکۆک نەبێت و دابینکردنی ئەم مافانە، کە لە واقعدا زۆربەی تەنها بۆ بەشێکی کەمی کۆمەڵگەیە، کۆڵەکەکانی ئەم سیستمە نەخاتە لەرزین. بە مانایەکی تر ئەسڵ لەم جاڕنامەیەدا نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەدارییە، نەک ئینسان و مافەکانی. کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ لەسەر بناغەی چەوسانەوە و کۆیلایەتی کرێکاران بەندە. بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە دژی ئەم کۆیلایەتییە نییە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا دەڵێت دەبێت مامەڵەیەکی باشتر و بەبەزەییانەتر لەگەڵ کۆیلەکانی کاری بەکرێدا بکرێت، نابێت لە ئەندازە بەدەر بچەوسێنرێنەوە و ...تاد. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەمڕۆدا لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری جیهاندا ئەم مافە کەموکوڕ و ناتەواوانەش دەستەبەر نەکراون و بۆرژوازی و حکومەتەکانیان ئەم مافە زۆر سەرەتاییانەش پێشێل دەکەن.

لەسەر بنەمای ئەوانەی باسکران، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ زۆر لەوە نزمتر و کەمترە کە بتوانێت تەعبیر لە ڕوانگەی قووڵی کۆمۆنیزم بکات بۆ ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری ئینسان لە جەور و ستەم.

## ٣١/ کەواتە بەدیلتان چییە بۆ بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان؟

**سەعید ئەحمەد:** بەدیلی ئێمە بۆ بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەیەکە بەناوی "بەیاننامەی مافە گەردوونییەکانی ئینسان" * کە لە لایەن کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و دواتریش کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠٠٨دا پەسەند کراوە. ئەم بەیاننامەیە نەک تەنها

* "بەڵگەنامەی مافە گەردوونییەکانی ئینسان"

https://www.hkkurdistan.org/?p=2072

هەموو ئەو مافانە لەخۆی دەگرێت کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەم سەردەمەدا لەئارادایە، بەڵکو مانیفێستی هەموو ئەو مافانەیە کە پێویستە ئینسانێکی بەڕاستی ئازاد و یەکسان هەیبێت.

لە "بەیاننامەی مافە گەردوونییەکانی ئینسان"دا هاتووە: "کۆمەڵگە دەبێت ئازادی ئینسان زامن بکات. ئازادی بە مانای ئازادی لە دەست سەرکوت و ئیستبدادی سیاسی، ئازادی لە دەست ناچاری و کۆیلایەتی ئابووری، ئازادی لە دەست ئەسارەتی فیکری، ئازادی ئەزموونکردنی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی ئینسانی، ئازادی بۆ پشکوتنی تواناکانی داهێنانی ئینسان و ئازادی ئەزموونکردنی لایەنە بێکۆتاکانی سۆزی ئینسانی.

کۆمەڵگە دەبێت زامنکەری یەکسانیی ئینسانەکان بێت. یەکسانی نە تەنها بە مانای یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا بەڵکو بە مانای یەکسانی بەهرەمەندبوون لە ئیمکانات و نیعمەتە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە، یەکسانی لە حورمەت و بەهای هەموو ئینسانەکان لەبەردەم کۆمەڵگەدا".

لەو بەیاننامەیەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە خەڵکی کوردستان و هەموو جیهان ڕادەگەیەنێت کە کۆمۆنیزم چۆن دەڕوانێتە ئینسان و کۆمەڵگە، کە مافی مرۆڤ لای ئەو یانی چی. بەیاننامەکەی ئێمە ڕایگەیاندووە کە بە هیچ بیانوو و پاساوێک و لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ یاسایەک یان بڕیارێک دەربچێت کە ئەو مافە حاشاهەڵنەگرانە پێشێل بکات. ئەوەی کە لە سیستەمی دڵخوازی ئەم حیزبەدا، واتە سۆشیالیزم، هێڵی سوور و موقەدەس و ئەسڵە، نە حیزبە، نە ئایدۆلۆژیا نە دەسەڵات، بەڵکو ئینسان و مافەکانی ئینسانە. ئەو مافانەی کە زۆر بە ڕوونی و شەفافی و ڕاستگۆیانە لە بەڵگەنامەی مافە گەردوونییەکانی ئینساندا هاتوون.

ئەگەر کەسێک دەیەوێت بزانێت کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چۆن دەڕوانێتە مرۆڤ و مافەکانی، ئەگەر کەسێک دەیەوێت بزانێت لە سبەینێی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریدا ئەم حیزبە چ جۆرە دەسەڵاتێک بونیاتدەنێت و مافەکانی مرۆڤ لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا چی بەسەر دێت، ئەوا دەبێت "بەیاننامەی مافە گەردوونییەکانی

ئینسان" بخوێنێتەوە.

**٣٢/ هەمووان باس لە"عەدالەتی کۆمەڵایەتی" دەکەن، تێگەیشتنی ئێوە بۆ ئەم دەستەواژەیە چییە؟ لە سۆشیالیزمدا عەدالەت چ مانایەک وەردەگرێ؟**

**خەسرەو سایە:** "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" دەستەواژەیەکی ناڕۆشنە و هەر حیزبە و هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان واتای پێدەدەن. بۆ نمونە "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"، بەلای حیزب و ڕەوتە ڕیفۆرمخواز و چاکسازیخوازەکانەوە ئەوەیە کە مەودای نێوان هەژار و دەوڵەمەند کەم بکەنەوە، واتە لە نێوان داهاتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و داهاتی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان هاوسەنگیەک دروست بکەن، بەبێ ئەوەی سیستەمی کاری بەکرێ و "کرێکاربوون" و "سەرمایەداربوون" وەک دوو چینی ئەسڵی کۆمەڵگە هەڵوەشێننەوە. ئەمەشیان وەک ئەوە وایە کە لە سیستمی کۆیلایەتیدا، داوا بکرێت کۆیلەکان برسی نەبن، خۆراک و پۆشاکی تەواویان پێبدرێت. لەکاتێکدا کۆیلە ئەگەر برسی بێت یان تێر بێت هەر کۆیلەیە. "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" لەلای لیبراڵەکانیش ئەوەیە کە تاک ئازاد بێت، (دیارە ئازادی سنوردار لەچاو ئازادی تاکی سەرمایەداردا)، بەڵام ئازادی بەبێ ڕزگاری لە دابەشبوونە چینایەتیەکان و مانەوەی نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ستەمکێشیە. "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" لەلای نەتەوەچی و ناسیۆنالیستەکانیش، ئەوەیە کە مافی نەتەوەکان یەکسان بێت، بەتایبەتیش لەوەدا کە هەر نەتەوەیەک قەوارە و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، ئەمەش ئامانجێکی بۆرژوازییە بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و چەوسانەوەی چینی کرێکار بەناوی "نەتەوەی خودییەوە". نمونەی ستەمگەری و زوڵمێک کە لە سایەی دەسەڵاتدارێتی نەتەوەییدا بەرچاوە، بەڕۆشنی ئەو ڕاستیەمان دەخاتە بەرچاو کە "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" چ کارەسات و کارنامەیەکی بەرهەمهێناوە. لەلای ئیسلامیەکانیش "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" بە شەرع و یاساکانی خودا لەسەر ئەرز پێوانە دەکرێت، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کە چوارژنە و "بڕینی دەستی دز" و

بەردباران و کوشتنی ئینسان بەهۆی "زینا"کردن و بەزۆر حیجاب پێکردنی منالآن، تا دەگاتە بەڕەسمی ناسینی هەژاری و دەوڵەمەندی لە کۆمەڵگەدا، وەک ئەوەی کە "بەشی خوایە و دەبێ شوکربین پێی"، بەمجۆرەش مانەوەی هەژاران بەدیار سەرفترە و زەکاتی دەوڵەمەندانەوە، ئەمە ئەو عەدالەتە کۆمەڵایەتیەیە کە ئیسلامیەکان پەیڕەویان کردووە.

لە باشترین حاڵەتدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سایەی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و ڕەوتە ڕەنگاو ڕەنگەکانیدا، لە مانای یەکسانی ئیسانەکان لەبەردەم یاسادا زیاتر ناڕوات. خودی ئەو یاسایەش ڕەسمیەتی بە نایەکسانی ژیان و گوزەرانی ئینسانەکان داوە، ڕەسمیەتی بە کاری بەکرێ و خاوەنداریتی تایبەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان داوە، ئەمەش جگە لە یەخسیرکردن و هێشتنەوەی کۆتوبەندی هەژاری و نەداری لە گەردنی ملیۆنان ئینساندا شتێکی تر نییە. چونکە کەمایەتیەک خاوەنی چەندین ملیۆن و ملیار دۆلارن و زۆرینەی کۆمەڵگەش ناچارن بەکاری تاقەت پڕوکێن و بێکاری و برسیەتی. "یەکسانیش لەیاساکاندا" ئاڕاستەیە بۆ ئەم واقعیتە کۆمەڵایەتیە لەژێر ناوی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا.

بەلای ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" تەنها لەکۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا مانای واقعی هەیە. کۆمەڵگەیەک کە ئازادی هەمەلایەنە بۆ هەموو ئینسانەکان لە پەیڕەوکردن و بەڕەێوەبردنی ژیانی شەخسی و کۆمەڵگەدا زامن دەکات. یەکسانی لە تەواوی بوارە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ هەموان دەستەبەردەکات و جێگەیەک بۆ سەرکوتگەری و جیاکاری چینایەتی، بۆ هەر جۆرە چەوسانەوە و نایەکسانیەک، بۆ دەوڵەمەندی و هەژاری و برسیەتی، ناهێڵێتەوە و هەموان لە ناز و نیعمەتی کۆمەڵایەتی و لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا بەشداردەبن.

# ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی

**٣٣/ لە کوردستان ئازادی سیاسی حیزبەکان، ئازادی خۆپیشاندان و پێکهێنانی ڕێکخراوە، یاسای خۆی بۆ دەرکراوە، بۆچی ئێوە هەر باسی ئازادی بێ مەرج دەکەن، ئایا ئەمە زیادەڕەوی نییە؟**

**تاهیرحەسەن:** ئێستا ئیتر هەمووان ئەو ڕاستیە دەزانین کە لە کوردستاندا نە قانون هەیە و نە حکومەت و پەرلەمان لەئارادایە. کەس گومانی لەو ڕاستیە نییە کە کوردستان دەیان ساڵە بە زۆری چەک و بە ناڕەوا و دوور لە ئیرادەی خەڵکەکەی کراوەتە دوو زۆنی زەرد و سەوز. ئەوەی کە ناوی پەرلەمانیان لەسەر داناوە و هەر چەند ساڵ جارێک سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕانەی بەناو هەڵبژاردنی بۆ ئەنجام دەدەن و ملیۆنەها دۆلار لە پارووی دەمی خەڵک دەکەن بە گەرویدا، تەنیا هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە بەرگێکی قانوونی بکەن بە بەری دەسەڵاتی میلیشیاییاندا.

ئەوەی کە دەووترێت لە کوردستان قانوون بۆ ئازادی سیاسی حیزبەکان و خۆپیشاندان و ڕێکخراوبوون دەرکراوە، سەرباری ئەوەی هەموو ڕۆژێک بە بەهانەی پووچ ژێرپێی دەنێن، هاوکات ئەو قانوونە لێوان لێوە لە ناکۆکی و کەموکورتی، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئازادی بیروڕا، ئازادی سیاسی، ئازادی بیروڕا و خۆپیشاندان و مانگرتن یەکناگرێتەوە. قانوونەکەیان دەڵێت تۆ ئازادیت بە مەرجێک دژی دەسکەوتەکانی گەلی کورد نەبیت، کە مەبەست دەسکەوتەکانی خۆیانە. دەڵێت تۆ ئازادیت بە مەرجێک دژی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی نەبیت. دژی ئایین و خورافات نەبیت. دژی ئادابی گشتی نەبیت. ئەم هەموو تەلە دڕکاویانە کە لە گەردنی ئازادی سیاسی و بیروڕا و خۆپیشاندان و مانگرتنیان ئاڵاندووە، مانایەک بۆ ئازادی ناهێڵێتەوە

و دەیکاتە قاوغێکی بەتاڵ. مەگەر نەماندیووە چەندین جار خۆپیشاندانی گەنجانی بێکار و کرێکاران و مامۆستایانیان لە خوێن هەڵکێشاوە؟ مەگەر نەماندیووە چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووسیان تیرۆر کردووە، یان چەندین ساڵ لە زیندانیان تووندکردوون؟

ئازادی، ئازادیە، ناتوانێت مەرج و ئەگەر و بەڵام هەڵگرێت. ئازادی بە مەرجی هەرشتێک، ناتوانێت ئازادی بێت. ئەگەر باوەڕمان بە ئازادی مەرجدار بوو، ئەوا دەبێت ئەو سزایەش قبووڵ بکەین، کە لە ئەنجامی پێشێل کردنی ئەو مەرجەوە، ڕەنگە کەسێک یان لایەنێک ئەنجامی بدات. لەژێرپێنانی مەرج سزای بۆ دادەنرێت، چونکە شک لەوەدا نییە لەپشتی هەر مەرجێکەوە بەرژەوەندییەک نووستووە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی بەرژەوەندی قووڵی چینایەتی هەیە لە دانانی مەرج بۆ ئازادی. دەڵێ ئازادن بە مەرجێک دژی من نەبن، بە مەرجێک دەسەڵاتی من نەخەنە مەترسی. ئازادن بە مەرجێک ئەو قانوونانە پێشێل نەکەن کە هەیە، دژی دەستووری وڵات نەبن. بەهەرحاڵ تەواوی ئەو مەرجانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەیانە بەسەر سەری کۆمەڵگەوە.

ئێمە کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی کۆمەڵگە بەرژەوەندیمان لە هەڵگرتنی ئەو مەرجانەدایە. ئێمە هیچ کەڵکێک لە مەرجدارکردنی ئازادیدا نابینین. بە پێچەوانەوە ئازادی بێ قەیدوشەرت بوار دەکاتەوە بۆ گەشە و هەڵدانی لاوان، کرێکاران، ژنان. کۆمەڵگە لە توانا و دەستڕەنگینی داهێنەرانەیان بەهرەمەند دەکات. دەرگا داخراوەکان بە ڕووی ئینسانەکاندا بێ جیاوازی دەخاتە سەرپشت تا چۆنیان دەوێ و بە چ ڕێگەیەک ئارەزوو دەکەن تەعبیر لە خواست و ئامانج و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن. گرێی پرسیارە بێ وەڵامەکان دەست دەکەن بە کردنەوە و تابووکان دەشکێنرێن و گفتوگۆی ئازادانە دەست پێ دەکات. هەموو ئەمانە کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەکات، ژیان جوانتر دەکات، فەرهەنگ و کەلتوری ئینسانی جێگە بە فەرهەنگ و کەلتوری کۆنەپەرستانە و نائینسانی چۆڵ دەکات. کە تا ئێستا دەسەڵات هەموو ئەو مەرجانەی بە یاسا سەپاندووە،

بەوانە ناوتریٚ زیادەڕەوی بەرامبەر بە ماف و ئازادی خەڵک، بەڵام لابردنی ئەوانە و پیادەکردنی ئازادی بێمەرج پێی دەوتریٚ زیادەڕەوی.

**٣٤/ ئایا بەرگری لە ئازادی بێ مەرجی سیاسی بە مانای پشێوی و بەرەڵایی نییە؟**

**تاهیرحەسەن:** ئەو قسەیەی سەرەوە بە ئەندازەی تەمەنی سەرمایەداری کۆنە. کاتێک سەرمایەداران و دەسەڵاتەکانیان دەڵێن ئازادی بێمەرجی سیاسی پشێوی و بەرەڵایی دروست دەکات، مەبەستیان تەنها لەوەیە کە ئەگەر کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە لەو ئازادییە بەهرەمەند بن و بەکردەوە مومارەسەی بکەن، ئەوا لەو ئەسارەت و بێمافییەی بەرۆکی پێگرتوون هۆشیاردەبنەوە و ئەمەش دەسەڵاتی ئەوان دەخاتە لەرزە. دەنا خۆیان لە تەواوی کایەکانی ژیانی سیاسی و ئابووریدا ئازادی بێ مەرجیان هەیە. ئێوە سەیرکەن، لە ڕێگەی هەزار و یەک دەزگای جۆراوجۆری سیاسی و ئیداری و سەربازی و هەواڵگری و میدیایی و مزگەوت و تۆڕی کۆمپانیاکانیانەوە، خەریکی کۆکردنەوە و بەهرەکێشی هێزی کاری هەرزانی کرێکارانن. کەس ناتوانێت بەریان بگرێت لە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان و تاڵانی و چەتەیی، لە قۆرخ کردنی بازاڕ و لە بەرتەسککردنەوەی مافە هەرە سەرەتاییەکانی دانیشتووان. تۆڕی کۆمپانیاکانیان بە هەقی خۆیانی دەزانن کە دەست بەرن بۆ سەر سفرەی بێ ڕەونەقی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە و تاڵانی بکەن، بەڵام کاتێک کرێکاران و مامۆستایان و ژنان و لاوان و بێبەشانی کۆمەڵگە دێنەدەرەوە و هاوار دەکەن ئێمەش وەک ئێوە ئازادی بێمەرج و بەهرەمەند بوون لە نیعمەتی کۆمەڵگەمان دەوێت، دەڵێن پشێوی و بەرەڵایی بڵاودەبێتەوە. ئێوە سەیرکەن، حەوت هەزار مزگەوت هەموو ڕۆژیٚ سوکایەتی بە ئینسان، بە ژنان، بە هونەر، بە ئازادی، بە زانست، بە موزیک دەکەن. ئەمە بەرەڵایی و پشێوی نییە؟ تۆڕی کۆمپانیاکانیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای بازاڕ و کاروکاسبی خەڵک، ئەمە بەرەڵایی و پشێوی ئابووری نییە؟ مامۆستای خانەنشین کە جوانترین ساتەکانی تەمەنی بۆ فێرکردنی منداڵان

سەرف کردووە، یان لەسەرەی وەرگرتنی موچە کلک و گوێ کراوەکەیدا دەمرێت، یان لە ناڕەزایەتی دەربڕینیدا بۆ دواکەوتنی موچەکەی لە لایەن شەقاوەکانی کوردایەتیەوە دەدرێتە بەر شەق، ئەمە پشێوی و بەرەڵایی نییە؟ ئەوە بەرەڵایی ئیداری و پشێوی سیاسی نییە کە دوای سی ساڵ لە دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی هێشتا ئاو و کارەبا نییە؟ ئەوە بەرەڵایی نییە کە مناڵە مەسئولێک دەتوانێت ئەمنییەتی شارێکی چەند ملیۆنی بخاتە مەترسیەوە؟ ئازادی بێ مەرجی سیاسی بەرەڵایی و پشێوی ئێستا کە کۆمەڵگەیان تێدا غەرق کردووە دەداتە بەر ڕەخنەی تیژی جەماوەری کرێکار و بێبەش و ڕێگەچارە دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە.

لە چ جێگەیەکی دنیا ئازادی بێمەرجی سیاسی پیادەکراوە و بەڕەسمیەت ناسراوە و بەرەڵایی و پشێوی لێ کەوتۆتەوە؟ بەڵام قوربانی دانی قورسی هەموو ڕۆژەی بەشەرییەتی ئازادیخواز بە دەست سەرکوتی ئازادیەوە هەموو دنیای گرتۆتەوە. بۆ ئێمە چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان، ئازادی بێ مەرجی سیاسی هێشتا ئازادی بە مانای فراوانی وشەکە نییە، کە شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە بێت. ئازادی تەنیا هەڵگرتنی سانسۆر لەسەر قسەکردن و شیعاردانی نێو خۆپیشاندان نییە، یان بەڕەسمی ناسینی هەڵسوڕانی سیاسی نییە. بێ شک ئەوانە بۆ پێشڕەویەکانی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی بێ ئەندازە بایەخدارن، بەڵام ئازادی لەڕوانگەی کرێکارێکی هوشیاری کۆمۆنیستەوە بە مانای پڕاوپڕی وشەکە، بریتیە لە ڕزگاربوون لە کاری بەکرێ و کۆتایی هێنان بە دۆزەخی بازاڕی بێڕەحمی سەرمایە. بەبێ دابینبوونی ئاسایشی ئابووری بۆ ئینسانەکان، تەنانەت ئازادی بێ مەرجی سیاسیش وەک میوەی نایلۆنی لێدێت، نە دەخورێ، نە بۆنی هەیە، نە تام، تەنیا تەماشاکردنی جوانە. بەڵام وەک وتم بایەخی ئازادی بێمەرجی سیاسی کرێکاران و خەباتەکەیان لە هەلومەرجێکی باشتر بۆ ڕێکخراوبوون بەهرەمەند دەکات و زەمینەکانی نەبەردی چینایەتی دەڕەخسێنێت، بۆیە سەرمایەداران و دەسەڵاتەکانیان دەڵێن پشێوی دروست دەکات.

# یەکسانی ژن و پیاو ، فیمینیزم

**٣٥/ مەبەستان چییە لە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو؟**

**جەمال موحسین:** یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو لە یەک ڕستەدا بەواتای یەکسانی ژن و پیاوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

سەبارەت بە یەکسانی بە گشتی ئەوە بڵێم کە وابەستەیە بە هەڵوەشانەوەی تەواوی سیستمی بەرکاری کۆمەڵگە کە سەرمایەدارییە. بەڵام خۆ ناکرێت ئێمە ژنان و پیاوان چاوەڕوان بین و هەتا ئەو سیستمە لەناودەچێت و ئەو جۆرە لە ژێردەستەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بناغەوە نامێنێت، باس لە مافەکان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو نەکەین. کاتێک باسی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو دەکەین، پێش هەر شتێک مەبەست لەوەیە کە ژن وەک ئینسان سەیر بکرێت و مامەڵە بکرێت، یانی ئینسانی هاوتا و یەکسان لەگەڵ پیاو وە جیاوازی ڕەگەزی بەهیچ جۆرێک نەکاتە جیاواز تەماشاکردنی ژنان و کەمترکردنەوەی بەها ئینسانییەکەیان و مافەکانیان. لێرەشەوە کەسایەتی و ڕێزی ژن وەک ئینسان لە یاساکاندا، لە پەروەردە و خوێندندا، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکاندا و لە فەرهەنگی گشتیدا بنەما و پێوەری ئەسڵی بێت. ژن لە کارکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا لەباری سیاسی و ئیدارییەوە، لە مافی خێزانی و هاوسەرگیری و جیابوونەوە و سەرپەرشتی منداڵدا، لە نیشتەجێ بوون و سەفەرکردن و تەواوی مەسەلەکانی کۆمەڵگەدا لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن. خەباتی یەکسانیخوازانەی چینی کرێکار، سۆشیالیستەکان و هەر کەسانێک کە بە کردەوە یەکسانیخوازن دەتوانێت بگاتە ئاستێک کە ئەم ماف و ئازادیانە و ئەم یەکسانییەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بسەپێنێت و لە یاسا و ڕێسا و کولتوری

گشتیدا بیچەسپێنێت. پێویستە بووترێت ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی زۆری بە جۆری دەسەڵاتەوە هەیە. پێش هەر شتێک دەسەڵات بە هەرجۆرێکی پشت بەستوو بێ بە سیستمی ئێستا و بۆ پاراستنی هەوڵ بدات، وا ئاسان مل بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو نادات و ڕێگری سەرەکی دەبێت لەبەردەمیدا. بۆیە ئەو دەسەڵاتە پێویستە لاببرێت. خەباتی کرێکاران و ئێمە کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەیە کە لە هەر گۆشەیەکی کوردستاندا جۆرێکی تر لە دەسەڵات بنیات بنێین، کە ئەویش دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و تەواوی جەماوەرە لەڕێی شوراکانیانەوە. ئیتر ئێمە هەر کە ئەو دەسەڵاتەمان دانا، کار بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو ئەکەین، واتە یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو شتێکدا، بەرامبەر یاسا، لە سیاسەت و ئابووری و مافە فەردیەکانیان، لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزان و کۆمەڵگەدا. گەر وردتری بکەینەوە، یانی ژن وەک پیاو و بێ هیچ ڕێگرییەک لە خۆهەڵبژاردن بۆ هەر بوارێکی سیاسی و بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا بەشدار بێ. یانی لە هەڵبژاردنی هاوسەر و مافی جیابوونەوە و سەرپەرشتی مناڵ و ...تاد ڕێک وەک پیاو هەمان مافی هەبێت. یانی کوێی بوێت لێی نیشتەجێ بێت و خۆی بڕیار لەسەر جەستە و شتی شەخسی خۆی بدات و هەتا بۆی هەبێت ڕەتی بکاتەوە کە هاوسەرەکەی بچێتە لای بێ ڕەزامەندی خۆی... ئەمانە و چەند شتێکی تر گشت ئەو مەسەلانەن کە مافی یەکسان دەدەن بە ژنان. جا ئێمە هەموو ئەمانە هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەو جۆرە دەسەڵاتەوە دەکەین بە یاسا و جێگیری دەکەین. واتە یاسای یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو جێبەجێ دەکەین و هەرچی یاسا و فەرهەنگ و کولتورێک پێچەوانەی ئەم بنەمایە بێت و جیاکاری لەنێوان ژن و پیاودا دروست بکات هەڵدەوەشێنینەوە. ئێمە هەموو ئەمانە دەکەین بە یاسا و سەرئەنجامیش پێویستە و هەوڵ دەدەین ببێ بە فەرهەنگی خەڵک. بەڵام ئەمە کاری شەو و ڕۆژێک نییە، بگرە پێویستی بە کات و ئیمکانیەت و ئینسانەکان و کار لەسەرکردن هەیە. ئێمە پێویستمان بەوە دەبێت کە بنکەکان و کۆمیتەکانی چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم یاسا و فەرهەنگە نوێیە لە هەموو شوێنێک دابنێین، لە گەڕەک، لە کارگە

و ناوەندەکانی کار، لە قوتابخانە و زانکۆ و شوێنە گشتیەکان. تا بەمجۆرە ڕێگر بین لەبەردەم هەر پێشێلکاریەک دژ بە ژنان، جیاکردنەوەی ژنان، کارپێنەدانیان لەسەر بنەمای ژن بوون، توندوتیژی، بەرتەسککردنەوەی خوێندن و چالاکییە گشتی و کۆمەڵایەتیەکان لە کچان و ژنان و بە کورتی هەر جیاکاریەک دژ بە ژنان کە پیادەبکرێت. بێگومان کەسانێک یان شوێنی کارێک یان ڕێکخراوێک پێشێلی ئەو بنەما یاساییانە بکەن کە بۆ یەکسانی ژن و پیاوە، وەک خەتابار چاویان لێ دەکرێت لە کۆمەڵگەدا. بۆ نمونە ئەگەر کەسێک خەتایەک دژ بە تەندروستی گشتی خەڵک ئەنجام بدات، ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە. بۆ پاراستنی یاسای یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانیش هەر بەوجۆرە. هاوشانی ئەمەش دامودەزگاکانی ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتەی ئێمە دەیڵێین، واتە شوراکانی خەڵک، پرۆسەی برەودان بە فەرهەنگی یەکسانیخوازی و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە هەموو جومگەکانیدا دەستپێدەکات. کە ئەمەش بە ناچاری ناکۆکی و ململانێ لەنێوان خاوەنان و هەڵگرانی فەرهەنگی کۆن و پیاوسالای و جیاکاری لە دژی ژنان لەلایەک و دەسەڵات و یاسای یەکسانی و پیادەکەرانی و لایەنگرانیدا دێنێتە کایەوە. بێگومان کۆمەڵگەی ئێمە گیرۆدەی فەرهەنگی کۆن و پڕتوکاو و سواو و کۆنەپەرستیی ئیسلامیە و کوتراوە بەم فەرهەنگانە. ژێردەستەیی ژنانیش لە کوردستان ڕیشەکەی لە مێژووی ئەو فەرهەنگ و نەریتە کۆمەڵایەتیانەدا نییە کە عەشیرەتگەری و ئیسلامگەرایی بە سەدان ساڵە سەپاندوویانە و پیادەیان کردووە. بگرە مانەوەی ئەم فەرهەنگانە کە نیوەی ئەم کۆمەڵگەیە لە ژێردەستەیی و چەوسانەوەدا ڕادەگرێت، لە سیستمی ئێستایی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستاندایە کە سەرمایەداریە و بۆ قازانجی سەرمایەیە. تا ئینسانەکان لەژێر جۆرەها ناودا لەیەک جیا بکەنەوە و بەرژەوەندی و ژیانیان بکەن بەگژی یەکدا، بۆ ئەوان مایەی سوود و قازانجی زیاترە. سەبارەت بەو بەشەی تری پرسیارەکە، ئەم شێوازە لە یەکسانی کە ئێمە ناوی دەبەین بە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو هێشتا بەوجۆرەی ئێمە دەیڵێین لە پێشکەوتووترین وڵاتی دنیاشدا بوونی نییە. ڕاستە لە هەندێ

وڵاتی پێشکەوتوودا و لەژێر فشاری خەباتی سۆشیالیستانەی کرێکاران و بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژناندا، بە ڕواڵەت و لە کۆمەڵێک یاسادا جیاکاری ڕەگەزی هەڵگیراوە بەڵام هێشتا بەهۆی هەمان میکانیزمەکانی ئابووری سەرمایەداری و هێشتنەوە و برەودان بە نەریتە پیاوسالارانەکانەوە بە ئاسانی دەتوانی ببینیت کە ژنان ڕووبەڕووی ستەم و جیاکارین. سەیر نییە کە هێشتا لە وڵاتانێکی پێشکەوتووی وەک سوید و نەرویج لە ڕۆژی جیهانی ژناندا خواستی کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری یەکساندا بەرزئەکرێتەوە. لەبەرئەوەی هێشتا لە کرێدا نایەکسانی هەیە. سەیر نییە کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بیروباوەڕی پیاوسالاری و بە پلە دوو دانانی ژنان هەتا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە شاشەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە بێشەرمانە بڵاودەکرێتەوە. بهێننە پێشچاوتان کە لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا فەرهەنگێکی بەوجۆرە ڕەواج پێبدرێ کە ژن هەر بۆ ماڵەوە کراوە و دەبێت وەچە بخاتەوە و خەریکی گەورەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بێت لە ماڵەوە و خێزاندا. ئیتر ئەمە مانای وایە ئەو دەسەڵات و سیستمە نەک چاودێری ئەوە ناکات کە فەرهەنگێکی وا پاشەکشە پێبکات، بگرە ڕێگەی پێدەدات، چونکە بۆ دووبەرەکی نانەوە و بۆ قازانجی سەرمایە سوودی لێ دەبینێت. گەلێک نمونەی تری لەم بابەتە بە ڕۆشنی دەریدەخات کە ئەو یەکسانیە هەمەلایەنەیەی ئێمە خەباتی بۆ دەکەین و بنەماکانیمان باس کرد، زۆر لەوە واوەترە کە لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووشدا ئێستا پیادەدەکرێت، کە بێگومان ئەوەی ئەوان هێشتا لە هەندێک ڕووەوە لە وڵاتە دواکەوتووەکان باشترن. *

---

* بگەڕێوە بۆ دنیایەکی باشتر، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەشی یەکسانی ژن و پیاو، قەدەغەکردنی جیاکاری لەسەر بناغەی ڕەگەزی.

https://www.hkkurdistan.org/?page_id=448

هەروەها باسی داواکاریە بەرنامەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری "دنیایەکی باشتر" دەربارەی مافەکانی ژنان، گفتوگۆ لەگەڵ مەنسور حیکمەت.

http://hekmat.public-archive.net/ku/3670ku.html

**٣٦/ جیاوازی ئێوه لەگەڵ ڕوانگەکانی فێمینیزم بۆ مەسەلەی ژنان جیائەکاتەوە؟**

**جەمال موحسین:** سەرەتا دەبێت بڵێین ڕوانگەکانی فێمینیزم ئێستا زۆر پەرش و بڵاوە و لق و پۆپی زۆری لێ بۆتەوە. ئێمە دەتوانین ڕیزێک لە فێمینیست بدۆزینەوە کە گوایە بۆ مافەکانی ژنان دەگەڕێنەوە بۆ ئینجیل و قورئان و کتێبە ئاینییەکانی تر. ڕیزێک بدۆزینەوە کە بە شەپۆلەکانی دوو و سێ و چوار ناودەبرێن و سەرچاوەی چەوسانەوە و پلەدوویی ژنان یان لە چاوی پیاودا دەبینن، یان لە باشترین حاڵەتدا پێیان وایە فەرهەنگ و کولتور و پیاوسالاری وەک نەریت بەرپرسن، وەک ئەوەی ئەوانە لە ئاسمانەوە بەربووبێتنەوە و هیچ پەیوەندییەکیان بە سیستمی ئابووری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و سیاسەتەوە نەبێت. یان باس لە بەشداری ڕێژە و ژمارەی زیاتری ژنان لە پەرلەمان و سیاسەت و بازرگانی و بەڕێوەبردن و...هتد دەکەن. لەنێو ئەو لقوپۆپانەدا هەیە پێی وایە کوردستان پێویستی بە هەستانێکی ڕۆشنگەری هەیە و گوایە ئەگەر "شۆڕش"ێکی فیکری و هوشیاری و ڕۆشنگەری لەناو ژناندا بەرپابخرێت و قبووڵی چەوسانەوە نەکەن، ئیتر کار تەواوە و ژنان ئازاد و یەکسان دەبن. تیاشیاندایە لەنێو فێمینیستەکاندا کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرقاڵ و سەرمەستی کردووە، پێی وایە لە ڕێگەی نێوەندگیریکردن لەنێوان دەسەڵات و ژناندا و بە پێدانی هەندێک خزمەتگوزاری بە ژنانێک دەتوانێت ژنان لەو ستەمەی لەسەریانە و کۆمەڵگە لەو ڕەشەکوژیەی ژنان کە کراوەتە باو ڕزگار دەکات. با ئیتر قسەیەک لەسەر ئەو فێمینیستانە نەکەین کە پێیان وایە بە نەسیحەت و مەوعیزەی مەلا و بانگخوازانێک کە گوایە بە زمانێکی نەرمونیانتر باس لە "بوونی مافەکانی ژنان لە ئیسلام و قورئاندا" دەکەن، ئیتر ژنان ڕزگاریان دەبێت.

بەشێک لەم فێمینیستانە و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەرچەندە نیەتیان باش بێ و بیانەوێت خزمەت بە ژنێک بکەن، لانی کەم لەژێر چەقۆی پیاوسالاری دەریبهێنن، لەپاڵ دەسەڵات و لەنێو هەمان سیستمی باودا دەمێننەوە و کار دەکەن. دەسەڵات و سیستمیش ئەم کارەی

ئەمانی پێ ناخۆش نییە چونکە خۆیان لە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە و شۆڕش و ئاڵوگۆڕ نادەن.

چەوسانەوە و ژێردەستەیی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری چینایەتی، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی چینایەتی و قازانجی سەرمایەداری لێی. ڕاستە فەرهەنگ و ئایین و پیاوسالاری و یاسا کۆنەپەرستانەکان بوونیان هەیە و وەک سەرخانی کۆمەڵگە بە هۆکاری ئەم ژێردەستەییە دادەنرێن، بەڵام ئەوە خودی ئەو ژێرخانە چینایەتیەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و ئێستادا بەرپایە سەرچاوەی مانەوە و هێشتنەوە و بگرە بوژاندنەوەی ئەو پیاوسالاری و فەرهەنگەیە.

هەروەک ئێمە لە بەرنامەی حیزب (دنیایەکی باشتر)دا وتوومانە ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. جیاکاری و دابەشبوونی ڕەگەزیی ئینسانەکانیش لە مەیدانی بەرهەمهێناندا زامنی قازانجی سەرمایەیە. *

هەروەک دەبینین لە کوردستان و لەم جۆرە سیستمەدا کە کاری ناوماڵ و کاری ژنان بۆتە گۆشەیەکی سەرەکی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ژنانی خستۆتە پەراوێزەوە و ئەسڵەن بە نانئاوەری ماڵ حسابیان بۆ ناکرێت، ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و خستنەوەی نەوەی تازەیان پێ سپێردراوە، بەبێ ئەوەی کرێیەکیان پێ بدرێت (واتە کاری خۆڕاییان پێ دەکرێت) و لە زۆر کاتیشدا سوکایەتی بە کارەکەشیان دەکرێت... هەموو ئەمانە جێگەوڕێگەی نەویتری داوە بە ژنان و لە ستەم و ژێردەستەیی و بێمافیدا ڕایگرتوون.

ئەمە ئەو ڕوانگە جیاوازە سەرەکیەیە کە ئێمە لەگەڵ ڕەوتەکانی فێمینیزمدا

* دنیایەکی باشتر، بەرنامەی حیزب، بەشی یەکسانی ژن و پیاو
https://www.hkkurdistan.org/?page_id=448

هەمانە. لای ئێمە کۆتایی هێنانی تەواوەتی بە ژێردەستەیی ژنان لە کۆتایی هێنانی ئەو سیستمەدایە کە پارێزەریەتی. بەم مانایە مەسەلەی ژنان مەسەلەی چینی کرێکارە. ئەم چینە بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات ناچارە تەواوی کۆمەڵگە ڕزگار بکات. بەم پێیەش خەباتی لێبڕاوانەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لێکهەڵپێکراوە لەگەڵ خەباتی ئەم چینەدا بۆ سۆشیالیزم و بۆ ئازادی و یەکسانی. لەم ڕوانگەیەشەوە دەڕوانینە هەر باشکردنێکی دۆخی ژنان و نەهێشتنی کێشە و مەسەلەکانیان و خەباتکارێکی سەرسەختی ئەم باشبوونەین. هەروەک چۆن تاکو بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار هەمیشە لەپێناو زیادکردنی کرێی کرێکاران و باشبوونی بژێوییان، وەک نمونە، کار و تێکۆشان دەکەین بە هەمان شێوەش هەرجۆرە باشبوونێک لە دۆخ و ژیانی ژنانی کۆمەڵگەدا بابەتی ئەو کار و تێکۆشانەمانە.

# هاوسەرگیری، مافەکانی منداڵان، ژینگە، سزای لەسێدارەدان و هێزی چەکداری پیشەیی

**٣٧/ ڕەخنەتان چییە لە هاوسەرگیری باو و بەرکار لە کوردستان؟ ئێوە لایەنگری چ مۆدێلێکن لە هاوسەرگیری؟**

هێور دلێر: هاوسەرگیری باو و بەرکار لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ڕیشەی لە باوەڕ و نەریتە ئیسلامی و دواکەوتووەکاندایە و هەڵگری کۆمەڵێک کۆتوبەندە و ئازادی و حورمەتی ئینسانی لە هەردوو سەرەوە تێیدا پایماڵ دەکرێت و لە ئەنجامیشدا بەرهەمهێنەری توندوتیژی و نایەکسانیە. لەم شێوە زەواجە تەقلیدیانەدا کە باوە، ژنان لەڕووی فەرهەنگ و ئازادیە شەخسیەکانەوە وەک ئینسان وەرناگیرێت و دەکرێنە پاشکۆی پیاوان و وەک کاڵایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم شێوە هاوسەرگیریانە هەڵگری چەندین کێشەیە، تەنانەت خودی دەستەواژەی وەک "ژن هێنان"، بە مانای ئەوە دێت کە ژن کاڵایەکە و پیاوان دەیانهێنن و دەیانبەن. واتە بە گشتی، ژن وەک کاڵایەک سەیر دەکرێت، کە باوکی خاوەنیەتی و دواتر دەدرێت بە مێردەکەی. پیاوسالاری کاریگەری زۆری ماوە لەسەر ئەوەی کە هاوسەرگیری چییە و دەبێ چۆن بکرێ. بەشێک لە هۆکارەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، بەشێکی بۆ ئایین، بەشێکی بۆ حکومەت و چەند فاکتۆری تر. لە مێژوودا وا هاتووە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی لە مێژوودا هاتبێت ڕاست و دروست بێت و مێژوو لێرە بووەستێت. لە ئاییندا بە گشتی، ژن مافی کەمترە لە پیاو و پلە دووە. لە حکومەتیشدا، تا ئێستاش پیاو وەک سەرۆکی خێزان سەیر دەکرێ. مەسەلەیەکی تری گرنگ ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت پیاو زێڕ بکڕێت بۆ ژنەکە و پیاو مەسرەفی حەفلەی

زەواج بکات و بە گشتی هەموو ئەرکەکانی زەواج لەسەر پیاوە، کە ئەمە هیچ مەعنایەکی مەنتقی و سروشتی نییە. دوو کەس بڕیار دەدەن زەواج بکەن و بەیەکەوە بە هاوبەشی بژین، بەڵام تەنها پیاوەکە دەبێت هەموو ئەرکەکان بکێشێت. ژنیش ئەرکی ئەوەی لەسەرە کە دەبێت گوێڕایەڵی مێردەکەی و ملکەچی ئەو بێت. کەواتە هەم پیاو و هەم ژن زەرەرمەندن لە شێوازی هاوسەرگیری باودا. ئەمانە و زۆر شتی تر هەن کە دەکرێت ڕەخنەیان لێ بگرین دەربارەی هاوسەرگیریی باو و بەرکار. هاوسەرگیری، وەک هەر دیاردە و پرۆسەکی کۆمەڵایەتی، هەمیشە گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت و لە داهاتووشدا هەر وا دەبێت.

ئێمە کۆمۆنیستەکان مۆدێلێکی لەپێشدا دانراومان نییە بۆ هاوسەرگیری، چونکە نە دەمانەوێت خێزان بکەینە دامەزراوەیەکی ئابووری و سەرچاوەیەک بۆ کۆکردنەوەی قازانج و نە کۆمەلگایەکی ئایدیۆلۆژی لەسەر باوەرەکان دادەمەزرێنین، بەڵکو ئێمە چاو لەو پەیوەندیە ئازاد و پێشکەوتووانە دەبڕین کە کۆمەڵگە لە خۆی نیشانداوە و تێیدا ئینسانەکان بڕیاری ئازادانە دەدەن و بەدەر لە هەر جۆرە دەخاڵەت و سەرکوتگەریەک ژیانی تێدا دەکەن. لە ئێستادا معیاری ئێمە بۆ هاوسەرگیری ئەو مۆدێلەیە کە هەر دوو ئینسانێکی کامڵ ئازادانە و بە ئیرادەی خۆیان ژیانی هاوبەش هەڵبژێرن وبە بڕیاری خۆیان لەسەر شێوەی ژیانیان بەدەر لە فشار و زۆری دایک و باوک، یاسا، مەلا و شەریعەت، فشاری ئابووری و فەرهەنگی دابمەزرێنن. لەڕوانگەی ئێمەوە هاوسەرگیری مەدەنی، یانی ئەوەی کە هەردوو ئینسانێکی بالغ مافی ئەوەیان هەیە کە بڕیار لەسەر دروستکردنی ژیانی هاوبەش و پێکەوەیی بدەن و دەوڵەتیش ئەرکەیەتی نەک هەر ئەم مافە بەڕەسمی بناسێنێت، بەڵکو هاوکاری مادییان بۆ بڕەخسێنێت. زەواجی مەدەنی نەک هەر بە مانای پێکەوە ژیانی ئازادانەی دوو کەس، بەڵکو سەلماندنی مافی جیابوونەوەی ئازادانەش بەبێ هیچ قەید و بەندێک بۆ هەر کەسێک کە نایەوێت لەگەڵ هاوژینەکەیدا لە ژیانی هاوسەریدا بمێنێتەوە.

**٣٨/ باسی ئازادی جیابوونەوە (تەلاق) بۆ ژنان دەکەن، ئایا ئەمە بە مانای هەڵوەشانەوەی خێزانەکان نییە؟**

**موحسن کەریم:** خێزانی ئێستا (بەشێوەیەکی گشتی) لەسەر بنەمای باڵادەستیی پیاو دامەرزاوە کە بەناچاری ژن دەخاتە پێگەیەکی لاواز و پاشکۆی پیاوەوە. بەلام گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە خێزاندا دەبێت پەیوەندییەک بێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز و یەکسانی دامەزرابێت، پەیوەندییەک بێت کە ئەو دوو کەسە بە دڵخواز و ڕەزامەندی خۆیان پێکەوە بژین و چێژ لە ژیانی هاوبەشیان وەربگرن. بەلام کاتێک ئەو پەیوەندیە لاسەنگ و ناهاوسەنگ بێت، لایەنێک هەست بە نایەکسانی بکات لەبەرامبەر ئەوی دیکەدا، بێگومان ئیتر پەیوەندییەکە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی نایەکسان و دادەماڵرێت لە خۆشەویستی و ڕێز. وەکو پەیوەندیەکی ناچاری و نابەدڵ دەمێنێتەوە کە زۆربەی کات کێشە و ناخۆشی و بگرە سوکایەتیکردن بە یەکتر و ڕێزنەگرتن لە یەکتر دەبێتە بنەمای ئەو جۆرە خێزانە کە کاریگەری خراپیش لەسەر منالّ و ئەندامانی دیکەی خێزان دروست دەکات.

کاتێک کە ئەو پەیوەندییە بەو جۆرەی لێهات و بنەمای خۆشەویستی و ڕێز و هەستی پێکەوەژیان لەئارادا نەما، وا باشترە کە ئەو ژن و مێردە بتوانن ئازادانە لێک جیاببنەوە، چونکە مانەوەی ئەو پەیوەندییە بەو جۆرە لەناوەوە خێزانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە و هیچ بنەمایەکی ئینسانی و خۆشەویستی و ڕێزی تێدا نەهێشتۆتەوە. لەو بارەدا ئەگەر پیاو مافی ئەوەی هەبێت کاتێک لە ژنەکەی ڕازی نەبوو جیاببێتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر ژنەکەش مافی ئەوەی هەبێت کاتێک لە پیاوەکەی ڕازی نەبوو، جیاببێتەوە، تەنها لەو بارەدا دەتوانرێت پەیوەندییەکی یەکسان و پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی لەناو خێزانەکاندا بمێنێتەوە، چونکە ئیتر نە ژن نە پیاو ناچار نین بەدەر لە خواست و ئیرادەی خۆیان لە پەیوەندییەکی نابەدڵ و ناچاری و نەخوازراودا بمێننەوە. بەڵکو تا ئەو کاتە پێکەوە دەژین کە بەڕاستی وەکو دوو هاوژین پێکەوە چێژ لە ژیانی هاوبەش وەردەگرن و پەیوەندی نێوانیان لەسەر

بنەمای ڕێز و هاوسەنگی و خۆشەویستی دامەزراوە. ئەوەش خێزانێکی تەندروست دروست دەکات نەک ئەوەی کە ئێستا هەیە کە زۆر جار تەنها بە ڕواڵەت خێزانە، بەڵام لە ناوڕۆکدا داڕزاوە. تەنانەت بۆ دابینکردنی ئەم مافە بۆ ژنان دەبێت دەوڵەت پشتیوانی ماددی و مەعنەوی بۆ ژنانێک دابین بکات کە لە هاوسەرەکانیان جیادەبنەوە، بۆئەوەی ناچار نەبن بەدەر لە خۆشەویستی و تەنها لە ترسی گوشارە ماددی و کەلتورییەکانی دوای جیابوونەوەدا، مل بەژیانی نابەدڵی خێزانیی ئێستایان بدەن. کەواتە، تەنها ئەو کاتە بنەمای خێزانی واقعی و هاوسەنگ و یەکسان و خۆشگوزەران دادەمەزرێت کە ئازادی جیابوونەوە بۆ ژنانیش، وەک پیاوان، دەستەبەربکرێت.

**٣٩/ لە عادەت و فەرهەنگی باوی کوردستاندا دەبێ منداڵ ملکەچی دایک و باوک بێت، بەڵام ئێوە دژی ئەم عادات و فەرهەنگەی خەڵکن. بۆچی؟ جێگەی منداڵ و مافەکانی لە باوەڕ و بەرنامەی ئێوەدا چییە؟**

**دەشتی جەمال:** لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەداخەوە بێمافترین و ستەمدیدەترین ئەندامانی کۆمەڵگە منداڵانن. عادەت و فەرهەنگی باوی کۆمەڵگەی کوردستان لەو سیستم و یاسا و فەرهەنگەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. منداڵ وەک بوونەوەرێکی نوێ کە لەدایک دەبێت بەپێی عادەت و فەرهەنگ و دابونەریت و ڕێساویاسا باوەکان پەروەردە دەکرێت و ڕادەهێنرێت، گۆشەگیر دەکرێت و ئیرادەی دایک و باوک بەسەر منداڵدا کراوەتە ئەرک. لەکاتێکدا کۆمەڵگە ئەرکیەتی بەرگری لە منداڵان بکات و بەپێی یاسا، دەبێت باشبژێویی و بەختەوەرییان بۆ دابین بکرێت. پێویستە منداڵان لە سیستمێک بەهەرەمەندبن کە نە دەولەت بتوانێت باری ژیان و بژێوی بخاتەوە سەر دایک و باوک و نە دایک و باوکیش بتوانن مافە مەدەنی و ئینسانیەکانیان سنووردار بکات.

منداڵان هەر لەو ڕۆژەی لە سکی دایکیاندان، بێبەشی دەبێتە نسیبیان و هەروەها بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی خێزانی و دەسکورتی و هەژارییەوە،

زۆر جار بە لاوازی یان بە ناتەواوی لە دایک دەبن و دواتریش چاو بە دنیای پڕ لە ستەم و نایەکسانی هەڵدێنن. پاشان کێشەی دابینکردنی پۆشاک و خۆراک، نەبوونی دایەنگا، شوێنی یاری و حەوانەوە، قوتابخانە دەستپێدەکات و هەموو بەرپرسیارێتییەک دەکەوێتە ئەستۆی خێزان. خۆ ئەگەر خێزانەکەی گرفتی بەڕێوەبردنی ژیان و کەمدەرامەتییان هەبێت ئەوا هەر لە تەمەنی ساواییەوە لەژێر باری تەندروستی و کوالێتی جۆری خواردن و هەموو ئەوانە لەسەر گەشەی ئەو منالە کاریگەری دەبێت. کە کەمێکیش گەورە بوو، تازە ئەگەر شانسی چوونە قوتابخانەی پێ بڕا و نەخرایە بەر کار و نەکرا بە نان پەیداکەری ماڵ، ئەوا لە قوتابخانەیەکی چەند وەجبە دەوامکردن لەسەر تەختەیەکی ڕەق و تەق و بێبەش لە هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و قەڵەم و دەفتەر و پۆشاک تەمەنی بەڕێ دەکات. ئەمە لەپاڵ سیستمی پەروەردەی ناتەندروست لە قوتابخانەکان وەک بوونی لێدان و توندوتیژی و ئازاردان و ترساندنی منالان کە کارێکی ڕۆژانەیە و پەیڕەو دەکرێت.
چاوخشاندنێکی خێرا بە دیمەنی کاری منالان لەسەر شۆستە و شەقام و ناوبازاڕ یان لە شوێنە پیشەسازی و کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا، ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵیت کە منالانی کوردستان لەگەڵ چ ستەم و بێمافیەکدا بەرەوڕوون. ئەمە سەرباری دەستئاوەلاکردنی مامۆستا لە بەزۆر فێرکردنی نوێژ و ترساندنی منالان بە جەهەنەم و خورافات و کۆنەپەرستی. تازە ئەگەر لەژێر گوشاری خێزانیشدا بەزۆر لەچکی پێ نەکرێت، یان لە تەمەنی منالّیدا نەدرێت بە شوو، یان ئیستیغلالی جنسی نەکرێت. ئەمە ئەو دیمەنە گشتییەمان پێ نیشان دەدات کە منالان لە کوردستان لە جیاتی بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی خۆشگوزەران و پەروەردەیەکی تەندروست، دەسەلات شانی خۆی لە بچووکترین بەرپرسیاریەتی خالّی کردووە و هەرچی بەرپرسیاریەتییە خستویانەتە ئەستۆی خێزانەکانەوە. بەداخەوە دەمارگیریی ئایینی و بیروباوەڕی کۆنی خێزانەکانیش منالانی ئەوەندەی تر لە مافی جیهانیی منالان بێبەشکردووە. دایک و باوک و خێزان و قوتابخانەکان توندوتیژییان بەرامبە بە منالان وەک مافێک بۆ خۆیان داناوە.

لەکاتێکدا ئەوەندە سەروەت و سامان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە کە تەواوی مافەکانی مناڵان دەستەبەر بکرێت و ژیانێکی دوور لە هەڵاواردن و هەژاری و برسێتی و کارپێکردنی منداڵان دابمەزرێت، هەر بەم پێیە حیزبی ئێمە لە دژی هەموو ئەو دواکەوتوویی و عادات و فەرهەنگە لەدوایانە خەبات دەکات کە بەهۆی ناهوشیاری و دەمارگیری دایک و باوکەکانەوە ڕووبەڕووی منالاّن دەبێتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەکاتێکدا کە خەباتکاری لێبڕاوی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەت و کاری بەکرێ و بەپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیە، هەر ئێستاش داکۆکی لە کۆمەڵێک ماف بۆ منالاّن دەکات کە لە بەرنامەی "دنیایەکی باشتر"دا جێگیری کردووە:

- مافی هەموو منالێکە کە لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە بەهرەمەند بێت.
- کۆمەڵگە لەسەریەتی کە باشبژێوی و بەختەوەری بۆ هەموو منالێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەریەتی ستانداردێکی چونیەک لە باشبژێوی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی منالاّن و تازە لاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات.
- دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری و کەلتووری خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منالاّن و تازە لاوان بێ گوێدانە بارودۆخی خێزانیان.
- سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو منالانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە، لە لایەن دەوڵەتەوە و بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پێشکەتوو و پۆشتەکاندا.
- دامەزراندنی دایەنگە پۆشتە و مۆدێرنەکان بە مەبەستی بەهرەمەند بوونی هەموو منالاّن، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.
- یەکسانی تەواوی منالاّن لە ڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی

کە لەچوارچێوەی هاوسەرگیری یان دەرەوەیدا لەدایک بووبن.

- قەدەغە کردنی کاری پیشەیی بۆ منالان و تازە لاوانی خوار تەمەن ١٦ساڵی.
- قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئازاردانێکی منالان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لە ئاستی کۆمەڵگە بەگشتی. قەدەغە کردنی بێ ئەملاولای سزادانی جەستەیی. قەدەغە کردنی گوشار و ئازاری دەروونی و ترساندنی منالان.
- ڕووبەڕووبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسی لە منالان، بەدکەڵک وەرگرتنی جنسی لە منالان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.
- لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێک کە بە هەر جۆرێک و بە هەر بیانوویەک ببنە ڕێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منالان، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەلاتییەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەلایەتییەکانی تایبەت بە منالان.
- قەدەغەکردنی چەکدار کردن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربازی بۆ منالانی خوار ١٦ ساڵ.

**٤٠/ ئێوە کەمتر لەبارەی ژینگە و مافی ئاژەلانەوە قسە دەکەن. هەڵوێستی ئێوە لەسەر ئەم مەسەلانە چییە؟**

**هێور دلێر:** ئێمە بابەتی ژینگە و مافی ئاژەلان بە گرنگ دەزانین و بە بەشێک لە خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە دژی سەرمایەداری دەوڵەتەکانی دەزانین و پێمان وایە پاراستنی ژینگە و سروشت پێداویستییەکی بنەڕەتی مانەوەی ئینسان و ژیانی ئینسانیە. هاوکات ئێمە پێمان وایە وەک هەموو ئەو نەگبەتی و ستەم و چەوسانەوەیەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، مەترسیەکانی ژینگە و ژیانی ئاژەلان سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیزامی سەرمایەداری، چونکە بزوێنەوەر و ئامانجی سەرەکی ئەم سیستمە کۆکردنەوەی قازانج و زیاتر کردنی سەرمایەیە، بەبێ ئەوەی

گوێ بدات به ژیانی ئینسانەکان یان به سروشت و ژینگه و ئاژەڵان. واته ئەوه هەر ئینسانەکان نین که لەم نیزامەدا دەچەوسێنەوه و جیاکاری و ناعەدالەتیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو ئەوه سروشت و ژینگه و ئاژەڵانیشن که له پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایه و بەدەستهێنانی قازانجدا، گورزی دەکەونه بەردەم پەلامارەوه. جەنگەکان و ئەو کاولکاریەی که بەرهەمیدەهێنێت، پەرەسەندنی ناهاوسەنگی کارگه و پاشەڕۆ کیمیاییەکان، بڕینەوەی دارستان و پیسکردنی ئۆقیانوسەکان، کردنی ئاژەڵ به کاڵا و سەرچاوەیەک بۆ مەوادی خاو.... هەموو ئەمانه لەمنافەسەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهینان وبازرگانیدا گۆی زەوییان ڕووبەڕوی کارەسات کردۆتەوه. کەواته خەبات بۆ پاراستنی ژینگه و مافی ئاژەڵان خەباتێکی گرێدراوه به خەبات بۆ کۆتایی هێنان به سیستمی سەرمایەداری و ئەو دەسەڵاتەوه که پارێزەریەتی. بەڵام دیاره هەر ئێستاش دەتوانرێت کۆمەلێک هەنگاو هەڵگیرێت و دەوڵەتانی پێ ناچار بکرێت تا لانی کەم مەترسیەکانی سەر ژینگه و ئاژەڵان کەم بکرێتەوه. بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان له بەرنامەی دنیایەکی باشتردا کۆمەڵه هەنگاوێکی دیاریکردووه تا له خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشدا بەدەستەوه بگیرێت. *

**٤١/ بۆچی ئێوه له دژی سزای لەسێدارەدانن، له کاتێکدا تاوانێک ئەنجامدراوه و دەبێت تاوانبار سزای خۆی وەربگرێتەوە؟**

**سەعید ئەحمەد:** ئێمه له دژی کوشتن و سەندنەوەی مافی ژیانین له ئینسانەکان، جا ئەم کوشتنه لەڕێگەی تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگەوه ئەنجام بدرێت یان لەڕێگەی دەوڵەتەوه، واته به سەپاندنی سزای لەسێدارەدان. بەڕای ئێمه ئەمەی دووەمیان دڕندانەتر و نائینسانیتره، چونکه دەزگایەکی دەوڵەت، لەوپەڕی ئارامی و ئەعساب ساردیدا، لەبەرچاوی هەموان و بەناوی

---

* بەرنامەی دنیایەکی باشتر، بەشی پاراستنی ژینگه

https://www.hkkurdistan.org/?page_id=448

هەمووانەوە، دڵڕەقانە بڕیاری کوشتنی ئینسانێکی دیلی ناو قەفەس دەردەکات و کات و ساتی کوشتن و چۆنێتی گیانکێشانەکەشی دیاریدەکات. ئەمە، ڕێک کوشتنی بەئەنقەست و پلانبۆداڕێژراوی ئینسانە. ئەوەی کە ئەم کوشتنە لە لایەن دادگا و دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت، بە قەد نووکە دەرزییەک لەم ناوەڕۆکە تاوانکارییەی کەم ناکاتەوە.

سەبارەت بە هەندێک پاساوی لایەنگرانی سزای لەسێدارەدان کە دەڵێن تاوانبار دەبێت سزای تاوانەکەی وەربگرێتەوە، یان دەڵێن ئەم سزایە بۆ بکوژان پێویستە تا ئاسودەییەک بە دەروونی خانەوادە و کەسە نزیکەکانی تاوانلێکراودا بهێنێتەوە، بەڕای ئێمە ئەم پاساوانە نالۆژیکی و لەرزۆکن. کوشتنی بکوژ دووبارەکردنەوەی تاوانی کوشتنە. لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دادپەروەردا، دەبێت ئامانجی کۆمەڵگە لە شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ تاوانباردا ئەوە بێت کە ڕێژەی تاوان کەم بکاتەوە و بەرەو نەهێشتنی هەنگاو بنێت. دەبێت هەوڵ بدات هەموو زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوان لەناوبەرێت، دەبێت کەلتورێکی هێندە ئینسانی دابمەزرێنێت کە بە هیچ پاساوێک کەس دەستی نەچێتە خوێنی ئینسانێکی تر. ئێمە لەسەرمانە کۆمەڵگە بپارێزین لە تاوان و لە کوشتن، تەنها یەکێک لە ڕێگەکانی گەیشتن بەم ئامانجە زیندانیکردنی بکوژە، ئەویش نەک بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە و دانەوەی سزای تاوانەکەی یان ئاسوودەکردنی کەسوکاری تاوانلێکراو، بەڵکو لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگە لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی تاوانبار بۆ ئینسانێکی بێ زیان و ئاسایی و بگرە سوودبەخش بۆ کۆمەڵگەکەی.

مەسەلەیەکی تر کە دەبێت لەبارەی سزای لەسێدارەدانەوە لەبەرچاومان بێت ئەوەیە کە ئەم سزایە، بەپێچەوانەی ئیدعای لایەنگرانی سزای لەسێدارەدانەوە، تەنها بۆ بکوژان و تاوانکاران دانەهێنراوە. لە زۆر وڵات، گەلێک کردەوەی تریش سزاکەیان لەسێدارەدان بووە و تا ئێستاش لە هەندێ شوێن هەر وایە، لەوانە: سیاسەتکردن و دژایەتیکردنی دەسەڵات و حکومەت و هەوڵدان بۆ گۆڕینی، ڕەخنەگرتن لە ئایین و "موقەدەساتی کۆمەڵگە"، بوونی

ئینتمای ئایینی و قەومی جیاواز، کۆمۆنیست بوون، سێکس کردن لە دەرەوەی زەواج، هاوڕەگەزبازی و ...تاد. ئەگەر بکرێت سەرژمێرێکی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە ڕۆژی سەرهەڵدانی سزای لەسێدارەدانەوە تاکو ئێستا لەسێدارەدراون، بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی کە بەهۆی تاوانی گەورە و کوشتنی ئینسانەوە ئەم سزایەیان بەسەردا سەپێنراوە بەشێکی زۆر کەم پێکدەهێنن لە کۆی لەسێدارەدراوان. لەڕاستیدا و لە جەوهەردا، سوودی ئەم یاسایە بۆ دەوڵەتان، نەک کەمکردنەوەی تاوان و بەتایبەتیش تاوانی کوشتن، بەڵکو سەرکوتکردن و ملکەچکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەبەرامبەر دەوڵەت و ستەم و ناعەدالەتییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتیدا.
لەژیانی واقعیشدا، ئەزموون و داتای وڵاتان بە ڕۆشنی ئەوە نیشاندەدەن کە لەو وڵاتانەی سزای لەسێدارەدان هەیە و بەرکارە ڕێژەی تاوان نەک هەر کەمتر نییە لەو وڵاتانەی کە ئەم سزایەیان هەڵوەشاندۆتەوە، بگرە زۆر زیاتریشە. کۆمەڵگەیەک کە خۆی بەپێی یاسا، بێبەزەییانە و بە ئاشکرا، پلان بۆ کوشتنی ئەندامەکانی دادەنێت و لەسێدارەیان دەدات، جا بەهەر پاساوێک بێت، ناتوانێت بەربگرێت لەوەی کە تاکەکانی ئەم تاوانە بەرامبەر یەکتری بکەن. بە پێچەوانەوە، بوونی سزای لەسێدارەدان پاساو دەداتە دەست تاکەکانی کۆمەڵگە کە بە هەمان ئەو پاساوانەی دەوڵەت ئەوانیش دەست بۆ کوشتنی ئەو کەسانە ببەن کە تاوانێکیان بەرامبەریان کردووە. هەربۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە سزای لەسێدارەدان تیایاندا قانونیە و دەوڵەت تاوانبار دەکوژێت، خەڵکانی تریش هەمان ڕەفتار دەکەن بەرامبەر بەوانەی کە بە بڕوای ئەوان تاوانێکیان ئەنجامداوە، تەنانەت مەرج نییە تاوانەکەیان کوشتنی ئینسانیش بێت.
ئامانج لە سزای لەسێدارەدان لە لایەن دەوڵەتەوە، سەرکوتی کۆمەڵگە و پەردەپۆشکردنی ئەو زەمینە و هۆکارانەیە کە تاوان بەرهەم دەهێنێت. ئینسان خۆی لەخۆیدا تاوانکار و دز و شەڕەنگێز و بکوژ نییە، ئەوە بێکاری و هەژاری و برسیتی و بێمافی و ناعەدالەتیە کە وای لێدەکات دەست بۆ تاوان بەرێت. ئاوڕدانەوە لە سەردەمی قەیرانەکان کە تیایدا ڕێژەی بێکاریی و

برسێتی و نەبوونی و هەژاری دەچێتە سەرەوە و شانبەشانی ئەمەش ڕێژەی تاوان زیاد دەکات، سەلمێنەری حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەیە. دەوڵەت کاتێک سزای لەسێدارەدان بەسەر تاکێکدا دەسەپێنێت، دەیەوێت ئەستۆپاکیی و بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت، دەیەوێت تاوانەکان بداتەوە بەسەر تاکەکاندا و پێمان بڵێت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناخی ئینسانەکان نەک ئەو هەلومەرجەی کە ئەو پارێزەرێتی و بەسەریانیدا سەپاندووە . *

**٤٢/ ئێوە باس لە هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری پیشەیی دەکەن، بەلاّم ئەگەر سوپایەک نەبێت چۆن ولاّت لە مەترسی دەرەکی دەپارێزرێت؟**

**خەسرەو سایە:** سەرەتا ئەوە بڵێم کە باسی هەڵوەشانەوەی سوپای پیشەیی، لە بۆچوون و بەرنامەی ئێمەدا لەو ڕووەوەیە کە "سوپای پیشەیی" گەرچی لەژێر ناوی پاراستنی ولاّتدا، دروست دەکرێت و لە زۆربەی ولاّتاندا لەچاو بوارەکانی تر زۆرترین داهاتی کۆمەڵگەی بۆ تەرخان دەکرێت، بەلاّم لە بنەڕەتدا ئامرازی دەستی چینی دەسەلاّتدارە بۆ سەرکوت و کوشتاری نەیارانی دەسەلاّت و سیستمێک پارێزەریەتی. سوپای پیشەیی نیهادێکی سەروخەڵکیە و لە دژی ئازادییەکانی خەڵک و ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوە. تاوانەکانی ئەم جۆرە سوپایانە، تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتووە کە نەک هەر جەنگە جیهانی و ناوچەییەکانی ئەنجام داوە، بەڵکو کوشتاری بەکۆمەڵی لەناوخۆی ولاّتاندا بەڕێوەبردووە. هەربۆیە هەڵوەشاندنەوەی بە مانای هەڵگرتنی بەربەستێکە لەسەر ڕێگەی دابینکردنی

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵوێستی ئێمە لەسەر سزای لەسێدارەدان بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

- مەنسور حیکمەت، سزای لەسێدارەدان قێزەونترین شێوازی کوشتنی بەئەنقەستە.
http://hekmat.public-archive.net/ku/2090ku.html

- مەنسور حیکمەت، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان، گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆی ئەنتەرناسیۆنال.
http://www.hekmat.public-archive.net/ku/3590ku.html

ئازادی و ئارامی کۆمەڵگە و هاوکات سەندنەوەی توانای سەرکوتگەرییە لە بۆرژوازی و گێڕانەوەی ئەو داهاتەیە کە بۆی سەرفدەکرێ بۆ خزمەتی هاووڵاتیان.
بەڵام لەحاڵەتی نەمانی سوپای پیشەییدا، کۆمەڵگە چۆن لە هەڕەشەی دەرەکی دەپارێزرێت و چۆن لەناوخۆدا سەلامەتی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دابین دەکرێت؟ لە حکومەتی کرێکاریدا، کە شوراکان کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن، واتە لە دەسەڵاتێکدا کە ئازادی دەستەبەر کراوە و ئیرادەی جەماوەری بڕیار لەسەر هەموو بوارە سیاسی و ئیداری و ئابووری و قانونیەکانی کۆمەڵگە دەدات، سوپای سەرو خەڵکی پێویستی نامێنێ و چەکدارکردنی گشتی شوێنی ئەم سوپایە دەگرێتەوە. واتە شوراکان هەم هەموو هاووڵاتیەکی سەرو١٨ ساڵ چەکدار دەکات و لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هەموو ئاستەکانی چەک ڕاهێنانیان پێدەکرێت تا لەکاتی ڕووبەڕوبوونەوەی هەرهەڕەشەیەکی دەرەکیدا بەرگری بکەن. لەناوخۆشدا شوراکان بۆ پاراستنی سەلامەتی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و ئارامی خەڵک لە ئاستی گەڕەک و شارەکاندا، تەشکیلاتی پسپۆڕ بەپێی یاسا و ستانداردێکی ئینسانی بۆ بەرگرتن بە تاوان و پشێوی ڕێکدەخات و ئەم ئەرکەیان پێ دەسپێردرێت. بێگومان ئەندامانی ئەم هێزانە حیزبی نین و سەر بە دەوڵەتێکن کە بە دەست جەماوەر خۆیانەوەیە. جیاوازیەکەشی لەوەدایە کە ئەم هێزانە یەکەم هیچ ئیمتیازێکی سیاسی و داراییان نییە و وەک هەر کرێکارێکی ماهیر کاردەکەن و بەو پێیەش لە داهاتی کۆمەڵگە بەهەرمەند دەبن. دووەم، یاسا و ڕێسایەک کە ئەم هێزانە دەبات بەڕێوە پارێزەری مافی ئینسانی و هەقی ژیان و سەلامەتی گیانی وماڵی هاووڵاتیانە. لە کاتێکدا میلیشیای حیزبی لە نمونەکانی ئێستا، بە حوکمی پارە و وەرگرتنی ئیمتیازات و ڕوتبەکانیان بەڕێوەدەچن و وەزیفەی بردنە پێشەوەی سیاسەت و بەرژوەندی حیزبەکانیان لە ئەستۆیە و ئامادەن بۆ سەرکوت و کوشتاری نەیارانی خۆیان جا ئەگەر حیزبێکی نەیار بن یان خەڵکێکی ناڕازی بن بەو حیزبە، جەنگێکی خوێناوی بەرپا دەکەن.
لەیەک وتەدا ئەگەر لەو بنەمایەوە بڕوانین کە دەسەڵاتی شورایی دەور و

ئیرادە و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەگەر حکومەتی شورایی بەکردەوە دەرهێنانی بڕیار و ئیرادەی جەماوەری هوشیار و ڕێکخراوە لە دەوری ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران دەپارێزێت، ئەوا دابینکردنی ئەمنیەت بۆ کۆمەڵگەش لە ئەستۆ دەگرێت و هیچ پێویستییەکی بە سوپای پیشەیی و میلیشیای حیزبی نامێنێت و بگرە کۆتایی بەم جۆرە پێکهاتانە دێنێت.

# حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان: ئامانج و سیاسەتەکانی

**٤٣/ ئامانج و دروشمی سەرەکی حیزب چییە؟**

**خەسرەو سایە:** ئامانجی حیزب هەڵوەشاندنەوەی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستییە. کۆمەڵگەیەک کە چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە کۆتایی پێدێنێت و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان مەیسەردەکات و ئیرادەی بەکۆمەڵی ئینسانەکانیش دەکاتە سەرچاوەی بەڕێوەبردنی هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکان. بێگومان لە کەنار ئەم ئامانجە سەرەکیەوە و تا ئەو کاتەی ئەم ئامانجە بەدیدێت، حیزب تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی هەر ئاستێک لە باش بوونی دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش. دروشمی سەرەکی حزبیش، بریتیە لە: "ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری"، کە ئەم ئامانجە بە کورتی و لە چەند وشەیەکدا بەیان دەکات.

لە ئێستادا هەموو ڕەوت و حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، ڕەوتە بۆرژوا ئیسلامی و لیبرڕاڵ و دیموکراتخوازەکان داکۆکی لە سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد دەکەن. سەرجەمیان پارێزەری سیستمی کاری بەکرێ و دابەشبوونی کۆمەڵگەن بەسەر کرێکار و سەرمایەداردا و بەم یان بەو شێوەیە، ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی و سیستمی سیاسی و ئابوری ئێستای

کوردستان، کە سەرچاوەی هەموو نایەکسانی و جیاکاری و ستەم و چەوسانەوەیەکە، بە دەستکەوتی "گەلی کورد" دەزانن. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دروشمی "ئازادی و یەکسانی و حکومەتی کرێکاری" لە جەرگەی بردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دژی چینی بۆرژوازی و ڕەوتەکانی بەدەستەوە گرتووە و وەک بەدیلێک بۆی تێدەکۆشێت. ئەگەر بەکورتیش لەبارەی ئەم دروشمەوە قسەیەک بکەین ئەوا:

"ئازادی" یانی ڕزگاربوونی تەواو لە هێز و دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایە و سەرمایەداری، یانی ڕزگاربوون لە هەرچی پەیوەندی و هەرچی دامودەزگای سەرکوتگەر و دیلهێنەری کۆمەڵگەی بۆرژوازیی، یانی ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی کرێگرتە. "ئازادی" یانی ڕزگاری لە کۆتوبەندی چینایەتی و لە سەرکوت و دەزگای سەرکوتگەریی دەوڵەتی بۆرژوازی، ڕزگاری لە بێمافی سیاسی و کۆتوبەندی فەرهەنگی، ڕزگاری لە داوی ئایین و لە بیروڕا و یاسا کۆن و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی ئێستا، ڕزگاری لە چەوسانەوەی ئایینی، نەتەوەیی و نەژادی، ڕزگاری لە هەژاری و کوێرەوەری، لە نەزانی و خورافات و بە گشتی ڕزگاری لە هەموو هەڵاواردن و مەینەتیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری.

"یەکسانی" نەک هەر تەنها بە مانای یەکسانی حقوقی و قانوونی، یان یەکسانی هەموو هاووڵاتیانی کۆمەڵگە، بەجیا لە هەر نەتەوە و نەژاد و ڕەچەڵەکێک کە هەیانبێت، بەڵکو بە مانای یەکسان بوونیانە لە ئیمکاناتی ماددیدا، یەکسانی لە دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی گەشە و هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی. بە مانای یەکسانیە لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەچووندا. یەکسانیە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. بە مانای بەهرەمەندبوونە لە داهات و توانا ماددی و مەعنەویەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، لە خەباتدا بۆ زاڵبوون بەسەر هەر چەشنە دواکەوتوویی و کەموکوڕیەکدا. یەکسانییەک تەنیا ئەو کاتە بەدی دێت کە خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بکرێتە

خاوەنداریێتی گشتی و هاوبەشی هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن.
"حکومەتی کرێکاری" یانی حکومەتی چینایەتی کرێکاران، یانی حکومەتی چەوساوەکان و بەرهەمهێنەرانی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵ دژ بە چەوسێنەران، حکومەتی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ کۆیلەی کرێگرتەن و سبەینێ هەموو کۆمەڵ ڕزگار دەکەن، حکومەتی ئەو کەسانەی کە بناغەی هەبوون و سەروەتی کۆمەڵگە لەسەر کار و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان دامەزراوە. حکومەتی کرێکاری یانی حکومەتێک کە بەرنامەی چینی کرێکار بۆ گەیشتنی کۆمەڵگە بە ئازادی و یەکسانی کامڵ و هەمەلایەنە بەڕێوە دەبات و لەبەرامبەر چەوسێنەران و پارێزەرانی هەژاری و کوێرەوەری و نەزانی و دواکەوتویی و هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاکاریدا ڕادەوەستێت. ئەم حکومەتە پشتبەستووە بە هێزی ڕێکخراوی کرێکاران و جەماوەری چەوساوە لە شوراکانی خۆیاندا و بڕیار و دەسەڵاتەکانیشی لێرەوە سەرچاوە دەگرن.*

**٤٤/ دەڵێن "حیزبایەتی بە مانای سڕینەوەی تایبەتمەندی و ئازادیە فەردیەکانی تاکە"، دەڵێن "ئینسانی حیزبی بێئیرادە و گوێڕایەڵ و کۆیلەی حیزبە و خۆی هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆی نییە". ڕاتان لەسەر ئەم بۆچوونانە چییە؟ چەندە لە ناو ئێوەدا ماف و ئازادی و ئیرادەی تاک پارێزراوە؟**

**فواد سادق:** بە پێچەوانەوە لە حیزبی ئێمەدا مافە فەردیەکان پارێزراون و پاڵپشتی ماف و ئیرادەی سەربەخۆی تاکەکانە. بۆیە پێم وابێت ئەم جۆرە پرسیارانە زیاتر لە لایەن کەسانێکی ڕۆشنبیری ناکۆمەڵایەتی و ناحیزبیەوە دەکرێت کە نەک هەر هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی نین، بگرە لە ناوەڕۆکدا لە دژی حیزبیەت و کاری بەکۆمەڵی حیزبایەتین. ئەمانە کە نایانەوێت دەرکی

* مەنسور حیکمەت، وتاری: "ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری"
http://hekmat.public-archive.net/index.html

کاری حیزبی و ڕۆڵی ڕێکخراوبوونی حیزبی لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا بکەن، پێیان وایە سیاسەت کردن کۆبوونەوەیە لە یانەیەکدا، کە هیچ جۆرە پابەندبوون و دیسپلینێکی نەبێ، بۆیە نایانەوێت پابەند بن بە کاری پێکەوەیی و بەکۆمەڵەوە. باسی "ئازادی تاک"یش پاساوێکە بۆ ئەم هەڵوێستەیان. بەڵام بەپێچەوانەوە، چینی کرێکار بۆ گۆڕینی دۆخی سەراپا لە ستەم و چەوسانەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران، پێویستی بە سازدان و ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆ ئەمەش پێویستی بە حیزبی چینایەتی خۆی هەیە. بێگومان حیزبێکی ئاواش کاری پێکەوەیی، ڕێکخستن و هاوفیکری و پابەندبوون و دیسپلین دەخوازێت و دەیخاتە دەستوری هەر ئەندامێکیەوە.

بەڵام دیوێکی تری ئەم پرسیارە نیشاندەری هەقیقەتی کۆمەڵێک حیزبە لە کوردستان، کە لە دەسەڵاتدان یان خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناوزەد کردووە. ئەم حیزبانە کە "ئەندام" تیایاندا، بێئیرادە و ملکەچە لەبەردەم "بنەماڵە و سەرکردەکانی شاخ و شار"دا و لێرەشەوە وێنای حیزبی گەندەڵ، بەرژەوەندیخواز، ئینتهازی و بێ پرەنسیپ و کۆمەڵێک سیفاتی خراپی تریان بە حیزب و کاری حیزبایەتی بەخشیووە، لە بنەڕەتەوە ئەحزابی چینە داراکانی کۆمەڵگەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستا بەسەر کۆمەڵگەدا و زامنکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان. ئەوان کارنامەیەکی سەراپا سەرکوتگەر و چەواشەکاری و ستەمگەریان پەیڕەو کردووە و خەڵکیش هەقیەتی کە بە دیاردەیەکی خراپ وەسفیان بکات. بەتایبەتیش ئەم حیزبانە کە خەڵکیان بێئیرادە کردووە و ڕۆژانە بە ناوی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانەوە قسە دەکەن و خۆیان دەناسێنن، کەچی لەولاوە دەسەڵات و داهاتی کۆمەڵگەیان قۆرخ کردووە، بەدڵنیاییەوە ئەندامبوون و بەرپرسیارێتی لەم جۆرە حیزبانەدا، بۆ بەدەستهێنان و شەریکبوونە لەم تالانچێتی و گەندەڵییەدا. ئەمەش نەک هەر هیچ جێگەیەک بۆ پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و خەباتکارانە ناهێڵێتەوە، بەڵکو ملشکاندنی یەکتر و پیلانگێڕی و سەرکۆنە و ملکەچ پێکردنی ئەندام بۆ

بەرپرسان و بەرپرسانیش بۆ بنەماڵەی دەسەڵاتداری لێدەکەوێتەوە.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە جێگەیەکە بۆ کۆبوونەوەی ئازادانە و هوشیارانەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و خەباتگێڕانێک کە خەبات دەکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان، ئامرازی گێڕانەوەی ئیرادە و جەسارەتە بۆ ئەندامەکانی. حیزبێکە کە سیاسەت و بەرنامەی کاری پشتبەستووە بە پرەنسیپە ئینسانیەکان و لە بنەڕەتەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەر حیزبێکی بۆرژوازیدا. هەر بۆیە پەیوەندییە دەرونییەکانی، بەدەرە لە هەر ئیمتیازاتێکی شەخسی. تەنانەت ئەو ئەندامە لەوانیتر لەپێشترە کە باشتر و زیاتر ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام دەدات و بە پرەنسیپەکانی حزبەوە پەیوەستە.
تا ئەو جێگەیەی کە بە ماف و ئازادی تاکەکەسی دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە بۆ حزیبی ئێمە لە ئاست کۆمەڵگە و لە بەرامبەر دەسەڵاتدا مانای هەیە و لە ناوخۆی حیزبیشدا، مادام حیزبی ئێمە ئیرادەی ئازادانە و بەکۆمەڵی کەسانێکە کە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش تێدەکۆشێت، جێگەی نییە.

## ٤٥/ هەیکەلەی ڕێکخراوەیی حیزب چۆنە و چۆن بڕیارەکانی یەکلایی دەکاتەوە؟

**فواد سادق:** بەوجۆرەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە "بنەماڕێکخراوەییەکان"دا خۆی وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسیستی پێناسەکردووە کە تێدەکۆشیت بۆ ڕێکخراوکردن و ڕێنوێنیکردنی چینی کرێکار بە مەبەستی ئەنجامدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی، شێوازێکی لە ڕێکخستن بڕیارلێداوە کە هاوسەنگە لەگەڵ ستراتیژ و ئامانجەکانیدا. هەیکەلەی ئەم شێوازە ڕێکخستنێکی هەرەمی و ستونییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە کە کۆمەڵێک پلەبەندی ڕێکخراوەیی لەخۆدەگرێت. شانەی ئەندامان کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاراندا پێکدێت، یەکەی بناغەی پەیکەری حیزبە. کۆمیتە محەلییەکانی حیزب هەریەکەیان بردنەپێشەوە و ڕێنوێنی

کردنی هەڵسوڕانی حیزبی لە ناوەندێکی جوگرافی دیاریکراودا لە ئەستۆیە و لە ئاستە جیاجیاکاندا پێکدێن، واتە کۆمیتەی شوێنی کار و ژیان، کۆمیتەی شار و ناوچەکان. لەسەرو ئەمانیشەوە کۆمیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەی حیزبدا هەڵدەبژێردرێت، گشت چالاکییەکانی حیزب لە ئاستی سەراسەریدا ڕێکخراو و ڕێنوێنی دەکات.

جگە لەم ڕێکخراوە هەرەمییە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ بردنەپێشەوەی کار و هەڵسوڕانەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا، چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی ناوچەیی و محەلیدا، بەپێی پێویستیی کۆمەڵێک ئۆرگان و ڕێکخراو و دەزگای پسپۆر پێکدێنێت، وەک دەزگای چاپەمەنی، ڕاگەیاندن و فێرکردن، گۆڤار و ڕۆژنامە، شەبەکەکانی پەیوەندی کردن و شتی تر کە لەژێر چاودێری ئەو کۆمیتانەدان کە پێکیانهێناون.

هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ فراوان کردنی نفوزی خۆی لە ڕێکخراوە ناحیزبییەکاندا، لەوانەش سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان، کار دەکات و هەوڵ بۆ پێکهێنانیان دەدات.

کۆنگرەی حیزب باڵاترین ئۆرگانی ڕابەریی حیزبە و لانی کەم هەر دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت. کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حیزبییەکان پێکدێت کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵدەبژێردراون. کۆنگرە جگە لەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت، تا کاروباری حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەدا لە ئەستۆ بگرێت، هاوکات بڕیاریش لەسەر هەموو لایەنە سیاسی و عەمەلیەکانی حیزب دەدات. کۆنگرە بە هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە نوێنەرانی سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزب پێکدێت. سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزب خاوەنی کۆمیتە یان بەرپرسی خۆیانن، کە لەلایەن خودی ئۆرگانەکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

یەکلاییکردنەوەی بڕیارەکانی حیزب لە هەر ئۆرگانێکدا، بەوجۆرەیە کە ئەندامان لە کۆبوونەوەکاندا لەسەر بابەتەکە قسەوباس دەکەن و دەنگی لەسەر دەدەن و بەڕای زۆرینە پەسەند دەکرێت و دەکرێتە بنەمای کارپێکردن. بەم جۆرەش دەخاڵەتی ئازادانە و ڕاستەوخۆی ئەندامان لە

یەکلایکردنەوەی بڕیارەکاندا، لە هەر کۆمیتە و ئۆرگانێک بە شێوەیەکی دیموکراتی بەڕێوەدەبرێت. بێگومان لەم چوارچێوەیەشدا، کەمینەیەک کە ڕای جیاوازی دەبێت، مافی ئەوەی هەیە کە بە بۆچونەکانی خۆیەوە بمێنێتەوە و بۆ کردنی بە ڕای زۆرینە، هەوڵبدات و تێبکۆشێت، تەنانەت داوا دەکات لە حیزب و ئەو ئۆرگان و کۆمیتەیەی کاری تێدادەکات، مەوازنێک دیاری بکرێت بۆ سودوەرگرتن لە ئیمکاناتەکانی حیزب و گەیاندنی بۆچونەکانی خۆی بە ڕیزەکانی حیزب. تا ئەو کاتەش کە ئەم پرۆسەیە هێشتا نەبۆتە هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو بڕیارەدا، هەمووان و پابەند دەبن بە بڕیارەکەوە ولەلایەن هەموانیشەوە پیویستە جێبەجێ بکرێت.

**٤٦/ سەرچاوەی داهاتی مالی (دارایی) ئێوە چییە و چۆن دابینی دەکەن؟ هیچ بودجەیەک لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن؟**

**خەسرەوسایە:** بە دڵنیاییەوە کەمی داهاتی مالی حیزب، یەکێکە لە بەربەستە سەرەکیەکانی بەردەم هەڵسوڕانی حیزب و بۆتە هۆکارێک کە حیزب نەتوانێت مەودای هەڵسوڕانی خۆی بەرین بکاتەوە و دەستبەرێت بۆ چەندین پڕۆژە لە مەیدانی هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەریدا. لە ئێستادا کە حیزب لە هیچ دەوڵەت و کۆمپانیایەک کۆمەک وەرناگرێت، پشتی بە ئابونەی ئەندامێتی و ئەو کۆمەکانەی کە لە دۆستان و لایەنگرانی حیزبەوە کۆدەکرێنەوە، بەستووە. هاوکات کادران و ئەندامانی حیزب بە خۆبەخشانە کارەکانی حیزب دەکەن. بەم حاڵەوە حیزب توانیویەتی، خەرجی مانگانەی ئۆفیس و سایتی حیزب و دەرکردنی بڵاوکراوەکان و هاتوچۆی ئەندامانی ڕابەری و بەشێک لە خەرجی هەڵسوڕانی ئۆرگانەکان دابین بکات و هەندێک کۆمەکیش بە ژیانی ژمارەیەک لە کادرەکانی بکات. بەم جۆرەش بەردەوامی هەڵسوڕانی حیزب لەو ئاستەی کە هەیە زامن بکات. دیارە ئەو داهاتەی کە حیزب لەبەردەستیەتی لەچاو ئەو کارەی کە دەبێ بیکات هەرگیز بەراورد ناکرێت و یەکجار کەمە. ئەوەش بڵێم کە بە مەبەستی دابین کردنی شەفافیەتی مالی و داهاتەکان و چاودێری و

پێداچوونەوە بە سەرجەم داهاتەکانی حیزب و چۆنیەتی سەرفیکردنیاندا، لە کۆنگرەکانی حیزبدا ڕاپۆرتی مالی دەخرێتە بەردەم نوێنەران و ئامادەبوانی کۆنگرە و ئەوانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.
تا ئەو جێگەیەی کە بە وەرگرتنی بودجە لە حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کە حزبێکی مۆڵەت پێدراوە و بەپێی یاسای ئەحزاب لە هەرێم هەر حزبێک مۆڵەتی پێدرابێت، مافی هەیە داوای بودجەیەک لە حکومەت بکات. بەڵام حزبی ئێمە لە لایەک بەهۆی ئەوەی کە ئەوە حکومەت نییە بەپێی یاساوڕێسایەکی قانونی، بودجە بە ئەحزابە مۆڵەتپێدراوەکان بدات، بەڵکو ئەوە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارە، کە بەپێی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان و لایەنگری بۆیان "بودجە" دەدەن. هەر کاتێکیش هەر حزب و لایەنێک لە دژیان قسەبکات و لە بازنەی لایەنگری بۆ دەسەڵات دەربچێت ئەوا "بودجە"کەی دەبڕن یان دوای دەخەن. لەلایەکی تریشەوە، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بودجەی ئەحزابیان گۆڕیوە بە مەیدانێکی گەندەڵی و تاڵانچێتی لە داهاتی کۆمەڵگەدا. ئەم دوو حیزبە کە مانگانە و ساڵانە بە ملیاران دۆلار سەرفی بنکە و بارەگا و هێزی چەکدار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان و تەعین کردنی ئەندامانیان دەکەن، کەچی لە دەرەوەی پێوانەیەکی قانونی و بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان ئەگەر بڕێک پارە وەک سەدەقە بەناوی "بودجەی ئەحزاب"ەوە بە لایەنەکانی تر بدەن، ئەوا ناکاتە ئەوەی کە حکومەتی هەرێم بودجەی ئەحزاب دەدات. بۆیە ئێمە نەک هەر نامانەوێت لەم زەلکاوەدا بەشداری بکەین و ئیرادە و بڕیار و خەباتی شۆڕشگێڕانەمان تەسلیم بەم دۆخە و بە ئەحزابی دەسەڵاتدار بکەین، بگرە وەرگرتنی "بودجە" بە تێوەگلان لە گەندەڵی و دزینی داهاتی خەڵک دەزانین. لەم پەیوەندیەدا کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە یەکێک لە پلنیۆمەکانیدا، بڕیاریدا کە تا ئەم دۆخ و شێوازە لە دانی بودجە بە حیزبەکان لە ئارادا بێت، هیچ بودجەیەک لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرێت و ڕەتی بکاتەوە.

### ٤٧/ پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان چۆنە؟

**خەسرەوسایە:** سەرەتا دەبێ مانا و مەبەست لە "پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکاندا" دیاری بکەین. بەتایبەتی کە حیزبی ئێمە دانیشتن و کۆبوونەوە و گفتوگۆ و پەیوەندگرتن لەگەڵ حیزبەکانی تر، بە ئەحزابی نێو دەسەڵاتیشەوە، لەگەڵ پەیوەندی بە مانای نزیکایەتی سیاسی و هاورێبازی، لەیەک جیادەکەینەوە. لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا کە بە دەیان حیزب و دامودەزگای حکومی لە ئارادایە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هەر حیزب و لایەنێک، تەنانەت لەگەڵ دامودەزگا قانونی و حکومیەکان کە بوونەتە ئەمری واقع بەسەر کۆمەڵگەوە، ناچارە بۆ چارەسەرکردن و وەڵامدانەوە بە مەسەلە قانونی و سیاسیەکانی خۆی و کێشەکانی خەڵک ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆ و پەیوەندیگرتن بێت. دیارە ئەمەش بەو جۆرەی کە ڕەوتی خەباتی خەڵکی ناڕازی و دەرگیربوونیان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و لایەنەکان لە ئاستی جۆراوجۆردا دەیخوازێت و دەیهێنێتە پێشەوە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە مانای نزیکایەتی سیاسی و فیکری لەگەڵ ئەحزابەکانی ناو کوردستان، بەوجۆرەی کە باوە نییە. بەتایبەتی نەریتی باو لە هەبوونی پەیوەندی نێوان حیزبەکاندا وایە کە کاتێک دەکەونە پەیوەندییەوە بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژ و ئیمتیاز وەرگرتن لە یەکتر بە زمانی حیزبی برا و هاوبەشێتی لە مێژوی خەبات و هاوچارەنوسی یەکتر، دەدوێن و هەر جیاوازی و ناکۆکیەکی سیاسییان هەبێت دایدەپۆشن و دەیخەنەلاوە. ئەحزابەکانی کوردستان کە باس لە یەکڕیزی کورد و خەباتی شاخ و شار دەکەن و دەڵێن ئەزمونەکەمان یەکە و هەموومان قوربانیمان بۆ داوە، بەڵام کاتێک سەرنج لە پەیوەندی نێوانیان دەدەین، لەسەر ناڕاستی و بەرژەوەندی دامەزراوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە دەرەوەی ئەم نەریت و شێوازەی پەیوەندی نێوان حیزبەکاندایە و هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵیدا نییە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە خاوەنی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە و ئاشکرا و هوشیارانەیە لە دژی دەسەڵات و سیستمی ئێستا، نەک هەر ناچێتە ئەم جۆرە پەیوەندیانەوە لەگەڵ ئەحزابەکانی کوردستاندا، بەڵکو دامەزراندنی پەیوەندی

لەم ئاستەدا بە ژیانی ڕیزی سەربەخۆ و شەفافی چینایەتی دەزانێت و خەبات لە دژی بە ئەرکی خۆی دادەنێت. بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان ڕیزێک لە ئەحزابی قەومی و ئیسلامی و خۆ بە شیوعی زان دەبینین کە هەریەکەیان بەم یان بەو ڕادەیە، دەستیان لە کارەسات و ستەمگەری و ئەو دۆخە پڕ لە نەهامەتیەدایە کە ژیانی خەڵکی کوردستانی هاڕیوە. ئەم حیزبانە ئەگەر ناکۆکیشیان لەنێواندا هەبێت و داوای گۆڕانکاریش بکەن، بەڵام دوور و نزیک لە بەرژەوەندی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان کارناکەن.هەموویان لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە کە مانەوە و پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی کورد، بەئەرک و ئەزموونی خۆیان دەزانن و خەبات و شۆڕشکردن لە دژی بە خەتی سوور و ئاژاوەگێڕی ناودەبەن. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هیچ پەیوەندیەکی بە مانای نزیکایەتی سیاسی لەگەڵیاندا نییە.

**٤٨/ مەرجەکانی بە ئەندام بوون لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا چییە؟ کێ دەتوانێت ببێتە ئەندام؟**

**فواد سادق:** ئەندامبوون لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا، هەم دڵخوازانەیە و هەم سادەیە. واتە هەر کەسێکی سەرووی تەمەنی ١٦ ساڵی، چ ژن بێت چ پیاو، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزب. یەکەمین هەنگاویش بۆ بوون بە ئەندام لە حیزبدا بە پڕکردنەوەی فۆڕمی داوای ئەندامێتی دەست پێدەکات، کە مەبەست لێی پێشکەشکردنی داوای ئەندامێتییە لەلایەن کەسەکەوە. بنەمای بوون بە ئەندامیش لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا، بەسادەیی ئەوەیە کە کەسەکە خۆی بە شەریک و لایەنگر لە ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب بزانێت و بەگوێرەی توانای خۆشی لە چالاکییەکانی حیزبدا بەشدار بێت.

لە ئەستۆگرتنی کار و بەرپرسیارێتی بۆ ئەندامانی حیزب ئازادانەیە. هیچ کەسێک بەزۆر بۆ هیچ کارێکی حیزبی ڕاناسپێردرێت و بەرپرسیارێتی پێنادرێت ئەگەر خۆی ڕەزامەندی لەسەر نەبێت. حیزب پشکنینی فیکری و

ئایدیۆلۆژیا ناکات و ڕادەی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕێتی بۆ هیچ کەسێک ناپێوێت.
ئەندامێتی لە حیزبی ئێمەدا بڕیار نییە ڕێگری لەبەردەم هیچ بەرپرسیارێتییەکی ڕۆژانەی ئەو کەسەدا دابنێت کە لە کۆمەڵگەدا بۆ خۆی داناوە لە کار و بژێوی ژیان و بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی. چاوەڕوانیش لە ئەندام لە حیزبدا ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ وە بە شێوەیەکی ڕێکخراو وەک ئەندامی واقعی حیزبێکی سیاسی لە چارەنووس و ژیانی سیاسی حیزبدا بەکۆمەڵ بەشداری بکات، لە کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوە گشتییەکان بەشدار بێت و دەوری هەبێت لە بردنە پێشەوەی بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزبدا.

**٤٩/ بە چ ئەندامێکی حیزب دەوترێت کادر و چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەندامی سادەدا؟**

**فواد سادق:** کادر بەو ئەندامەی حیزب دەوترێت کە لە ڕێگەی دانان یان هەڵبژاردنەوە لێپرسراوێتییەکی حیزبی لە مەیدانێکی دیاریکراودا لە ئەستۆ دەگرێت. هەڵسوڕان وەکو کادری حیزب، جگەلەوەی دەبێت کەسەکە کاتێکی زیاتر لە ئەندام بۆ کاری حیزبی تەرخان بکات، هاوکات دەبێت ئەو مەوازین و دیسپلینانەی کە بۆ ئەو لێپرسراوێتییە حیزبییە دیاری کراوە، قبووڵ بکات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە، کە ڕێکخستن و ئۆرگانەکان بۆ کاری خۆیان پەسەندیان کردووە، پابەندبوونی زیاتر لە کادرەکە دەخوازێت بە بەروارد لەگەڵ مەوازینی گشتیی چاودێر بەسەر ماف و ئەرکی ئەندامامندا.

**ئەم نووسراوانە هەر ئێستا بەردەستن!**

١/ ڕێبوار ئەحمەد: مەلەکردن بەپێچەوانەی شەپۆل/ دوو بەرگ

٢/ مەنسور حیکمەت: بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

٣/ گۆڤاری دیدگای سۆسیالیستی – گۆڤارێکی سیاسی فکرییە/ لەژمارە(١) وە بۆ ژمارە(١٥).

٤/مستەفا باهیر: شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مێژووی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لەڕوسیا.

٥/ جەبار مستەفا: خەباتی ئابوری چینی کرێکار.

٦/ کاوە کەریم: مارکس و تیۆری نامۆیی.

٧/ کاوە کەریم: توندو تیژی لەکۆمەڵگای چینایەتیدا.

٨/ کاوە کەریم: سەبارەت بەدیالێکتیکی سرووشت.

٩/ عوسمانی حاجی مارف/ ڕێبوار ئەحمەد: حیکمەتیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری

١٠/ موحسن کەریم: لێکدانەوەی دانیشتنەکانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا.

١١/ ڕێبوار ئەحمەد: ئامانجەکان و ئاستەنگیەکان/ کۆمەڵێک وتارو گفتوگۆ.

١٢-تەمەنێک تێکۆشان/ لەبارەی ژیاننامەی هاوڕێ جەبار مستەفاوە.

١٣/ منصور حكمت: خصائص تطور الانظمة الرآسمالية التابعـة / عربی.

١٧-کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ پەیام و بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم نووسراوانە وگەلێک بابەتی تر، دەتوانن سەردانی نوسینگەی ڕادیۆی پێشەنگ لەسلێمانی، تەنیشت نوسینگەی کۆنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی/ نزیک باخی گشتی، بکەن. وەیا لەڕێگای ژمارە تەلەفونی: ٠٧٧٠١٥١١٠٤٣ پەیوەندی بگرن.

هەروەها لەڕێگای سەردانی کردنی مێزکتابی حزبەوە، ئەم نوسراوانە بەردەستن. (هەموو ڕۆژانێکی چوار شەممان، کاتژمێر ٥ی ئێوارە، بەردەم باخی گشتی/ سلێمانی).

**سەردانی سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بکەن و چەندین کتێب و نامیلکە لەئەدەبیاتی مارکسیستی و کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەفۆڕماتی پێدی ئێف دابگرن:**

**www.hkkurdistan.org**

ئامانجی ئەم نامیلکەیە ناساندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و دیدگا و ئامانج و سیاسەتەکانیەتی، لەڕێگای وەڵامدانەوە بە کۆمەڵێک پرسیارەوە کە لە مەیدانی جۆراوجۆر و لە بۆنەی جۆراوجۆردا ڕووبەڕووی کادران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کراونەتەوە. پرسیارەکان لەلایەن ژمارەیەک لە کادرانی حیزبەوە وەڵامدراونەتەوە. مەبەستمان بووە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت و بەزمانێکی سادە و لە چوارچێوەی سیاسەتە پەسەندکراوەکانی حیزبدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرپرسیارێتی وەڵامەکان لە ئەستۆی ئەو هاوڕێیانەدایە کە وەڵامیان داونەتەوە. ئەمە بەتایبەتیش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕاستە کە بوونەتە هۆی وروژاندنی هەندێ مەسەلەی سیاسی و تیۆری کە هیچ پەسەندکراوێکی حیزبی لەبارەیانەوە نییە، نەک هەر ئەمە بگرە لە ئەدەبیاتی تائێستای حیزبدا ڕەنگە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەوترابێ. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە وەڵامدانەوەی بەشێک لە پرسیارەکان قسەوباس و مشتومڕی زیاتری فکری و تیۆری دەخوازێت، بەڵام بۆ پابەندبوون بە ئامانجی نامیلکەکەوە هەوڵدراوە ئەوەندەی بکرێت وەڵامەکان کورت بن. شەنوکەو و وەڵامی تێروتەسەلی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە دەرەوەی ئامانجی ئەم نامیلکەیەوە و دەبێ لەدەرفەتێکی دیکەدا ئەنجام بدرێن.

**لە بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ٢٠٢٣**